

# شەهید فەرەیدون جوانڕۆیی

## بە شکۆوە فەزڵی جوامێریی بە نەمرێتی سپارد

**ماڵئاوایی شەهید (فەرەیدون جوانڕۆیی) بەرەو دوا مەنزڵی جاویدانی، ماڵئاوایی سەردارێکە کە هەردەم لە پێشمەرگایەتیدا بۆ ئاوا نەبوونی نیشتمان بە نەبەزیی و گیان لەسەردەستانە دەجەنگا، ڕێگەی خەبات و تێکۆشان بۆ ئەم زاتە ڕێگەیەک بوو تا کۆتایی هەناسەکانیشی کۆتایی پێ نەهێنابوو، گۆڤاری گوڵان بە خەم و پەژارەیەکی قووڵەوە هەواڵی ماڵئاوایی ئەم شەهیدەی پێ گەیشت، بە ڕێزو حورمەتەوە سڵاو بۆ گیانی ڕەوانشادانەی شەهیدێکی دیکەی سەرکردە دەنێرین، ڕجاکارین لە خودای دلۆڤان.. شوێنی شەهید بەهەشتی بەرین بێت و ئەو فیکرو ڕێبازە مەزنەی بۆی تێدەکۆشا ببێتە ڕێچکەیەکی کۆڵنەدان بۆ نەوەکانی و خوا سەبووری کەسوکاری بدات و ورەی پۆڵاینی هەمیشەییش لە گیانی پێشمەرگە قارەمانەکانیی کە سەرپەرشتی دەکردن بهێڵێتەوە..**

# دانوستاندن لەپێناو چی؟!



د. جەعفەر ئیبراهیم ئێمینکی*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

لە هەرێمی کوردستان دانوستاندن لەنێوان لایەنە سیاسییەکان لە ئارادایە، گفتوگۆ بەردەوامە، لەناو رای گشتی هەرێمی کوردستان و دەرەوەش جێی بایەخە و بە شێوەیەکی بەرچاو، بەربڵاوە کە ئەم دانوستاندنە پەیوەستە بە پرسی سەرۆکایەتی هەرێم. ئەم بۆچوونە نەك هەر دوورە لە راستی بەڵکو پێچەوانەی راستییە. راستیەکەی ئەوەیە ئەم دانوستاندنە تەنیا لە پێناو دانوستانە، بە واتایەکی تر ئەم دانوستاندنە شێوازێکی ترە لە بەڕێوەبردنی ململانێیەکی مێژوویی لە نێو بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردستاندا.

ئەوەی لەناو دانوستاندنەکان باس دەکرێت رووخسارەکەیەتی، ئەوەی دەبیندرێت تەنیا وێنە رووکەشەکەیە و رووخساری وێنە راستەقینەکە نابیندرێت، کە بزووتنەوەی گۆڕان هەڵقوڵاوی ململانێیەکی مێژوویيە و هەمیشە لە دەرفەتی گونجاو دەگەڕێت بۆ ئەوەی زیاتر خۆی بەهێز بکات، ئێستاش بە تێگەیشتن بزووتنەوەی گۆڕان دەرفەتێکی مێژوویی لە بەردەمە، بۆ ئەوەی زیاتر هێز و دەسەڵات بەدەست بێنێت، ئەمەش ناکرێت بێ ئەوەی لە حکومەتی هەرێم پاشەکشە بکات، چونکە بزووتنەوەی گۆڕان نەهاتۆتە ناو حکومەت بۆ ئەوەی باری قەیرانەکان هەڵگرێت، بەڵکو هاتووە بۆ ئەوەی دەستکەوتەکانی بەش بکات.

لەو کاتەی حکومەتی هەرێم دووچاری قەیرانی گەورەی یەك لە دوای یەك هات، بزووتنەوەی گۆڕان بە دوای بەهانەدا دەگەڕا بۆ ئەوەی پاشەکشە بکات، ململانێ لای بزووتنەوەی گۆڕان دەرفەتە و نابێ لە دەست بدرێت بۆ ئەوەی زیاتر دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت.

پرسیار لێرە ئەوە نییە کەی پاشەکشە بکات؟ بەڵکو پرسیار ئەوەیە چۆن پاشەکشە بکات؟ تاوەکو زەمینەسازی بۆ نەڕەخسێ و لایەنی تریش لەگەڵیدا پاشەکشە نەکەن، بەتایبەتیش یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ئەوەی بە زەرەری ئەو نەشکێتەوە، بۆیە دەبێت قەیرانەکە قووڵتر و بەرفراوانتر بکات، هەرواشی کردووە، وەك دەبینین ئەوە ساڵێك زیاترە لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ وروژاندنی رای گشتی و هاندانی لایەنە سیاسییەکانی تر بۆ ئەوەی لە کاتی پاشەکشەکردن هاوبەشێك بۆ خۆی پەیدا بکات، لەو باوەڕەشدایە بێ یەکێتی نیشتمانی کوردستان ناتوانێ هەنگاوی لەو جۆرە بهاوێ، لەوەش دڵنیایە ئەگەر ئەو کارە بێ یەکێتی ئەنجام بدا، ئەوە فەشەل دێنێ.

لێرەدا فاکتەری سەرەکیی پلانی بزووتنەوەی گۆڕان، گرەوەکەی هەڵوێستی یەکێتی دەبێت کە هەرگیز ئاسان نییە و ئاسان نابێت وا بە سانایی بەدەستی بێنێت.

مێژووی خەباتی هاوچەرخی یەکێتی، بەتایبەتیش لە دوای جەنگی رزگارکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ دا، توانی بە حیکمەت و لێهاتوویی (مام جەلال) ئاشتەوایی لەگەڵ رابردوو دروست بکات و هاوبەشی بۆ دروستکردنی ئایندە دروست بکات کە پێمانوایە ئەو کردەوەیە لەخۆڕا نەهاتووە و هەموو سەرکردەیەکیش توانای ئەوەیان نییە ئەزموونی دەوڵەتداری بەدەست بێنن.

ئەوەی لە شیکردنەوەی رەفتارەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بەدی دەکرێ، بەتایبەتیش لە دوای پرۆسەی هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ ئەوەیە کە بزووتنەوەی گۆڕان جارێکی تر گەڕایەوە بۆ مێژوو، خۆی کردە ئەسیری ململانێیەکی مێژوویی کە لە ململانێی چینایەتی سەرچاوەی گرتووە، لە بۆچوون، لەخیتابی سیاسی، لە چۆنیەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، هەر ئەمە وایکردووە کە ئەو بزووتنەوەیە تەنیا بەو شەراکەتە رازی بێت، ئەوەی خزمەتی ململانێی مێژوویی گۆڕان بکات، دەبێت قازانجی لە شەراکەت مسۆگەر بێت، هەر بۆیە بە ڕەوای نازانێت لە ناو حکومەت بمێنێتەوە و هیچ دەستکەوتێکی نەبێت، لەمەش زیاتر گۆڕان پێ وایە لەم کات و ساتەدا ئەوەی سوودی لە حکومەتی هاوبەشی نیشتمانی وەرگرتووە (پارتی) بووە، بەتایبەتی لە بوارەکانی وزە،

ئاســـایش، لەشکری و سیاسی و دیپلۆماسی، هەر بۆیە پلانــــی بزووتنەوەی گۆڕان بریتییە لە زنجیرە هەنگاوی فشــــار و جووڵاندنی شەقام بەو ئاراستەیەی حکومەتی هاوبەشی نیشـــتمانی پەك بخات و لەئاكامدا هەرەسی پێ بێنێ. ئەمجارەشـــیان وەك جارانی پێشتر فشارەکان لە میدیا و شەقام بۆ ناو پەرلەمان دەستی پێکرد، بەڵام جیاوازییەکەی لەوەیە کە گرژییەکە بخرێتە ناو حکومەت و تەواوی دەسەڵاتی هەرێم و ئەوەی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێ دەرئەنجامی ئەو سیاسەتەیە. بۆیە پلانەکە وا نییە کە دانوستاندنەکان بگەنە ئەنجام، بەڵکو تەنانەت ئەو دانوستاندنەش بۆ ئەوە بەکار دێنن کارتێکی فشاری سایکۆلۆژی و سیاسی بێت بۆ زیاتر وروژاندنی خەڵك و بڵاوکردنەوەی بێزاری و نائومێدی و لە هەموو ئەو هەنگاوانەشدا ئەم جۆرە فشارە بەدی دەکرێت هەر لە ٢٣ی حوزەیرانەوە تا ١٩ ی ئاب.

بۆیە ئـــەم هەمواری یاســـای ســـەرۆکایەتی هەرێمە دەرگایەکە بۆ ئەوەی فشاری زیاتر بخرێتە سەر پارتی، ئەگەر نەشـــتوانن دەســـەڵاتی زیاتر بەدەست بێنن، ئەوا هەوڵ دەدەن ئەو دەســـەڵاتە زیادەی کـــە بە بۆچوونی خۆیان لە دەست پارتیدایە، نەمێنێت، ئەگەر لەم هەوڵەش هاوشێوەی بەدەستهێنانی پۆســـتی پارێزگای سلێمانی بێ، کە بزووتنەوەی گـــۆڕان نەیتوانی ئامانجی خۆی بپێکێـــت، ئەوە لە ناوەوەی خۆیدا دووچاری شـــڵەژانێك دەبێت و ئەگەری ئەوە هەیە بە گشـــت ئەو سیاسەتانەدا بچێتەوە کە پێشتر پەیڕەوی کردووە.

دیارە چاکســـازی لە سیســـتەمی سیاسی، یەکێك بووە لەو سیاســـەتانەی کە زیاتر باسی لێکراوە. پێشتر باسی چاکســـازی دەکرا کە پرۆســـەکە لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەســـت پێ بکات، وەك چۆن لە رووی زانستی پەیڕەو دەکرێت، پرەنسیپی (ئیســـتقرا) خوێندنەوەی پێشوەختی رەوتی رووداو و پێشـــهاتەکان بە یەکێك لە هۆکارەکانی هەموو پێشکەوتن و چاکسازییەك دادەنرێت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە دەبێت ئەم دانوستاندنە بۆ چاکسازی بێت، یان بۆ دەسەڵات و دەستکەوت؟ ئەگەر دانوستاندن بۆ چاکســـازی بوایە، دەبوایە پرۆســـەکە لە خوارەوە بۆ ســـەرەوە بووایە، نەك بەپێچەوانەوە، (ئەگەر بە خۆم خۆم چاك نەکەم، چۆن دەتوانم گەڕەکەکەم چاك بکەم؟)

ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان لەســـەر ئاســـتی پارێزگای هەڵەبجە و ســـلێمانی نەتوانێت هەنگاوەکانی چاکسازی ئەنجـــام بدات، کە لەوێ پێگەیەکی لە دەنگدەران هەیە، چۆن دەتوانێت قەناعەت بۆ منی هاووڵاتی دروست بکات کە مەبەستی لە سەرۆکایەتی هەرێم چاکسازییە؟

گریمان مەبەست چاکسازییە، بۆچی دەرفەت بە لیژنەی دەستووری نادرێت بە دانوستاندنی پرۆفیشناڵ و پیشەیی و زانستییانە ئەو چاکسازییە لە سیستەمدا ئەنجام بدات؟ ئەگەر مەبەســـت چاکسازی بووە، بۆ دەرفەتی زیاتر بە حکومەتی هاوبەش نادرێـــت بەرنامەی خۆی جێبەجێ بکات، کە هەمووشمان دەزانین هەنگاوی زۆر جدی و گرنگی هاوێشتووە ؟ ئەگەر ئەو هەنگاوانە پێویستییان بە پێداچوونەوە هەیە، چ کۆســـپ و رێگرییەك هەبووە تا چارەســـەری بکەین و چ پێویست دەکات قەیرانی تر دروست بکرێن؟

هەر کاتێك پرۆســـەی چاکسازی لەسەر بنەمای هزر و پرەنسیپ بێت، ئەوا ســـەرکەوتن بەدەست دێنێت، بەڵام ئەگەر لەســـەر بنەمای حەز و خواســـت و بەرژەوەندی لایەنێکی حزبی بێت، ئەوە غەدر لە پرۆسەی چاکسازیی دەکرێت کە پرۆسەیەکی پێویستە و داوایەکی راستەقینەی خەڵکی کوردســـتانە و ناکرێت مامەڵەیەکی وا میزاجی لەگەڵـــدا بکرێت و لە ناوەرۆکە راســـتەقینەکەی خاڵی بکرێتەوە.

دیارە میکانیزمی پەیڕەوکردنی پرۆســـەی چاکســـازی جیاناکرێتەوە لە خودی پرەنســـیپەکانی چاکســـازی کە دەبێت پرســـێکی وا دیموکراسی و مەدەنی بە شێوازێکی شارســـتانی و دیموکراسی چارەســـەر بکرێت، دوور لە سیاســـەتی خۆســـەپاندن و کودەتا و بە هەموو شێوازێك دەبێ بەرنامەیەکی نیشـــتمانی و پرسێکی ستراتیژی و گشتی بە پشتیوانی گشت هێزە سیاسییە سەرەکییەکان ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی لە بازنەی گومان و سەپاندن و کودەتا رزگار بکرێت.

ئەم پرسە راستە پرســـی زۆرینەی خەڵکە، بەڵام لەسەر شـــەقام و بە زمانی شـــەقام چارەســـەر ناکرێت، هەر بۆیە هەر هەڵێك بۆ چاکســـازی چ لەسیستەم و چ لە کارگێڕی، دەبێت لە قووڵایی بیروباوەڕەوە دەرچووبێت و بە کردار بسەلمێندرێت کە ئەو هەوڵانە تەنها دروشم نین، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەســـتە بە سیستەمی حوکمڕانی کە ئێستا بووەتە وێردی سەرزاری هەمووان.

لێرەدا جارێکی تر بە قەناعەتەوە دەڵێین، ئەم دانوســـتانە ئەوەندە پەیوەســـت نییە بە چاکســـازی لە سەرۆکایەتی هەرێم، ئەوەندەی پەیوەســـتە بە دووبارە دابەشکردنی هێز و دەســـەڵات لەنێو لایەنە سیاسییەکان. پێدەچێ هەندێك لایەن ئەم بارودۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان پێیدا گوزەر دەکات و بە دەست چەندین قەیرانەوە دەناڵێنێ، بە گونجاوترین دەرفەت بزانن بۆ ئەوەی داوای پشکی زیاتر لە هێز و دەسەڵات بکەن!

با وردتر باســـی بکەین، یەکێتی باســـی چاکســـازی

نەکردووە، بەڵام باســـی هێز و دەسەڵاتی زیاتر دەکات، کۆمەڵ و گۆڕان بە هەمان شـــێوە باسی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاتر دەکەن، هەر بۆیە دانوستانی راستەقینە لە پێناو هێز و دەســـەڵاتە و هەرگیز لە پێناو چاکسازی لە سیستەم نەبووە و بۆ سیستەمی سیاسی نییە!

بەڕاســـتی ئێســـتا ســـەدو یەك گومان دروســـت بووە کە زۆربەی داواکارییەکانی چاکســـازی، مەبەســـتی سیاسییان لەپشتەوەیە و لەپێناو چاکسازی نییە، ئێستاش ســـەدو یەك پرسیار دروســـت دەبێ بە هۆی ئەم پرسە، ئایا ئەوانەی داوای چاکســـازی دەکەن لە سیســـتەمی حوکمڕانیدا بۆ پرســـی ســـەرۆکایەتی لە ناو حزبەکانی خۆیان چ چاکسازییەکیان ئەنجامداوە، تاوەکو قەناعەت بـــە ئێمەمانان بکەن، کـــە رایەکـــی جیاوازمان هەیە. ئەمەش ئەو راســـتییە دەســـەلمێنێت کە ئەم دانوستانە دووبارەکردنەوەی دانوســـتانەکانی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و هیچی تر.

ئەگەر مەبەستمان بێ ئەم قەیرانەی ئێستا بنبڕ بکەین، دەبێت دووبارە ســـەرلەنوێ متمانە دروست بکەینەوە، ئەم دانوستاندنەی ئێستا بەڕێوە دەچن، ناتوانن ئەو متمانەیە دروســـت بکەن، دەبێت ئاشـــکرا تر باسی چاکسازی لە سیستەمی حوکمڕانیدا بکرێت. ئاگەر دروستکردنی ئەو متمانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ســـاڵی ١٩٩٢ یان بۆ ســـاڵی ٢٠٠٥ یـــان هەر قۆناغ و شـــێوازێکی تـــر، بۆ ئەوەی بتوانێت تەکان بە دانوســـتاندنەکان بدات و بە ئاڕاستەی چارەسەریان ببات، ئەوە پێویستە جارێکی تر شەپۆلێکی متمانـــە لە یەکتـــر وەرگرین و بە یەکتری ببەخشـــین. ئەگەر ئەم ئەرکە لە توانای هەموو هێزێکی سیاســـیدا نەبێت، بـــە تەئکید لە توانای -یەکێتی و پارتی- دایە، بۆیە پێویستە پێشـــوەختە هەموو گومانێك بڕەوێنین کە مەبەستی لە چاکســـازی دووبارەکردنەوەی رووداوەکانی نەوەتەکان و پێش نەوەتەکان نییە.

هەر بۆیە دەڵێین چاکســـازی بـــە هەموومان بە یەکەوە دەکرێـــت و بەچەنـــد لایەنێك ناکرێت، چونکە پرســـی سەرۆکایەتی هەر لە بنەڕەتەوە لە رووی یاسایی چارەسەر بووە و گرفتێك نەماوە پەیوەســـت بێ بە شەرعییەتەوە، بەڵام لە رووی سیاســـی پرســـەکە زیاتـــر ئاڵۆز بووە. ململانێی مێژوویی لەنێوان پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان دووبارە ســـەری هەڵداوەتەوە، ئەگەر ئـــەو ململانێیە بە رێککەوتنێکـــی جەنتلمانی، یان هەر شـــێوازێکی تر بە یەکجاری چارە نەکرێ، ئایندەیەکی نائارام لەپێشمانە و دەبێت وریاتر و وردتر خۆمانی بۆ ئامادە بکەین.

*جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

# چەمکی پرد وەک میکانیزمی بەیەکگەیشتن بۆ لەیەکگەیشتن



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

asidiq1962@yahoo.com

بە یەك گەیشتن هۆکارێکی گەورەی گۆڕینەوەی ئەزموونەکانی مرۆڤایەتییە لە ڕووی کەلتوورییەوە، چونکـــە لە کاتێکدا لە ڕووی بیرکارییەوە (یەك کۆ یـــەك دەکاتە دوو)، بەڵام لـــە ڕووی کەلتوورییەوە یەك کۆ یەك دەکاتە (ســـێ)، چونکە هەر یەکێك

ئەزموونێکەو لە بە یەکگەیشتنی هەردوو ئەزموونەکەدا زۆرجار ڕێگەیەکی نوێ دێتەئاراوە، یان ڕێگەی سێیەم و ڕای سێیەم لە دایك دەبێت.

لە بەیەکگەیشتندا باشترینی هەردوولا و هەردوو بۆچوونەکان موتوربە دەکرێن، بۆیە زیادەڕەویمان نەکردووە ئەگەر بڵێین زانستی گواستنەوە و گەیاندن هۆکاری یەکەمی پێشکەوتنەکانە، چونکە مرۆڤ کە جووڵەی کرد ڕێگەی پێویستە، لە ڕێگەشدا کەند و کۆسپ هەیە، لێرەوە مرۆڤ پردی دروست کرد .

دروستکردنی پردەکان سەرەتایەك بوو بۆ پەڕینەوە بۆ ئەو بەر، بۆ جیهانێکی دی، بۆ ئەزموونێکی دی، بۆ بەیەك گەیشتن و بۆ لەیەك گەیشتن .

گواستنەوەی مرۆڤ چ بە پێ بووبێت، یان دواتر بە ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەر و فڕۆکە و کەشتی، هۆکاری گەورە بوون لەم بوارەدا، گەیاندنیش لە داهێنانی تەلەفۆن، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ئینتەرنێت، ڕۆژنامە، گۆڤار، سایتی ئەلکترۆنی، ئیمێل، مۆبایل، کورتەنامە، ئێم ئێم ئێس و ڤیدیۆ کۆنفرانس و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و.. تاد، هەموو ئەمانە پردی نوێ بوون بۆ بەیەکگەیشتن لە پێناو لەیەکگەیشتندا .

پرد. لە مەترسیی کەند و دۆڵەکان دەمانپارێزێت، لە کەمکردنەوەی کاتی بەفیڕۆدراودا یارمەتیمان دەدات، لە کۆکردنەوەی تواناکان و گۆڕینەوەی ئەزموونەکانیشدا هاوکاریمان دەکات.

پردەکان. پڕکردنەوەی بۆشاییەکانن، نەهێشتنی کۆسپ و کەندەکانن، پەڕینەوەن بە سەر ڕووبار و ئاوەکاندا و، نەهێشتنی دیاردەی دابڕانن. لە هاتوچۆشدا بەرزەپردەکان مایەی سەلامەتی و بەریەك نەکەوتن و خێراتر بوونی هاتوچۆن. گەشتە ئاسایی و گەشتە زانستییەکانیش پردی گۆڕینەوە و بەدەستهێنانی شتی تازەن، ڕێك وەك ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکان کە پەڕینەوە ئەمبەر، شتی زۆریان زانی و ئەزموونی زۆر فێربوون. ئەمڕۆش ئێمە پێویستیمان بە جووڵەیە، جووڵەش ڕێگەی دەوێت، لە ڕێگەشدا پردێك، یان زیاتر پێویستن بۆ ئەوەی ڕێگە لە یەك دابڕاوەکان پێکەوە گرێ بدەن. لە ڕووی زەمانیشەوە ئەمڕۆیەکی گەش پێویستی بە پردێك هەیە لە نێوان ئەزموون و حیکمەتەکانی ڕابردوو، خەونەکانی ئایندەدا، دوور لە هەستیاری، دوور لە ترسان، دوور لە ڕق و کینە.

بۆ ناسینی هەر نەزانراوێك، یان نەناسراوێك، پەڕینەوە و بە یەك گەیشتنمان پێویستە، لێرەوە پرد وەك هۆکارێکە بۆ پەڕینەوە، دەرفەتێکیشە بۆ شتی نوێ و جیهانێکی نوێ.

ئێمە وەك کورد زۆرمان پێویستیی بە چەمکی پرد هەیە، چونکە لە ڕووی کەلتوورەوە چەندین ئەزموونی ناخۆشی مێژووییمان هەبووە، کە وایان لە پێشینانمان کردووە، پەندەکانیان ڕەنگدانەوەی ئەو ئەزموونانەیان بێت، وەك گوتوویانە: دووریی و دۆستی، ئەمە لە کاتێکدا زەحمەتە دۆستایەتی لە دوورەوە سەرکەوتوو بێت.

هەروەها لە ڕووی ژینگەشەوە، ساڵانێکی زۆر لێکدابڕان هەبووە، بە هۆی بوونی کەند و ڕووبار و چیا و بەرز و نزمی و ڕێبەندانی بەفر و باران.

ئەمە سەرباری جۆرێك لە بوونی دابەشکردنی دووانەیی لە ئەقڵی کوردیدا، وەك یان حەڵاڵ، یان حەرام، یان کافر، یان موسڵمان، یان نیشتمانپەروەر، یان خائین، یان من، یان تۆ و.. هتد.

ئەمە جگە لەوەی ئێمە ڕاستە زۆر تێکەڵین، بەڵام کەمتر تەباین، یەکدی زۆر دەبینین، بەڵام کەمتر گوێ لە یەکدی دەگرین.

زۆرجار بەو لۆژیکە کار دەکەین کە دەڵێت: کاتێك خۆم هەموو شتێکم هەیە، یان کە خۆم هەموو شتێك دەزانم، چ پێویستییەکەم بە ئەوی دی هەیە؟! زۆر جاریش لەو کەلتوورەدا ڕۆدەچین کە فێری نەکردین دان بە هەڵەکانی خۆماندا بنێین، چونکە تەنها فێری ئەوە بووین کە بڵێین: خەتا خڕە، بە سەر کەسەوە ناوەستێت، یان پیاو ئەو پیاوەیە کە لە قسەی خۆی پەشیمان نەبێتەوە، یان سواربوون عەیبێك و دابەزین دوو عەیبە!

کەواتە ئێستا چی بکەین بۆ بەهێزکردنی کەلتووری پرد بونیادنان و بەیەکگەیشتن؟

یەکەم: هەوڵدان بە دوای میکانیزمێك بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی سێیەم کە زۆربەی کات نزیکمان دەکاتەوە لە چارەسەر، چونکە سیاسەت زۆرجار پێویستیی بە چەمکی کۆمپڕۆمایز و نێوانیی هەیە، ئەمەش بە هۆی پردی بەیەکگەیشتنەوە دەبێت، چونکە لە بەیەکگەیشتندا باشترینی هەردوولا و هەردوو بۆچوونەکان موتوربە دەکرێن و ڕای سێیەم دێتەئاراوە.

دووەم: کارکردن بە بنەمای: بەیەکگەیشتن بۆ لەیەکگەیشتن، چونکە هەمیشە دابڕانی بەردەوام وێنەی ناڕاستمان پێدەدەن، بۆیە لە کاتێکدا تەکنۆلۆژیا جیهانێکی گەورەی بچووك کردۆتەوە، نابێت ماڵێکی بچووکیشمان لێ گەورە بکاتەوە و لە یەکدیمان داببڕێت.

**ئێمە وەک کورد زۆرمان پێویستیی بە چەمکی پرد هەیە، چونکە لە ڕووی کەلتوورەوە چەندین ئەزموونی ناخۆشی مێژووییمان هەبووە، کە وایان لە پێشینانمان کردووە، پەندەکانیان ڕەنگدانەوەی ئەو ئەزموونانەیان بێت، وەک گوتوویانە: دووریی و دۆستی، ئەمە لە کاتێکدا زەحمەتە دۆستایەتی لە دوورەوە سەرکەوتوو بێت**



محەمەد رەئوف

سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆ گوڵان:

# هەڵبژاردنی سەرۆک لە لایەن خەڵکەوە شێوازی سیستەم دیاری ناکات دەسەڵاتەکانی پیشانی دەدات کە پەرلەمانییە یان سەرۆکایەتی

## لە رۆژی ١٩ی ئابدا پەرلەمان کارتی دەستی خۆی سووتاند و دەبێت ئێستا پینە و پەرۆی بۆ بکەین بۆ ئەوەی هەیبەتی بۆ بگێڕدرێتەوە

بارودۆخی سیاسیی کوردستان لە ئاڵۆزی نێوان حزبە سیاسییەکانەوە بەرەو جۆرێك لە لێکتێگەیشتن و سازان هەنگاو هەڵدەگرێت و خەریکە گرێ کوێرە سیاسییەکان دەکرێنەوە و تەپ و تۆزی حزبایەتیی تەسك دەنیشێتەوە.، لەم بارودۆخەدا یەکڕیزی نێوماڵی کوردستان و هاوهەڵوێستی حزبە سیاسییەکان مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنی کوردستانە.، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی سیاسی ئێستای کوردستان و کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان بۆ گەیشتن بە سازان، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ محەمەد رەئوف سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



*** ئەوەی رۆژی ١٩ی ئاب لە پەرلەمان روویدا، زۆر پێچەوانەی رێککەوتنەکەی بەرەبەیانی هەمان رۆژ بوو کە حزبە سیاسییەکان لە سەری رێککەوتبوون بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی پەرلەمان دوابخەن، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان بە کۆدەنگی و رێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان پابەند نەبوو، ئایا پێویستە پەرلەمان هەوڵی یەکریزی بدات، یان خۆی هۆکارێك بێت بۆ تێکدانی یەکریزی و خیتابی سیاسی کورد لەم قۆناخەدا؟**

- بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان. دیارە شەوی ١٨-١٩ی ئابی رابردوو تا بەرەبەیان هەموو لە کۆبوونەوەدا بووین و لە بەرەبەیاندا هەموولایەکمان بە کۆدەنگی رێککەوتین، کە کۆبوونەوەی پەرلەمان لە رۆژی ١٩ی ئاب دوابخرێت. هەر بۆیە چاوەڕێمان

**نەتەوە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و ئەمریکاش ستراتیژیەتێکی گەورەیان لەم ناوچەیە هەیە و وێستگەی یەکەمی ئەم ستراتیژەش کوردستانە**

**با سەرۆک لەلایەن خەڵکیشەوە هەڵبژێردرێت، ئەگەر هیچ دەسەڵاتێکی نەدەیتێ و تەنیا دەسەڵاتەکانی پرۆتۆکۆڵی و تەشریفاتی بن، ئیتر چۆن ئەمە سیستمی سەرۆکایەتییە؟**

**پێموایە لایەنە سیاسییەکان دەگەنە خاڵێکی هاوبەش، ئەویش ئەوە دەبێت سەرۆک لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت و لەبەردەم پەرلەمان بەرپرسیار بێت، لەم حاڵەتەدا ئەگەر سەرۆک دەسەڵاتیشی زۆر بێت، لەبەر ئەوەی لەبەردەم پەرلەمان بەرپرسیار دەبێت، هیچ مەترسی دروست ناکات**

نەدەکرد سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان هەنگاوێك بە پێچەوانەی ئەو ڕێککەوتنە بنێت کە هەر پێنج لایەنە سەرەکییەکە بە کۆدەنگی لەسەری ڕێککەوتبووین، ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی، یەکەمیان: مادام فراکسیۆنەکانی پەرلەمان لە پەرلەمانتارانی ئەو پێنج حزبە و حزبەکانی دیکە پێکهاتوون و لە کوردستاندا لیستی کراوە نییە کە ٥٠٪ی پەرلەمانتارەکان بێلایەن بن، ئەمە مانای ئەوەیە پەرلەمان ١٠٠٪ پەرلەمانی ئەو حزبانەیە کە بەشدارن لە پەرلەماندا، هەروەها پێش کۆبوونەوەی پێنج حزبەکەش، کۆبوونەوەیەك کرابوو کە هەموو حزبەکان و بە کۆتاکانیشەوە بەشدار بوون، شەویش کە پێنج حزبەکە کۆبوونەوە و لە بەرەبەیان گەیشتنە کۆدەنگی، ئیتر ئەمە مانای ئەوەیە پرسی دواخستنی کۆبوونەوەی پەرلەمان بووە رای گشتی حزبە سیاسییەکانی کوردستان. هۆکارێکی دووەم کە چاوەڕوان نەدەکرا سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵیبگرێت، ئەوە بوو مادام کۆدەنگیی هەموو حزبەکان لەسەر ئەوە بوو کە کۆبوونەوەی پەرلەمان دوابخرێت، دەبوو سەرۆکایەتی پەرلەمان بیزانیایە کە نیسابی یاسایی بۆ تەواو نابێت، کە نیسابی یاساییشی بۆ تەواو نەبێت، ئەوا مانای ئەوەیە ئەم پەرلەمانە کە ببووە کارتێك لە دەستی چوار حزبەکە، دەبوو نەهێڵدرێت ئەم کارتە بسووتێندرێت. ئەگەر ئەم کارتە سووتا، ئەوا پەرلەمان هیچ کارتێکی دیکەی بەدەستەوە نامێنێت، دەبوو سەرۆکایەتی پەرلەمان دووربین بووایە و ئەوەی لەبەر چاو بووایە بەوەی دەبێت ئەم پەرلەمانە هەیبەت و ئەرزشی بمێنێت و بڕیارەکانی پەکی نەکەوێت، چونکە ئەم پێنج حزبە دەمانویست، ڕێککەوتنەکەی نێوانمان تەواو بکەین و بە بڕیار و کۆدەنگی و بە حورمەت و هەیبەتی پەرلەمانەوە هەموو بچینە ناو پەرلەمان و لەناو پەرلەماندا ئیقرار بکرێت.

*** بەداخەوە پەرلەمان هەڵوێستی پێچەوانەی بوو، بەرامبەر ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان، ئایا لە ئێستادا چۆن ئەم پرسە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت؟**

- لە ئێستادا دەبێت جارێکی دیکە پینە و پەڕۆی بکەین، هەر بۆیە ئەگەر ئێمە گەیشتینە کۆدەنگی و ڕێککەوتین کە بڕیارە کۆبوونەوەی ڕۆژی یەك شەمە (مەبەستی کۆبوونەوەی ٣٠ ئابە، لەبەر ئەوەی ئەم دیمانەیە لە ٢٧ی ئاب کراوە) بووە پڕۆژەیەکی هاوبەشی هەموو لایەك، ئەوا ئەم پڕۆژەیە دەبەینەوە پەرلەمان، بەڵام بەداخەوە ئەم پەرلەمانەی ئێستا ئەو پەرلەمانەی پێش کۆبوونەوەکەی ١٩ی ئاب نییە، کە دەبوو ئەو کۆبوونەوەیە نەکرایە. دیارە کێشەی ئێمە ئەوە نییە ئایا پەرلەمان شوێنی کۆدەنگییە، یان شوێنی یەکدەنگییە، ئەمە پرسی ئێمە نییە، پەرلەمان لە هەموو جیهان کاری پڕۆفیشناڵی تایبەتی خۆی هەیە و بە ڕێکوپێکی ئەنجامی دەدا، بەداخەوە ئیجتهادێکیان کرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە ئێستا کاتێك حزبە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان بە کۆتاکانیشەوە، بە پرۆژەیەکی هاوبەش دەچنەوە پەرلەمان، کارەکان دەچنەوە سەر سکەی خۆی و کێشەکان چارەسەر دەبن.

*** ئایا ناکرێت ئەم قەیرانەی ئێستای پەرلەمانی کوردستان، وەك گەمەی دیموکراتی شرۆڤە بکەین، لەبەر ئەوەی ڕێسای کەمینە و زۆرینەی ئەو گەمەیە ئەم قەیرانەی دروستکرد؟**

- دەکرێت بە هەناسە و دیدێکی دیکەش ئەم بارودۆخە بخوێندرێتەوە. دەتوانین بڵێین ئەمەی ئێمەش جۆرێکە لە گەمەی دیموکراتی، بەڵام گەمەیەکی ڕۆژهەڵاتییانەی دیموکراتی، نەك گەمەی دیموکراتی ئەوروپی، یان ئەمریکی، ئەمە پیشانیدا ئاستی ئێمە لە دیموکراتی چەندە، پێمان خۆش بێت یان نە، هەناسەی دیموکراتیمان هەر ئەمەندەیە، بۆیە ئەرکی ئێستای ئێمە ئەوەیە چۆن پەرە بە کەلتووری دیموکراتی خۆمان بدەین و وانە و پەند لەو ڕووداوە وەربگرین. ئێمە لە ٢٠١٧ هەڵبژاردنمان لە پێشە، لە ئێستاوە بۆ ٢٠١٧ پێچی مێژەرێکە زۆری نەماوە، بۆیە دەبێت بەرنامەمان هەبێت و بزانین لە ئێستاوە تا ٢٠١٧ چی بکەین؟ چۆن ئەم پەرلەمانە دەست بەکار دەبێتەوە؟ چۆن ئەم حکومەتە دەخەینەوە ڕێ؟ ئەو چاکسازییەی بەنیازین کەی دەستی پێدەکەین؟ ئەو دەستوورەی دەینووسینەوە چۆن تا ٢٠١٧ دەیکەینە دەستوورێکی مەحکەم و بە شێوەیەك دابڕێژرێت کە ئومێدێکمان بۆ ئایندە بۆ دروست بکات؟ هەروەها گرنگە ئەو ڕاستییە لەبەر چاو بگرین و بزانین ئەم حزبانەی ئێستا لە کوردستان هەن، هەموویان هەڵقوڵاوی ئەم کۆمەڵگەیەن و لە دەرەوە هاوردە نەکراون. دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین، کە کەم ئەزموون و نەشارەزاین لە دیموکراسیدا، ئەمە کێشەی هەموو کۆمەڵگەی کوردستانە بە حزبەکانیشەوە، ئەگەر کێشەی گەشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریمان هەیە، ئەوە نەخۆشییەکە و هی هەموومانە، بۆیە نابێت ئەم کێشانە هەموو بدرێت بە سەر کەسێکدا، یان حزبێکی دیاریکراودا. هەموومان وەك یەك کەموکورتیمان هەیە، بۆیە لە ئێستادا کە خەریکە ئەم قەناعەتە دروست دەبێت، من گەشبینم بەوەی پشت بەخوا سوود و پەند لەم ڕووداوانە وەربگرین، هەروەها وانە و پەند وەربگرین لەم چەند مانگەی ڕابردوو لە

بارودۆخێکی قەیران کەڵەکەبووی عێراق و کوردستان، بەداخەوە کاتێکی زۆرمان بەفیڕۆدا و دەبوو خۆمان بە پرسی دیکە سەرقاڵ بکردایە، بەڵام دیسان دووبارەی دەکەمەوە ئێستاش دەکرێت بە هەناسەیەکی قووڵتر و دەماخێکی ساردتر سەیری ئەو رووداونە بکەین و سوودی لێوەربگرین، نەك بچێتە خانەی کار و کاردانەوە و ئیستیفزاز کردن و بەستنەوەی بە حزبێك، یان کەسێکی تایبەتەوە. هیوادارم نەیکەنە قین و کۆنە قین بۆ ئەوەی بتوانین بەرەو ئایندەیەکی باشتر هەنگاو هەڵبگرین.

*** وەك زۆر راشکاوانە ئاماژەت پێکرد، رای گشتی حزبەکان لە بەرەبەیانی ١٩ی ئاب لەگەڵ ئەوە بوو، پەرلەمان کۆبوونەوە نەکات، بەڵام پەرلەمان کۆبوونەوەی کرد و فەشەلی هێنا، دوای ئەمە هێرشێکی زۆر توند کرایە سەر یەکگرتوو، ئەم هێرشە لە پای چی کرایە سەرتان؟**

- ئەوەی یەکگرتووی ئیسلامی بە لێدوانێك، تەنانەت بە وشەیەکیش ئازار دابێت لە سەر ئەم پرسە، زۆر ناخایەنێت پەشیمان دەبێتەوە، من لەمە دڵنیام، مەگەر کەسێك پەشیمان نەبێتەوە کە دەروونی نەخۆش بێت، ئێمە وەك لیستی خزمەت لە پرسی یەکلایکردنەوەی پۆستی پارێزگاری سلێمانیش کە میانگیریمان لە نێوان گۆڕان و یەکێتی دەکرد، زۆریان پێکردین و زۆر لێدوانی ناشرینیان لەسەر هەڵوێستی ئێمە دا، بەڵام دواتر کە گۆڕان و یەکێتی رێککەوتن و پۆستەکانیان دابەش کرد و کارەکە کەوتە سەر سکەی خۆی، ئەوەی قسەی سەقەت و رەقی لە دژی ئێمە کردبوو، پەشیمان بووەوە، ئەوانەی لە هەڵوێستی ئێمە تێدەگەیشتن و دەیانزانی ئەمە بەرهەمی ئەقڵێکی قووڵە و بۆ ئایندەی سلێمانی پێویستە وابیربکەینەوە، دوعای خێریان بۆ دەکردین، ئەمە لەکاتێکدا بوو ئێمە هیچ بەرژەوەندییەکی حزبی و شەخسیمان لەو هەڵوێستەی خۆمان نەبوو، تەنیا ئەوەندە بوو هەستمان کرد بوو زەمینەی سلێمانی سازە بۆ ئەوەی تێکبچێت، بەڵام ساز نییە بۆ ئەوەی گەشە بکات، ئێمە بۆچوونمان بەو جۆرە بوو، ئەگەر گۆڕان و یەکێتی نەگەنە قەناعەتێکی تەواو و پێکەوە ئیدارەی ئەو ناوچەیە نەکەن، سلێمانی تێکدەچێت. ئێمە دەمانویست ئەوان پێکەوە بۆ ئیدارەی ئەو ناوچەیە بگەنە قەناعەت و ئێمەش هاوبەشییان بکەین، ئەمە تەنیا رێگە بوو بۆ ئەوەی بارودۆخەکە تێکنەچێت، رۆڵی ئێمەش هەر بۆ ئەمە بوو، بۆیە دوای ئەو هەڵوێستەی ئێمە ئەوانەی هێرشی ناڕەوایان کردە سەرمان پەشیمان بوونەوە، ئەمجارەش لەسەر پرسی پەرلەمان ئەوانەی هێرشی توندیان کردۆتە سەرمان هەر پەشیمان دەبنەوە، لەبەر ئەوەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان پشتگیری ئەم هەڵوێستەی ئێمە دەکەن، لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك کەس هیچ ئیشکالیەتێکی نییە، بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی سلێمانی ئیشکالیەتی لەسەر هەڵوێستی ئێمە نییە، لەوانەیە کادیرانی حزبێك، یان دوو حزب، هانی خەڵکانێك بدەن هێرش بکەنە سەر ئێمە، من لەمەشدا هەق بەوان دەدەم، چونکە ئەو خەڵکانەش هەقی خۆیانە لەوانە خەون و خەیاڵێکی هەبوبێت، بەرنامە و پلانێکی هەبووبێت، بەو کارە ئەو خەون و خەیاڵ و پلان و بەرنامەی لەبار چووبێت و خەونەکەی نەمابێت و بە حیسابی خۆی ئاو بردبێتی. ئەمە وای لێکردوون تووشی کاردانەوە ببن، بەڵام وردە وردە هێور دەبنەوە و پەشیمان دەبنەوە. ئێمە وەك یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەسەر ئەم شتانە کێشەمان نییە، بەشی خۆمان کۆتایی تونێلەکە دەبینین، بۆچوونمان روون و ئاشکرایە، لەمەش زیاتر ئەگەر دیموکراسیەتیشمان قبوول بێت، دەبێت رەخنەشمان قبووڵ بێت، نەك قسەوتن و جنێودان، کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقی و پابەندی بەهاکانی ئیسلامی و کوردەوارییە، بۆیە زۆر زەحمەتە قسە پێوتن و جنێودان تەحەمول بکرێت، ئێرە ئەمریکا نییە رکابەرێکی سیاسی بە بەرامبەرەکەی بڵێت، هێندەی سەگەکەم لە سیاسەت دەزانێت و بەرامبەرەکەشی بە ئاسایی وەری بگرێت، ئەمە لای ئێمە جنێوە و خەڵك پیاوی لەسەر دەکوژێت، بۆیە لە رووی پەروەردەیی و پاشخانی ئەقڵی و کۆمەڵایەتییەوە ئەم وشە سووکانە لە فەرهەنگی کوردەواری و ئیسلامی ئێمەدا جێگەی نابێتەوە.، ئەو خەڵکانەی لە کوردستان بە رۆشنبیری مۆدێرنە و پۆستمۆدێرنە سیاسەت دەکەن، دەبێت بزانن زۆر هەڵەن، رۆشنبیری مۆدێرنە و پۆست مۆیرنە، رۆشنبیری کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێمە نییە. ئەوانەی دەیانەوێت بەو جۆرە سیاسەت بکەن، تا ٥٠ ساڵی دیکەش بەردەوام بن، ناتوانن ٢.٪ کاریگەری لە سەر کۆمەڵگەی ئێمە دروست بکەن، نازانم بۆچی خۆیان بە شتێکی بێ بەرهەمەوە ماندوو دەکەن.

*** ئەم بارودۆخەی ئێستا هەرێمی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستی بەوەیە کە یەکڕیزی نێوان لایەنە سیاسییەکان و یەکڕیزی خەڵکی کوردستان لەوپەڕیدا بێت، بەڵام ئەوەی دەیبینین ئەوەیە خەریکە حزبە سیاسییەکان کوردستان بەسەر دوو بەرەدا دابەش دەکەن، ئەمەش کاریگەریەکی زۆر سلبی لە سەر ئەم بارودۆخە دەبێت، ئایا چی بکەین بۆ ئەوەی دوور لە تێڕوانینی تەسکی حزبایەتی بەتایبەتی لەم قۆناخە**

**ئۆباما لە ماوەی حەوت ساڵی سەرۆکایەتی خۆیدا نەیتوانیوە بڕیاریکی سەربازی بدات بۆ دەستێوەردان، بەڵام کە مەترسی کەوتە سەر هەولێر و دهۆک لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا بڕیاری دەستێوەردانی دا، بۆیە گرنگە ئێمەی کوردیش وانە و پەند لەم بەهاناوە هاتنە وەربگرین**

**لە کورستاندا سەرۆک حزبەکان خۆیان لە پەرلەمان بە گەورەتر دەزانن، دەڵێن با هەندێ لەو گەنجانە بنێرن بۆ پەرلەمان، ئەمە هەڵەیەکی ستراتیژی گەورەیە**

**باڵیۆزی وڵاتی چیک لە دیدارێکدا لە ساڵی ٢٠٠٨ پێی گوتم، لە بەر ئەوەی لەناو پەرلەمانی چیک دابەشبوون هەیە بۆ دوو بەرەی وەک یەک، ماوەی یەک ساڵە نەتوانراوە کۆبوونەوەیەک بکرێت، بەڵام حکومەت کاری خۆی دەکات و هاووڵاتیانی ئاسایی هەست ناکەن دەزگای یاسادانان قەیرانی هەیە**

**مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخە هەستیارە بکرێت؟**

- گرنگە لە ئێستاوە وردە وردە لە سەر پرسی سیاسەت کار بکەین. بپرسین ئایا سیاسەت پێناسەی چییە و چۆن پیادە دەکرێت؟ با وانەیەك لە رۆژئاوا فێر بین، پرسیار ئەوەیە ئایا سیاسەتی میکافیلی سەرچاوەی یەکەمی رۆشنبیری سیاسەتە، یان سەرچاوەی یەکەمی سەرکردەکانە لەجیهاندا؟ میکافیلی دەڵێت: «دەبێت بەرژەوەندی خۆت بخەیتە پێش بەرژەوەندی هەموو کەسێك»، ئایا ئەم قسەیە چۆن مامەڵەی لەگەڵ کراوە و چۆن تەرجەمە کراوە بۆ پرۆسەی سیاسی نەتەوەکان؟ لە رۆژئاوا ئەم قسەیەی میکافیلی بەو جۆرە کاری لەسەر کراوە، کە مەبەست لە بەرژەوەندی خۆت، بەرژەوەندی سەرکردەیەك، یان حزبێکی سیاسی نییە، بەڵکو مەبەست بەرژەوەندی نیشتمانییە. بۆیە ئەگەر سەیری دەرەنجامی ئەو سیاسەتە بکەین کە ئەمریکا پیادەی دەکات، ئەمریکا سیاسەتی میکافیلی پیادە دەکات، بەڵام ئەم سیاسەتە لەگەڵ دەرەوە بەکاردەهێنێت، نەك لە سیاسەتی ناوخۆی وڵاتدا، نەك لەگەڵ گەلەکەی خۆی، نە لەگەڵ حزبە رکابەرەکەی بەرامبەری، نەك لەگەڵ پەرلەمانەکەی خۆی، ئەمە پێمان دەڵێت، سیاسەتی ئەمریکا ١٠٠٪ میکافیلییە لەگەڵ دەرەوە، واتە بەرژەوەندی نیشتمانی ئەمریکا لە سەرووی بەرژەوەندی هەموو وڵاتێکی دیکەوەیە، بۆیە ئێمەش دەبێت ئەم سیاسەتە فێر بین، بەرامبەر بە دەرەوە دەبێت بەرژەوەندی نیشتمانیمان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکەوە بێت، بەڵام بەداخەوە ئێمە هاتووین بە پێچەوانەوە سیاسەتی میکافیلییانە بەرامبەر یەکتری بەکاردەهێنین، ئەمە لە کاتێکدا رۆحی میکافیلییەت بە سیستمی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی ئێمە نامۆیە، بەڵام ئەگەر هەر ویستمان میکافیلییانە سیاسەت بکەین، دەبێت ئەم سیاسەتە بۆ دەرەوە و لەگەڵ دوژمنەکانمان بەکار بهێنین، نەك لەناو خۆمان، یان هەتا لەگەڵ دۆستەکانیشماندا.

*** تاچەند لە کوردستاندا ئەم فیکرەی میکافیلی لە سیاسەتی حزبەکان بەرامبەر یەکتری بوونی هەیە؟ یان ئایا تاچەند سیستمی حزبایەتی بەهۆی ئەم سیاسەتەوە ئیفلیج بووە؟**

- من جارێکی دیکەش بۆ گۆڤاری گوڵان ئەم قسەیەم کردووە و لە چەند دەزگایەکی راگەیاندنی دیکەش دووبارەم کردۆتەوە، بەوەی سیستمی حزبایەتی لە کوردستان سەقەتە و دەبێت چاك بکرێت. لە کوردستان حزب هەموو شتێکە، دیاردەیەکی دیکەی سەقەت و نامۆش هەیە، ئەویش ئەوەیە ٧٥-٨٠٪ ی تاکەکانی کوردستان هەر یەکەیان بە فەرمی ئەندام، یان لایەنگیری حزبێکی دیاریکراون، ئەمە لە هەموو دنیای دیموکراسیدا بوونی نییە.. لەبەر ئەوەی ئەگەر ئینتمای هاووڵاتی بۆ حزبەکان ٢٠٪ تێپەڕێنێت، مەترسییەکی گەورە دروست دەکات، بۆیە لە وڵاتێکدا ٨٠٪ی ئەندامی حزبە سیاسییەکان بن، ئەوا ئەم رێژەیە رەنگدانەوەی دەبێت لە دامەزراوەکانی حکومەت، وەك هێزی پێشمەرگە، ئاسایش، ئابووری، بۆیە ئەم سیستمە سەقەت و ترسناکە، بەڵام هەتا بارودۆخەکەش بەمجۆرە بێت، بۆ ئەمە پێشنیارێکم کردووە و خەریکە پێشنیارەکەم سەردەگرێت، لەم پێشنیارەدا پرسیاری ئەوەم کردووە، چۆن شکۆ و هەیبەت بگێڕینەوە بۆ پەرلەمان؟ چۆن دەسەڵاتی حزبەکان کەم بکەینەوە؟ بۆچی هەموو پرسەکان لە ژێر چەتری مەکتەبی سیاسی حزبێك چارەسەر بکرێت، بۆچی لە پەرلەمان چارەسەر ناکرێت؟ ئەم پرسانە بەو جۆرە چارەسەر ناکرێت کادیرانی مامناوەندی و خوار مامناوەندی بنێرینە ناو پەرلەمان، گرنگە سەرۆك حزبەکان و کاربەدەستە دەستڕۆیشتووەکانی حزب بنێرینە ناو پەرلەمان، بۆ ئەوەی بتوانن لەناو پەرلەمان بڕیار بدەن، نەك ئەندام پەرلەمانێك هیچ بڕیارێکی پێنادرێت و دەبێت بگەڕێتەوە بۆ مەکتەبی سیاسی حزبەکەی بۆ ئەوەی ئیعاز وەربگرێت.

*** ئێوە وەك یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، پێش ئەوەی پرسی سەرۆکایەتی هەرێم ببێتە مەسەلەیەکی ئاڵۆز لە نێوان حزبە سیاسییەکان، خاوەنی پرۆژەیەك بوون بەوەی ئەنجوومەنێك لە سەرکردەی حزبەکان پێکبهێندرێت، ئایا ئەو پرۆژەیەی ئێوە پشتگیری نەکرا، یان خۆتان پێشکەشتان نەکرد؟**

- ئێمە ئەوەمان پێشنیار کردووە و ئومێدەوارین بۆ ساڵی ٢٠١٧ ئیشی پێبکرێت، لە ساڵانی رابردوو ئەزموونێکمان پیادە کرد، بەشێکی سەرکەوتوو بوو، بەشێکی سەرکەوتوو نەبوو، بەتایبەتیش ئەو ئەزموونەی کە دەرگامان کردەوە ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی رۆشنبیر و راگەیاندکار بنێرینە پەرلەمان، ئەمە لەو روانگەیەوە بوو کە گەنج خوێنی گەرمە و بە دوای چاکسازی و شەفافیەتدا دەگەڕێت و شەرم ناکات و بە خوێن گەرمی خۆی هەندێك موجازەفە دەکات بۆ ریفۆرم و چاکسازی، لەم لایەنەدا هەندێك سەرکەوتوو بووین و خێرمان لێ دیوە، بەڵام بە دیوەکەی دیکەدا ئەگەر سەیری پەرلەمانەکانی جیهان بکەین، دەبینین ئەم بەشەی دیکەی کاتێك سەرکەوتوو دەبێت، کە خەڵکانی دەستڕۆیشتووی ناو حزب لە ناو پەرلەمان

**سیستمی حزبایەتی لە کوردستان سەقەتە و دەبێت چاك بکرێت. لە کوردستان حزب هەموو شتێکە، دیاردەیەکی دیکەی سەقەت و نامۆش هەیە، ئەویش ئەوەیە ٧٥-٨٠٪ ی تاکەکانی کوردستان هەر یەکەیان بە فەرمی ئەندام، یان لایەنگیری حزبێکی دیاریکراون، ئەمە لە هەموو دنیای دیموکراسیدا بوونی نییە**

**ئەم پێشنیاری ئەمریکا و بەریتانیا و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دواخستنی ململانێ و ناکۆکییەکان، نابێت گومانمان لێی هەبێت و دەبێت دان بەو راستییەدا بنێین کە ئەوان ئایندەی وڵاتی ئێمە دەبینن، ئەوان لەناو واقیعەکە و لەسەر ئەرز بوونیان هەیە، ئاسمانی کوردستان بەڕێوە دەبەن**

**ئەم پرسانە بەو جۆرە چارەسەر ناکرێت کادیرانی مامناوەندی و خوار مامناوەندی بنێرینە ناو پەرلەمان، گرنگە سەرۆك حزبەکان و کاربەدەستە دەستڕۆیشتووەکانی حزب بنێرینە ناو پەرلەمان، بۆ ئەوەی بتوانن لەناو پەرلەمان بڕیار بدەن**

بێت، راشکاوانەتر سەرۆکی حزب سەرۆکی فراکسیۆنی پەرلەمانی بێت، سەرۆکی حکومەت سەرۆکی حزبی زۆرینە بێت، ئەم سیستەمە لە هەموو دنیا هەیە، بەڵام ئێمە پێچەوانەکەیمان پیادە کردووە،، لە کوردستاندا سەرۆك حزبەکان خۆیان لە پەرلەمان بە گەورەتر دەزانن، دەڵێن با هەندێ لەو گەنجانە بنێرن بۆ پەرلەمان، ئەمە هەڵەیەکی ستراتیژی گەورەیە، بۆیە ئەگەر سەرۆك و سکرتێر و ئەمینداری گشتی حزبەکان، لەگەڵ دوو سێ لەو کادیرە پێشکەوتووانەی کە داینەمۆی حزبەکەن و لەگەڵ ژمارەیەك ئابووریناس و یاساناس پێکەوە هەموو لەناو پەرلەمان بن، ئەوا مانای ئەوەیە ئێمە گرووپێکی دەسترۆیشتووی خاوەن بڕیار لە پەرلەمان دەبینین و پەرلەمان ئەو هەیبەتەی دەبێت کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش (ئەوجا هەر کەسێك بێت) دەچێتە پەرلەمان و کارێکی ئاساییە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەردەم ئەم گرووپە دەسترۆیشتووە خاوەن بڕیارە، ئامادە بێت پرسیاری لێبکەن و وەڵام بداتەوە، یان حیساب و کتابی لەگەڵ بکرێت. ئەمە ئاساییە لەبەر ئەوەی لە شەخسییەت و کەرامەتی خۆی ناترسێت، بەڵام لەم پەرلەمانەی ئێستا ترس هەیە لەبەر ئەوەی پەرلەمان ئەو هەیبەتەی نییە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەردەمیدا بەرپرسیار بێت، لێرەدا پرسەکە پەیوەست نییە بە شەخسی سەرۆکی ئێستای سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵکو پرسەکە پەیوەستە بەوەی پەرلەمانەکانی جیهان چۆنن، با ئێمەش بەو جۆرە هەیبەت بۆ پەرلەمانی خۆمان دروست بکەینەوە. دەبێت لەوە دوور بکەوینەوە سەرکردەی حزبێك بڵێت هەندێك گەنجم بۆ بنێرنە پەرلەمان. ئەمە لە راستیدا چ مانایەکی هەیە؟ مانەکەی ئەوەیە هەندێ گەنجم بۆ بنێرن شەڕم بۆ بکەن، ئەمە مانای ئەوەیە تۆ ئەو گەنجانەت بۆ شەڕکردن ناردووە، نەك پرسی گەورەتر. بێگومان ئەو گەنجانە شەڕەکەیان کردووە و شەڕێکی باشیشیان کردووە، بەڵام ئایا هیچ خێرمان لەو شەڕە بینیوە؟ نەخێر. ئەم واقیعە فێرمان دەکات، ئەگەر لە ٢٠١٧ بارودۆخەکە لەبار بوو، توانیمان هەڵبژاردن بکەین، ئەوا دەبێت سەرۆك حزبەکان و کادیرە دەسترۆشتووەکان لەناو پەرلەمان بوونیان هەبێت، بۆ ئەوەی بەو بڕیارانەدا بچنەوە، نەك بگەڕێنەوە بۆ حزبەکانیان بۆ ئەوەی بڕیار وەربگرن.

*** ئێستا ئێمە لە شەڕێکی جیهانی سەختداین، بەشێك لە حزبەکان پێداگیری دەکەن، سیستەمی سیاسی وڵات بگۆڕێت، ئایا لە کاتی شەڕدا ئەم کارە دەکرێت؟ ئایا دروستبوونی قەیران لە پەرلەماندا تا چەند بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات؟**

- لە وڵاتێکی پێشکەوتووی دیموکراتیدا ئەگەر ئەم کارە بشکرێت ئاساییە، بەڵام بۆ وڵاتێکی وەك وڵاتی ئێمە کە گرۆگاڵی دیموکراتی دەکەین و لە هەنگاوی یەکەمدا راوح دەکەین، ئەم گۆڕانکارییە ئەگەر مەحاڵیش نەبێت، ئاسان نییە، هەر ئەمەش وایکرد کە ئەمریکا و بەریتانیا و نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە پێنج حزبەکە و هەموو حزبەکانی کوردستان بکەن، لە بەر بارودۆخی سیاسی و ئاسایش و قەیرانی سیاسیی عێراق و شەڕی داعش، داوای ئەم گۆڕانکارییە بۆ ئێستا کاتی نییە و دوای بخەن. لەسەر ئەم پێشنیارەی ئەمریکا و بەریتانیا، کە دوو وڵاتی نموونەن بۆ پیادەکردنی دیموکراتی، ئەوان پێشنیارێکی لەو جۆرە بکەن، نابێت گومانمان هەبێت، ئەگەر ئەم پێشنیارە حزبێکی دەرەوەی پارتی بیکردایە، یان دەوڵەتێکی ئیقلیمی و تەنانەت عێراقیش بیکردایە، جێگەی گومان بوو، بەڵام ئەم پێشنیارەی ئەمریکا و بەریتانیا و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دواخستنی ململانێ و ناکۆکییەکان، نابێت گومانمان لێی هەبێت و دەبێت دان بەو راستییەدا بنێین کە ئەوان ئایندەی وڵاتی ئێمە دەبینن، ئەوان لەناو واقیعەکە و لەسەر ئەرز بوونیان هەیە، ئاسمانی کوردستان بەڕێوە دەبەن. هەر بۆیە ئەو شەوە لە سەرەتای کۆبوونەوەکە و لە کۆتایی کۆبوونەوەکە ئەم راستیانەیان بۆ روون کردینەوە. هەر ئەمەش وایکرد بەرەبەیانی ١٩ی ئاب بگەینە کۆدەنگی بۆ ئەوەی پەرلەمان کۆبوونەوەکەی دوابخات، بەڵام بەداخەوە پەرلەمان پێچەوانە رەفتاری کرد، کاتێك ئەوان داوادەکەن پەرلەمان کۆبوونەوەکەی دوابخات، ئایا مانای چییە؟ دیارە مانای ئەوەیە راپۆرتی لیژنەی یاسایی بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی نەخرێتە دەنگدانەوە، واتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەمێنێتەوە.

*** ئێوە لە ماوەی دوومانگی رابردوو باشتر لە سێ لایەنەکەی دیکە هاوکێشەکەتان خوێندەوە، ئایا ئەم خوێندنەوەی ئێوە بۆ واقیعەکە لە چییەوە سەرچاوەی گرتبوو؟**

- ئێمە لە سەرەتاوە هەستمان کرد ئەم کێشەیە بەرەو چارەسەرکردنمان نابات، بەڵکو بەرەو قەیرانمان دەبات، بۆیە لە سەرەتاوە بە باشمان زانی سازانی سیاسی بخەینە پێش سازانی یاسایی، ئەمەش لەو روانگەیەوە بوو کە بە بێ سازانی سیاسی ناگەینە هیچ ئاکامێك. بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئەو وتوێژ و کۆبوونەوانەی پێویست بوون بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکان لە یەکتری تێبگەن، هێشتا دەستی پێنەکردبوو.پێش هەموان پارتی دیموکراتی کوردستان هەر نەهاتبووە پێش و هیچ وەرەقەیەکی

**کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقی و پابەندی بەهاکانی ئیسلامی و کوردەوارییە، بۆیە زۆر زەحمەتە قسە پێوتن و جنێودان تەحەمول بکرێت، ئێرە ئەمریکا نییە رکابەرێکی سیاسی بە بەرامبەرەکەی بڵێت، هێندەی سەگەکەم لە سیاسەت دەزانێت**

**ئەوەی یەکگرتووی ئیسلامی بە لێدوانێک، تەنانەت بە وشەیەکیش ئازار دابێت لە سەر ئەم پرسە، زۆر ناخایەنێت پەشیمان دەبێتەوە، من لەمە دڵنیام، مەگەر کەسێک پەشیمان نەبێتەوە کە دەروونی نەخۆش بێت**

**ئەم حزبانەی ئێستا لە کوردستان هەن، هەموویان هەڵقوڵاوی ئەم کۆمەڵگەیەن و لە دەرەوە هاوردە نەکراون. دەبێت دان بەو راستییەدا بنێین، کە کەم ئەزموون و نەشارەزاین لە دیموکراسیدا، ئەمە کێشەی هەموو کۆمەڵگەی کوردستانە بە حزبەکانیشەوە**

نەخستبووەڕوو، چوار حزبەکەی تریش هەندێك جار پێکەوە هەنگاویان هەڵدەگرت و هەندێك جاریش تاك و لۆ دەبوون، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو دەست و دڵ وەك یەك نەبوو، بەرەو کام ئاڕاستە هەنگاو هەڵدەگرین. بێگومان شتێکی سروشتییە دەزگای تەشریعی قەیرانی هەبێت، بەڵام دەزگای جێبەجێکردن کە حکومەتە دەبێت بەردەوام بێت، لەبەر ئەوەی کارەکانی حکومەت پێوەندی بە ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە هەیە.. هەر بۆ نموونە وڵاتی لوبنان ماوەی حەوت ساڵە قەیرانیان هەیە، هەروەها باڵیۆزی وڵاتی چیك لە دیدارێکدا لە ساڵی ٢٠٠٨ پێی گوتم، لە بەر ئەوەی لەناو پەرلەمانی چیك دابەشبوون هەیە بۆ دوو بەرەی وەك یەك، ماوەی یەك ساڵە نەتوانراوە کۆبوونەوەیەك بکرێت، بەڵام حکومەت کاری خۆی دەکات و هاووڵاتیانی ئاسایی هەست ناکەن دەزگای یاسادانان قەیرانی هەیە. بۆیە ئێمە لە ٢٢ی حوزەیران لە مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو بەیاننامەیەکمان دەرکرد، داوامان کرد بە جارێ هەوڵبدەین سازانی سیاسی بکەین، بۆ ئەوەی پەرلەمان بەرەو ئاقاری ئیفلیجبوون نەڕوات و هەیبەتی خۆی لەدەست نەدات و ئەو کارتەی بە دەستیەوەیەتی با نەسووتێت. ئەمە مانای ئەوەیە ئێمە لە ٢٢ی حوزەیران دەمانزانی ئەوەی ١٩ی ئاب روودەدات. ئێمە لەسەر سازان سور بووین هەتا شەوی ١٨-١٩ی ئاب توانرا لە نێوان پێنج لایەنەکە بگەینە سازان. بۆیە ئێمە لەگەڵ لایەنەکانیش جەختمان لەسەر ئەوە دەکردەوە، ئەگەر دەمانەوێت سیستمی وڵات بکەینە پەرلەمانی و خەمی پەرلەمانمانە، دەبێت بە هەناسەی قووڵ و تێگەیشتن لە یەکتر و ئەعسابی سارد مامەڵە بکەین. دەبێت بە ئیشکردن لەسەر کۆمەڵگە و سیستمی حزبایەتی بیکەنە سیستمی پەرلەمانی، نەك بە زۆر و فشار و شەڕی دەروونی و شەڕی راگەیاندن، بەمە تەنگژەکە نەك هەرچارەسەر نابێت، بەڵکو زیاتر قووڵ دەبێتەوە.

*** لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشوو باسی ئەوەت کرد کە هەرسێ لایەنی ئەمریکا و بەریتانیا و نەتەوە یەکگرتووەکان، داوایان لە هەموو حزبەکان کردووە، کە ئەم گۆڕانکارییە دوابخەن، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا لە کاتی شەڕێکی گەورە و جیهانی وەك شەڕی داعش، هیچ نەتەوەیەك بیری لەوە کردۆتەوە دەسەڵاتی سەرۆکەکەی کەم بکاتەوە، بەتایبەتی ئەو دەسەڵاتەی کە پێوەندی بە فەرماندەی هێزە چەکدارەکانەوە هەیە؟**

- لە حاڵەتی شەڕی گەورەدا هەر هیچ شتێك نەکرێت باشە، ئەگەر کراش، شتی باش بکرێت، نەك شتێك بکرێت بارودۆخەکە تێکبدات و ئاڵۆزی بکات. ئەوەی کرا بەشێکی خەتای پارتیشی تێدابوو، لەبەر



ئەوەی پارتی درەنگ هاتە دەســت و درەنگ وەرەقەی خۆی پێشــکەش کرد، بەڵام با واز لەوە بێنین، من لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، ئەوەی لە شەوی ١٩ی ئاب هەر ســێ لایەنی ئەمریکــی و بەریتانی و ڕێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتن بە دەنگ ئێمەوە، من خۆم لە مێژوودا نەمبیســتووە، ئەم دوو دەوڵەتە گەورەیە و لەگــەڵ ئەو ڕێکخــراوە گــەورە نێودەوڵەتییە پێکەوە هەرسێکیان بێنە ناو کێشــەی گەلێك، یان نەتەوەیەکی دیکــەوە، ئەمە پێمــان دەڵێت نەتــەوە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و ئەمریکاش ســتراتیبیژیەتێکی گەورەیان لەم ناوچەیە هەیە و وێســتگەی یەکەمی ئەم ســتراتیژەش کوردســتانە، هەر بۆیــە لە ماوەیەکــی زۆر پێوانەیی کەمدا وایانکرد کە حزبەکانی کوردســتان بگەنە سازان، ئەمەش هەروەك چۆن ئۆباما لە ماوەی حەوت ســاڵی سەرۆکایەتی خۆیدا نەیتوانیوە بڕیارێکی سەربازی بدات بۆ دەستێوەردان، بەڵام کە مەترسی کەوتە سەر هەولێر و دهۆك لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا بڕیاری دەســتێوەردانی دا، بۆیە گرنگە ئێمەی کوردیش وانە و پەند لەم بەهاناوە هاتنە وەربگرین. بەداخەوە لە کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکەدا، نەمانتوانی وێنەیەکی جوان لای ئەوان دروســت بکەین، تەنانەت تا رادەیەك رەشبینیشیان لادروست بوو، هۆکاری ئەمــەش ئەوە بوو، وڵاتی ئێمە لە ناو کۆمەڵێك قەیرانی شــەڕ و دارایی و ئابووری نقووم بووە، کەچی حزبەکان هەموو توانای خۆیان خســتۆتە سەر پرسێك، کە دەکرێت بە چوار کاتژمێر چارەســەر بکرێت، بەڵام بەداخەوە ئێمە بەچەند مانگ نەگەیشــتینە هیچ ئاکامێکی ئەرێنی. بۆیە ئــەم لایانەنانە ئەمانە دەکەنــە دیکۆمێنێت، من هیوادارم ئەم واقیعە نەگەیەننە رای گشتی وڵاتەکانی خۆیــان، بۆ ئەوەی پێمان نەڵێن ئەمانە زۆر زۆریان ماوە ببنە دەوڵەت.

*** ئەگــەر هەر لە چوارچێوەی پرســی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سیستمی پەرلەمانی ئەو پرســیارە بکەین، ئایا ئەو ســیمایانە چین کە سیستمی سیاسی لە وڵاتێکی دیموکراتی دیاری دەکەن؟**

- ئێمە وەك یەکگرتووی ئیســلامی قەناعەتمان بەو جۆرەیە، سیستمی سەرۆکایەتی و سیستمی پەرلەمانی بە دوو ســێ مەرج دیاری دەکرێن، نــەك هەر ئەوەی ســەرۆك لە پەرلەمان هەڵدەبژێرێت، یان لەناو خەڵکەوە، بەڵکو مەرجی ســەرەکی ئەوەیە دەسەڵاتی ئەم سەرۆکە چییــە و چۆنە، لــەم روانگەیەوە ئێمــە بڕیارمان داوە سەرۆکی هەرێمی کوردســتان هەر کەسێك بێت، نابێت سەرۆکێکی بێ دەسەڵات بێت. هەروەها نابێت پەرلەمان بێدەســەڵات بێت، دیســان نابێت ئەنجومەنی وەزیران و ســەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بێدەسەڵات بێت. لە بری ئەمە پێویســتە هاوســەنگییەك لەنێوان هەر سێ لەم دەســەڵاتانە هەبن. لەمەش زیاتر ئێســتا کوردستان بە قۆناخێکدا تێدەپەڕێت، دەســەڵات لە هەرکوێی ئەم سێ دەسەڵاتە کۆبکرێتەوە، جێگەی مەترسییە و بەرەو خراپە دەڕوات، هەر بۆ نموونە ئێستا دەسەڵاتەکان لە سەرۆکی هەرێم وەردەگیرێتەوە، دەیدەیتە ســەرۆك وەزیران، باشە لە ئێســتادا ســەرۆك وەزیران پارتییە و ئیحتمال زۆرە لە ئایندەشدا سەرۆکی حکومەت هەر لای پارتی بێت، بۆیە پرســیار ئەوەیە ئەگەر تۆ لەوە دەترسیت دەسەڵاتی زۆر بەرەو دیکتاتۆریەت بچێت، تۆ خۆت سەرۆك حکومەت دەکەیت بــە دیکتاتۆر، ئەوجا ســەرۆکی حکومەت با نێچیرڤان بارزانی نەبێت، یان هــەر ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کوردســتان بێت، بۆیە باشترە هاوسەنگییەك هەبێت لە نێوان هەرسێ دەسەڵاتەکە، بۆیە بە بڕوای ئێمە ئەوەی شــێوازی سیستەم دیاری دەکات، دەسەڵاتەکانی سەرۆکە نەك شــێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك، ئەوەندەی من تێگەیشتووم، حزبەکانی لە دەرەوەی پارتی بەو جۆرە سەیری ئەم پرسە دەکەن. ئەو حزبانە لەوە دەترسن ئەگەر سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، ئەوا دەبێتە پشتا و پشت، یان پۆستی ســەرۆکی هەرێم لە چوارچێوەی بنەماڵــەی بارزانــی دەرناچێت، هــەر کامیان خۆی هەڵبژێرێت هەڵبژاردنەکە دەباتەوە، یان بەرەو سیســتمی پادشایەتیمان دەبات، ئەمە ئەو بیانووانەیە کە حزبەکانی دەرەوەی پارتی لێی دەترسن و باسی لێوە دەکرێت. بۆیە من دەڵێم بۆ ئێستا گرنگە پارتی دیموکراتی کوردستان لە گوتاری سیاسیی خۆیدا ئەم مەترسییە بڕەوێنێتەوە، بەتایبەتــی کە ئێمە لە کوردســتان کــە جیاوازییەکی زۆری رۆشنبیبری سیاسی لە نێوان زۆنی سەوز و زەرد هەیە، هەروەها هەتا ئێســتا بەشــێکین لە عێراق، زۆر دوورین لەوەی سیستمی پادشایەتی لەکوردستان دروست بکەین. بۆیە هەموو پرســەکە لەســەر ئەمەیە، ئەگینا با ســەرۆکیش لەلایەن خەڵکــەوە هەڵبژێردرێت، ئەگەر هیچ دەســەڵاتێکی نەدەیتێ و تەنیا دەســەڵاتەکانی پرۆتۆکۆڵی و تەشریفاتی بن، ئیتر چۆن ئەمە سیستمی سەرۆکایەتییە؟ بۆیە ئەوەی شێوازی سیستمەکە دیاری دەکات، دەســەڵاتەکانی ســەرۆکە، من پێموایە لایەنە سیاســییەکان دەگەنە خاڵێکی هاوبــەش، ئەویش ئەوە دەبێت سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت و لەبەردەم پەرلەمان بەرپرســیار بێت، لەم حاڵەتەدا ئەگەر سەرۆك دەسەڵاتیشی زۆر بێت، لەبەر ئەوەی لەبەردەم پەرلەمان بەرپرسیار دەبێت، هیچ مەترسی دروست ناکات.

**چاوەڕێمان نەدەکرد سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان هەنگاوێك بە پێچەوانەی ئەو ڕێککەوتنە بنێت کە هەر پێنج لایەنە سەرەکییەکە بە کۆدەنگی لەسەری ڕێککەوتبووین**

**دەبوو سەرۆکایەتی پەرلەمان دووربین بووایە و ئەوەی لەبەر چاو بووایە بەوەی دەبێت ئەم پەرلەمانە هەیبەت و ئەرزشی بمێنێت و بڕیارەکانی پەکی نەکەوێت**

**مادام کۆدەنگیی هەموو حزبەکان لەسەر ئەوە بوو کە کۆبوونەوەی پەرلەمان دوابخرێت، دەبوو سەرۆکایەتی پەرلەمان بیزانیایە کە نیسابی یاسایی بۆ تەواو نابێت**



# سەرۆکی بەهێز و بڕیاری قورس
# دروستکردنی ئایندەی گەش
# لە ناو گێژاوی قەیران و شەڕدا




**«هەندێک لە دەوڵەتان بە سەربەخۆیی لەدایکبوون، هەندێکی دیکەیان سەربەخۆییان بەدەستهێناوە، بەڵام سەنگافورا سەربەخۆیی بەسەردا فەرزکرا. نزیکەی ٤٥ کۆلۆنیالی بەریتانیا سەرقاڵی ئاهەنگگێڕان بوون بە گواستنەوەی دەسەڵات لە کلۆنیالیزمی بەریتانیاوە بۆ حکومەتە نیشتمانییەکانیان، بەڵام ٩ی ئابی ١٩٦٥ کە سەربەخۆییمان ڕاگەیاند، بۆنەیەکی ئاهەنگگێڕی و کەرنەڤاڵی نەبوو، هەرگیز هەوڵمان نەدابوو سەربەخۆ بین، تەنانەت لە ساڵی ١٩٦٢ ریفراندۆمێک کرا بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سەنگافورا، لەم ریفراندۆمەدا ٧٠٪ی خەڵک دەنگیان بۆ ئەوە دا لەگەڵ مالیزیا پێکەوە بمێنینەوە. لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا هیچ شتێک گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتبوو، تەنیا ئەوە نەبێت، ئێمە بێ ئاگا بووین بۆ سەربەخۆیی. ئەوکات دەمانگوت ئەگەر سەنگافورا سەربەخۆ بێت، ئەوا زۆر بە ئاسایی دەوڵەتێک دەبێت کە توانای بەردەوامی و مانەوەی نابێت، ئەرکی گرنگیی ئێستامان ئەوەیە ئیرەیی بەو دەوڵەتەی خۆمان ببەین کە توانیویەتی ببێتە ئەو دەوڵەتەی شایستەی ژیان بێت. چۆن توانیمان**

**لە ئێستادا کە بە پشتیوانی خوا و ئیرادەی خێری لایەنە سیاسییەکان خەریکە بارودۆخەکە بەرەو ئاراستە ڕاستەقینەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، کە دروستبوونەوەی ڕێز و خۆشەویستییە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و تەواوی گەلی کوردستان بە جیاوازی نەتەوە و ئایینەوە، کاتی ئەوەیە هەموو پێکەوە ڕەگ و ریشەی ڕق و کینە و بەخیلی پێبردن و چاوهەڵنەهاتن بە سەرکەوتنەکانی کوردستان هەڵکەنین و هەموو پێکەوە دەست بخەینە ناو دەست و هاوکاری سەرۆکی خۆمان بین**

### • قەیران و تەنگژە و شەڕ تاقیکردنەوەیە بۆ سەرۆکەکان

قەیران و تەنگژە و شەڕ، باشترین هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەن بۆ سەرۆکی نەتەوە. ئەو سەرۆکەی بتوانێت لە ناو گێژاوی قەیران و تەنگژە و شەڕدا بەهەر شێوازێك دەرگای ئومێد و ئایندەیەکی گەش بە رووی نەتەوەکەیدا بکاتەوە، ئەوا نەتەوە خۆی نازناوێکی شایستا دەخاتە پاڵ ناوی سەرۆکەکەی، هەندێك نەتەوە بە باوکی دامەزرێنەر، هەندێکی دیکە بە باوکی نەتەوە، لەمەش زیاتر رۆشنبیران و نووسەران لە چوارچێوەی مەعریفەیەکی سیاسی، یان فەلسەفی ناوێکی تازەی بۆ دادەهێنن، هەروەك چۆن بە لنکۆڵن دەگوترێت: (میراتی ئازادی)، بە گاندی دەگوترێت: (مەشخەڵی نەوەکانی داهاتوو)، بە بسمارك دەگوترێت: (هێما بۆ یەکگرتوویی ئەڵمانیا)، هەموو ئەم نازناوانە بەرهەمی ئەو قەیران و تەنگژە و شەڕانەیە کە نەتەوەکان لە قۆناخە جیاوازەکانی مێژووی خۆیاندا رووبەڕووی بوونەتەوە و لە سایەی رابەرایەتی سەرۆکە مەزنەکانیان وەرچەرخانی گەورە بە سەر ئایندەی نەتەوەکەیاندا هاتووە.

سیمایەکی دیکەی سەرکردە مەزنەکانی نەتەوە، ئەو شێوازی بڕیاردانەیە کە لە مێژووی نەتەوەدا بە بڕیاری قورس و چارەنووسساز ناودەبرێت و نەوەکانی داهاتوو شانازی پێوە دەکەن، شێوازی دروستکردنی ئەم جۆرە بڕیارانەش رەنگدانەوەی ئەقڵ و هۆشی نەتەوەیە لە خاڵێکدا کە سەرۆکە مەزنەکان لە کاتێکی چارەنووسسازدا بڕیار دەدەن، بەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو قەیران و تەنگژە و تەحەددییانە بکەن کە رووبەڕووی نەتەوە بۆتەوە و ئایندەی خستۆتە مەترسییەوە، لەمەش زیاتر هەموو سەرۆکە مەزنەکان کە شێوازێك هەڵدەبژێرن بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن و چارەسەرکردنی تەنگژە و قەیرانەکان، رووبەڕووی کۆمەڵێك رەخنەی توندی نەیار، یان ئەوانە دەبنەوە، کە خۆیان وەك سیاسەتمەدار بە رکابەری سەرۆکە مەزنەکە دەزانن، لەمەش زیاتر سەرۆکە مەزنەکان زۆرجار شێوازی بڕیاردانیان لە ناو پەرلەمانی وڵاتەکەیدا پەسەند ناکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەموو پەرلەمانتارەکانی نەتەوە جیاوازەکان بە درێژایی مێژوو نوێنەرایەتی حزبەکانیان کردووە، نەك گەلەکانیان، هەر بۆیە کاتێك سەرۆکی نەتەوە بڕیارێکی چارەنووسساز بۆ ئایندەی نەتەوە دەدات، ئەو بڕیارە



دەوڵەتێک لە کۆمەڵێک زمانی جیاواز دروست بکەین، کە چەندین ڕەوەندی جیاوازی چین و هیندستان و مالیزیا و ئەندەنووسیا و پارچە جیاوازەکانی دیکەی ئاسیای تێدا دەژیا؟ ئەمە چیرۆکی بونیادنانەوەی سەنگافورایە لە ١٩٦٥– ١٩٩٥، چیرۆکی وڵاتێکە کە مەزندە دەکرا، توانای مانەوەی نەبێت، ئێستا یەکێکە لە دەوڵەتە زیندووەکانی جیهانی یەکەم.»

- یاداشتەکانی لی کوان یو
- سەرۆک وەزیرانی سەنگافورا ١٩٦٥– ١٩٩٥

دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لە ژیانی نەتەوە، سەرۆکیش دەکاتە ویژدانی نەتەوە، لەم حاڵەتەدا حزبە سیاسییەکان، بەرژەوەندی حزبییان، یان کارتی هەڵبژاردنیان دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە ڕەخنەی توند و بێ بنەما ئاراستەی سەرۆکەکەی خۆیان دەکەن.

هۆکاری ئەم ڕەخنە توندانە کە لە مێژووی سیاسیی نەتەوەکاندا گەلێك جار گەیشتۆتە ئاستی نزمیی ناوزڕاندن و سووکایەتی پێکردن، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەو سیاسەتمەدارە لۆکاڵانە بەوجۆرە سەیری بڕیاری سەرۆکە مەزنەکان دەکەن، بەوەی ئایندەی حزبەکانیان لە ئایندەی نەتەوەکەیان گرنگترە، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەو بڕیارە چارەنووسسازەی سەرۆك، بە حیسابی سیاسەتی تەسکی حزبایەتی ئەوان دەبێتە دەروازەیەك بۆ لەقبوونی متمانەی گەل بەو سیاسەتمەدارە لۆکاڵانە، ئەوا لە کاتە هەستیار و ناسکەکانی نەتەوەدا کێشەی ناوخۆیی بۆ سەرۆکەکانیان دروست دەکەن. لی کوان یو سەرۆك وەزیرانی سەنگافورا کە لە ٩ی ئابی ١٩٦٥ سەربەخۆیی سەنگافورای ڕاگەیاند، لە یاداشتەکانیدا ئاماژەی بەوە کردووە «ئەوەی زۆر ئازاری پێدەگەیاندم، هێرش و ڕەخنەی میدیاکانی بەریتانیا و مالیزیا نەبوو، بەڵکو ئەوەی زۆر ئازاری دەدام ئەو ڕەخنە و هێرشە بێ بنەمایانە بوون کە لە میدیاکانی سەنگافورا دەکرایە سەرم». ئەم قسەیە بە شێوەیەکی دیکە ئەبراهام لنکۆڵن -یش کردوویەتی، لەبەر ئەوەی کاتێك شەڕی دژی کۆیلایەتی ڕاگەیاند و کۆنگرێس پشتگیری نەکرد، کەوتە بەر ڕەخنەیەکی توند و هێرشی زۆر ناڕەوا، بۆیە لە کتێبی (لنکۆڵن: میراتی ئازادی) ئەو قسەیەی لنکۆڵن زۆر بە جوانی دووبارە نووسراوەتەوە کە دەڵێت: «ئەگەر لەم شەڕە سەرکەوتوو بووین، ئەوانەی ئێستا هێرشمان دەکەن سەر، قیمەتی پووشێکی نابێت، ئەگەر سەریش نەکەوتین، قسەی ئێمە هیچ بەهایەکی نابێت». ئەم دیاردە نەخوازراوانە لە ژیانی هەموو سەرکردەیەکی مەزندا بوونی هەبووە، بەڵام کاتێك بڕیاری قورس و شێوازی تایبەتی سەرۆکە مەزنەکان ئاراستەی مێژووی نەتەوە وەردەچەرخێنن، ئەوا لەگەڵ ئەم وەرچەرخانەش هەوڵەکانی ئەو سیاسەتمەدارە لۆکاڵانەش دەبێتە بڵقی سەر ئاو.


### وەرچەرخانی مێژوویی لە قۆناخێکی دیاریکراوی نەتەوەدا

وەرچەرخانی مێژوویی لە ژیانی نەتەوەدا، تەنیا ڕووبەڕووبوونەوە و بەرخودانی سەربازی، یان چەکداری

**پێش ئەم ئاژاوەیە هەموو گەلی کوردستان دوعای بۆ سەرکەوتنی پێشمەرگە دەکرد، کەچی ماوەی دوومانگە هەموو تاکێکی کوردستان دوعا دەکەن، خوا کوردستان لە شەڕ و بەڵای گۆڕان و نەوشیروان مستەفا دوور بخاتەوە**

# وینستۆن چێرچڵ گەشبین و خۆڕاگر و ئارامگر بوو
# لە ئاست بارودۆخە سەختەکاندا

**وینستۆن چێرچڵ لە ڕۆژگاری جەنگی دووەمی جیهانیدا سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بوو. چێرچڵ زیاتر بە خۆڕاگری و چۆکدانەدان ناسرابوو لە بەرامبەر ئەو سەختی و دژوارییە لە ڕاددە بەدەرانەی لە میانەی شەڕی بەریتانیا و سەرتاسەری جەنگەکەدا ڕووبەڕووی بۆوە. قسەکردنە پڕ لە کاریگەرییەکانی و کەسایەتییە جەماوەرییەکەی کە هاوشان بوون بە باوەڕبوونی بەوەی سەرکەوتنێکی دیاریکراو بەدەست دەهێنێت، هەموو ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی تەواوی نەتەوەکەی و سەرجەم جیهانیش ببزوێنێت. ئەو لە سەرەوەڕا سەرکردایەتی نەدەکرد، دەهاتە نێو خەڵکەکە و نێو دەستە و ستافەکەی خۆی. بە دوای دەرفەتدا دەگەڕا بۆ گوێگرتن لە کەسانی خوارەوە و خۆی لە سەر ئەرزی واقیع چاودێری بارودۆخەکەی دەکرد و**



**هێندەی فەرماندەی هێزەکانی ٧٠ی سەربە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سەرۆک بارزانی نزیکن و وەک راوێژکار سەرۆک راوێژیشن لەگەڵ دەکات، هێندە فەرماندەی هێزەکانی ٨٠ ی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرۆک بارزانی نزیک نین، ئەمەش لێداوانی راشکاوانەی فەرماندەی هێزەکانی ٧٠ یە کە لە هەموو میدیاکاندا بڵاوی کردۆتەوە**

نییە، بەڵکو وەرچەرخانی مێژوویی واتە دابڕانی دوو سەردەم لە مێژووی نەتەوەدا، هەر بۆ نموونە، کاتێك مستەفا بارزانی لە **٣٠**ی تەمموزی **١٩٤٣** بە راوێژ لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفید بڕیاری دا شۆڕش هەڵبگیرسێنێت، ئەم بڕیارە تەنیا هەڵگیرسانی شۆڕشێك نەبووە و بەس، بەڵکو وەرچەرخان بووە لە مانای شۆڕش و کوردایەتی، بەوەی چیدیکە شۆڕشی کوردستان شۆڕشی ناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستان نییە، بەڵکو شۆڕشی سەرتاسەری کوردستانە دژی داگیرکاری، ئەمەش ئەو دابڕانەمان بۆ دیاری دەکات، ئەگەر مانای شۆڕش و بەرخودان هەتا شۆڕشی دووەمی بارزان، بەرخودان و قوربانیدان بووبێت لە ناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستان، لەوە بە دوا شۆڕش، شۆڕشی هەموو کوردستان بووە و هەموو سەرکردەکانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان پشتیوانییان کردووە.، هەروەها هەر لەم شۆڕشەدا کاتێك بڕیاردرا بچن هاوکاری کۆماری کوردستان بکەن و ببنە سەربازی پاراستنی ئەو کۆمارە، ئەمەش هەنگاوێکی دیکەی وەرچەرخان بوو، بەوەی چیدیکە نابێت کورد و کوردستانییەکان بڕوایان بەو سنوورە دەستکردانە هەبێت، کە داگیرکاران ئەم میللەتەیان پێ پەرتەوازە کردووە. بێگومان شۆڕشی مەزنی ئەیلوول -یش وەرچەرخانێکی دیکەی مێژوویی نەتەوەییمانە، ئەم وەرچەرخانە تەنیا ئەوەندە نییە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لەناو گەلی کوردستاندا دروستکرد، تەنیا ئەوەندە نییە ئەم شۆڕشە بووە ناسنامەی هەموو کوردستانییەکان بە جیاوازی نەتەوە و ئایینەوە، بەڵکو وەرچەرخانی لەمە گەورەتر لە مێژووی نەتەوەکەمان ئەوەیە، شۆڕشی ئەیلوول بووە وێستگەیەکی مێژوویی بۆ ئەوەی جیاوازییە سیاسی و ئایینی و نەتەوەییەکان بپارێزرێت و هەوڵبدرێت لەسەر خاڵە هاوبەشەکان پێکەوە خەبات بکەن، نەك جیاوازییەکان زەق بکرێنەوە و رق و کینە بەرهەم بهێنێت و ببێتە سەرچاوەی لاوازیی نەتەوەکەمان، بەپێچەوانەوە شۆڕشی ئەیلوول تەنیا شۆڕشە لە مێژووی کورد و تەواوی نەتەوەکانی جیهان کە توانی جیاوازییە سیاسی و ئایینی و نەتەوەییەکان بکاتە هێزێکی گەورە بۆ نەتەوەکەمان.

لە مێژووی شۆڕشی ئەیلوولدا هەوڵ هەبووە بۆ ئەوەی جیاوازییەکان بەتایبەتی جیاوازی لە بیروبۆچوونی سیاسیدا بکرێتە رق و کینە و لێکترازان، بەڵام لەبەر ئەوەی بارزانیی مستەفا وەك سەرۆکێکی

**هەڵسەنگاندنی بۆ ڕادەی بەرەوپێشچوون و نزیکبوونەوە لە بەدەستهێنانی ئامانجەکان دەکرد. ئەو ورە و باوەڕبەخۆبوونی خەڵکەکەی بەرز دەکردەوە، نەک تەنیا بە هۆی کەسایەتییە پڕ لە جموجووڵەکەیەوە، بەڵکو بەهۆی تێکەڵبوونی لەگەڵ خەڵکدا، ئەمەش زیاتر لەوەدا ڕەنگیدایەوە کە پێداگیری دەکرد لە سەر ئەوەی لە گۆڕەپانەکە بێت و لە نێوجەرگەی بۆردومانەکاندا بێت لە سەروەختی شەڕی بەریتانیادا و لە سەر خاکی فەڕەنسادا بێت بە چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی بکەوێت، هەروەها چەندین جار بەرەکانی شەڕی بەسەر دەکردەوە. لە کۆتاییدا، کە ئەمە لە هەمووشیان گرنگترە، چێرچڵ، کەسێکی خاوەن ئیرادە بوو، باوەڕی بە خۆی هەبوو، گەشبین و خۆڕاگر و ئارامگر بوو لە ئاست بارودۆخە سەختەکاندا، نەک هەر تەنیا لە سەروەختی جەنگی جیهانی دووەمدا، بەڵکو لە سەرتاسەری ژیانی پیشەیی خۆیشیدا، بە بێ ئەم خەسڵەتانەش ئەگەری ئەوە نەبوو کە چێرچڵ ببێتە سەرکردەیەکی کارا و کاریگەر.**

مەزن مامەڵەی لەگەڵ هەستیاری ئەو قۆناخە دەکرد، توانی جارێکی دیکە لێکترازانی نێو ماڵی کورد بکاتەوە بە یەك ماڵ و یەك ئامانج و یەك سیاسەت. ئەم وەرچەرخانەی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵانی دوای ١٩٧٥-١٩٨٨ یش لە لایەن سەرۆك مسعود بارزانی و ئیدریسی هەمیشە زیندوو درێژەی هەبووە، ئەم درێژە پێدانە، بە مانای پاراستنی ئەو وەرچەرخانە مێژووییە بووە، نەك دروستکردنی وەرچەرخانێکی دیکە، هۆکاری ئەوەشی کە نەتوانراوە وەرچەرخانی دیکە دروستبکرێت، ئەو کێشە و شەڕە ناوخۆییانە بوون کە جیاوازییەکانی کردبووە رق و کینەیەکی ئەتۆ کە شەڕی خوێناوی بە دوای خۆیدا بهێنێت! جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەو رق و کینەیە بەرهەمی لێکترازان و زەقکردنەوەی جیاوازییەکان بوو بۆ لیکترازان، نەك پێکەوە کارکردن، بەڵام سەرۆك مسعود بارزانی و ئیدرسی هەمیشە زیندوو، هەوڵیان بۆ ئەوە بوو جارێکی دیکە جیاوازییەکان لە لێکترازانەوە بگۆڕنەوە بۆ پێکەوە خەباتکردن و پێکەوە کارکردن، ئەم هەوڵانە لە زستانی ١٩٨٧ گەیشتە ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاشت ببنەوە و ڕێککەوتن ئیمزا بکەن، بە ئاشت بوونەوەی ئەم دوولایەنەش زەمینەی بەرەی کوردستانی هاتەئاراوە.

دوای دروستبوونی بەرەی کوردستانی و دڵنیابوون لەوەی جیاوازییە سیاسییەکانمان خاڵی بەهێزی نەتەوەکەمانە، جارێکی دیکە زەمینەی وەرچەرخانی مێژووی لە ژیانی نەتەوەکەمان هاتەوەئاراوە، یەکەم وەرچەرخان کە لە دوای ١٠ پرۆسە بەدناوەکەی ئەنفال و دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و زۆر ناوچەی دیکەی کوردستان و دوای ئەوەی سوپاکەی سەدام حوسێن وەك سوپایەکی سەرکەوتوو لە شەڕی عێراق - ئێران هاتبووە دەرەوە، تەنیا ئامانجی ببووە ئەوەی کە یەك پێشمەرگە لە کوردستان نەمێنێت. هاوکات سەرۆك مسعود بارزانی لە هاوینی ١٩٨٨ لە داستانی خواکورك ئەو خەونەی سوپا زەبەلاح و سەرکەوتووەکەی بەعسی پووچەڵ کردەوە. ئەگەر لەناو نەتەوەدا لێکترازان نەبێت، ئەوا ئەو سوپایەی کە ٨ ساڵ شەڕی لەگەڵ دەوڵەتێکی وەك ئێران کرد و خۆیشی بەسەرکەوتوو دەزانی، دەبووا لەبەردەم ئیرادەی پێشمەرگەدا چۆك دابدات. پرسیار ئەوەیە بۆچی شەڕی خواکورك بە وەرچەرخانی مێژوویی دادەنرێت، لەکاتێکدا هێزی پێشمەرگەی

**هەموو خەڵکی کوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوە و بۆچوونی سیاسییەوە خۆیان بە برا و کەس و هاونیشتمانیی ئەم وڵاتە دەزانن. سەرۆک بارزانی بۆ ئەوەی ئەم یەکڕیزی و خۆشەویستی و ڕێزە بەردەوام بێت، پێش سەفەرەکانی لەگەڵ حزبە سیاسییەکان کۆدەبۆوە و راوێژی پێدەکردن بۆ ئەوەی لەو سەفەرە دیپلۆماسییانە بەرنامەی چی بێت. لە هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دوای پشتگیری لێ دەکردن**

# ئەبراهام لینکۆڵن
# توانی یەکڕیزی نەتەوەکەی بپارێزێت

**ئەبراهام لینکۆڵن، لە یەکێک لە سەختترین رۆژگارەکانی ئەمەریکادا سەرۆکی ئەو وڵاتە بوو. ئەو لە سەروەختی شەڕی ناوخۆییدا سەرکردایەتی کرد و توانی پارێزگاری لە یەکگرتوویی نەتەوەکەی بکات. لەو هەلومەرجە دژوارەدا سەلماندی سەرکردەیەکی کارا و کاریگەرە. ئەو لە ئامانجەکانی خۆی دڵنیا بوو، بەڕوونیش گوزارشتی لێکردن. لینکۆڵن کەسانێکی لە خۆی کۆکردەوە کە مەرج نەبوو هاوڕا بن لەگەڵ بۆچوونەکانیدا، بەڵام هەمان ئەو ئامانجە و خەونە بنەڕەتییانەی ئەویان هەبوو. لینکۆڵن مەبەستی بوو، بچێتە نێو سوپاکەیەوە و خۆی لە نزیکەوە ئاگادار بێت لەوەی چی دەگوزەرێت.**

- **سەرچاوە: سەرکردە کاراکان چی دەکەن لە کاتە سەختەکاندا؟**
- **لە نووسینی تێریَ هوت.**

**ئەوەی جێگەی سەربەرزی و شانازی بووە بۆ هەر تاکێکی ئەم کوردستانە، بە هەموو نەتەوە و شوێنکەوتووانی گشت ئایینەکانیەوە، ئەوەیە کە سەرۆک مسعود بارزانی بەو شێوازە لۆژیکییەی کە ئیدارەی هەموو قەیرانەکان و بەرەکانی شەڕ دەدات، هەمان هەستی کوردبوون و کوردستانیبوونی ساڵی ١٩٦١ی زیندووکردووتەوە، بەوەی هەموو تاکێکی ئەم کوردستانە ئامادەبێت لە پێناوی پاراستنی خاکی کوردستان خۆی بە کوشت بدات**

کوردستان چەندین نەبەردی دیکەشی تۆمار کردووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ساتە هەستیارەکەی مێژووی نەتەوە و شێوازی بڕیار و مامەڵەی سەرۆك مسعود بارزانی بەرامبەر ئەو هێرشەی سوپای عێراق دەیداتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دوژمن دەیویست بە سەرکەوتنی لە شەڕی خواکورك، جاڕی نەمانی کورد بدات، بەڵام بڕیارەکەی مسعود بارزانی دووبارە زیندووکردنەوەی دروشمی «کوردستان، یان نەمان» بووە هۆی ئەو وەرچەرخانە و سوودوەرگرتن لە زەمینەی پێکەوە کارکردن و پێکەوە خەبات کردن، بۆیە لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٨-١٩٩٤، ئیرادەی کوردستانییەکانی بۆ ئاشتی و دیموکراتی و پێکەوەژیان وەك موعجیزەیەکی سیاسی پیشانی جیهان دا، بەڵام بەداخەوە لە ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٨ کە دووبارە شەڕی ناوخۆ لێکترزانی سیاسی و ئیداری لە کوردستاندا دروستکرد، بۆیە جارێکی دیکە هەوڵەکان گەڕانەوە بۆ ئەوەی هەرچۆنێك دەکرێت ئەو وەرچەرخانەی روویداوە و بەرهەمەکەی بۆتە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بپارێزرێت. ئەم هەوڵانە ئەگەرچی هاوکاریی دۆستەکانی کوردیشی لەگەڵدا بوو، بەڵام جۆرە لێکتێگەیشتنێك لەنێوان سەرۆك مسعود بارزانی و جەنابی مام جەلال هاتەئاراوە، بەوەی هەموو هەوڵەکان لەو خاڵەدا چڕبکرێنەوە، کە دووبارە جیاوازییە سیاسییەکان ئاشتی و پێکەوەژیان بەرهەم بهێنێتەوە، نەك شەڕ و دووبەرەکی، لەسەر ئەم بنەمایە توانرا نەخشەڕێگەیەك نەك تەنیا بۆ رێککەوتنێکی ئاسایی، بەڵکو نەخشەڕێگە بۆ رێککەوتنێکی ستراتیژی دابڕێژرێت.

ئەوەی لێرەدا گرنگە جەختی لە سەر بکەینەوە، ئەوەیە هەر کاتێك نێومالی کوردستان ئەگەر یەکڕیز بووبێت، پاراستنی وەرچەرخانە مێژووییەکانی نەتەوەی لێکەوتووەتەوەو هەنگاوی جددی بۆ وەرچەرخانی مێژوویی دیکە نراون. ئەگەر بە خێرایی ئاماژە بەو وەرچەرخانانە بکەین، لەوانە: (هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بە شێوەیەکی فەرمی لە ساڵی ١٩٩٨، رۆڵی کورد لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق و چەسپاندنی فیدراڵیزم لە کارنامەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق، بوونی کورد بە بەشێك لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و کردنی ئەزموونی کوردستان بە ئەمری واقیع لە دەستووری عێراقدا، مانەوەی پێشمەرگە وەك گاردی کوردستان و بەشێك لە سیستمی بەرگری



عێـــراق، یاســـای نـــەوت و گاز و بەرهەمهێنـــان و هەناردەکردنی نەوت، شەڕی داعش و سەرکەوتنەکانی پێشـــمەرگە، هەنگاوهەڵگرتن بەرەو سەربەخۆیی ) ئەم وەرچەرخانانەی ئاماژەمان پێکرد، هەمووی لە ســـەر زەمینەی یەکڕیزی و یەکهەڵوێســـتی حزب و لایەن و نەتەوە و ئایینیە جیاوازەکانی کوردســـتان دروستبوون، هەر بۆیە سەرۆک مسعود بارزانی تەنیا شتێك کە لێی بترسێت، درزکەوتنە ناو ئەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییەیە و لە پێناوی پاراســـتنی ئـــەم یەکڕیزییەش ئامادەیە هەموو قوربانییەك بدات.

**● بوونی پێشمەرگە بە مەدالیای ڕێز بە ناسنامەی کوردستانیبوونەوە**

شـــەڕی داعش لەگەڵ ئەوەی کارەساتێکی گەورە و شـــەڕێکی خوێناوی و نەخوازراو بـــوو کە لە ناکاو یەخەی کوردســـتانی گرت، بەڵام بڕیاری قورســـی سەرۆك بارزانی بە ڕاگەیاندنی شەڕی «کوردستان، یان نەمان» و بەشداری ڕاستەوخۆی هاوشانی پێشمەرگە لە هەموو بەرەکانی شـــەڕ و ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ هاوکاری کوردانی کۆبانـــی، لە ماوەی کەمتر لە ســـاڵێکدا، لەسەر ئاســـتی جیهان ناوی پێشمەرگەی کرد بە مەدالیایەکی ڕێز بە ناســـنامەی کوردســـتانی بوونمانەوە، جیهانی گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە لە بەر خاتری پێشمەرگە و سەرکردایەتی کردنی ئەم هێزە بێ نموونەیە لە جیهاندا، دەبێت ڕێز لە کوردستان بگیرێت. ڕێزێکـــی وای فەرزکرد کـــە دەبێت ڕاســـتەوخۆ وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکرێت، ئەم ڕێزە گەیشتۆتە ئاســـتێك، جیا لەوەی کە سەرۆك مسعود بارزانی وەك هاوتای ســـەرۆکەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا و جیهان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لە هەمانکاتدا وەزارەتی پێشـــمەرگەی کوردســـتانی گەیاندۆتە ئاستێك کە هاوشان لەگەڵ وەزارەتی بەرگری ئەمریـــکا و بەریتانیا و فەرەنســـا و ئەڵمانیا و تەواوی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا کۆببێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا وەزیری پێشمەرگەی کوردستان سەر بە حزبێکە هێزی پێشمەرگەی نییە، بەڵام شێوازی سەرکردایەتی بارزانی وایکردووە، هەموو هێزی پێشـــمەرگەی کوردستان بە وەزیری خۆیانی بزانن و فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن. لەمـــەش زیاتر هێندەی فەرمانـــدەی هێزەکانی ٧٠ی سەربە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سەرۆك بارزانی نزیکن و وەك ڕاوێژیان سەرۆك ڕاوێژیشن لەگەڵ دەکات،

**شەڕی داعش لەگەڵ ئەوەی کارەساتێکی گەورە و شەڕێکی خوێناوی و نەخوازراو بوو کە لە ناکاو یەخەی کوردستانی گرت، بەڵام بڕیاری قورسی سەرۆک بارزانی بە ڕاگەیاندنی شەڕی «کوردستان، یان نەمان» و بەشداری ڕاستەوخۆی هاوشانی پێشمەرگە لە هەموو بەرەکانی شەڕ و ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ هاوکاری کوردانی کۆبانی، لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا، لەسەر ئاستی جیهان ناوی پێشمەرگەی کرد بە مەدالیایەکی ڕێز بە ناسنامەی کوردستانی بوونمانەوە**

# نێلسۆن ماندێلا بە میتۆدی ئاشتیانە گرێی ئاڵۆزی ئەپارتهایدی کردەوە

**دەستکەوتی نێلسۆن ماندێلا ئەوە بوو کە بە شێوەیەکی ئاشتییانە کۆتایی بە رژێمی ڕەگەزپەرستی «ئەپارتهاید» هێنا. کاتێک ماندێلا لە زینداندا بوو. فشارەکان لە سەر حکومەتی کەمینەی سپی پێست کەڵەکە دەبوون. دواتر دەرگای گفتوگۆکان کرانەوە، کە ماندێلا خۆی رۆڵی هەبوو لە هێنانەئارای ئەو گفتوگۆیانەدا، تەنانەت ئەو کاتەی کە لە زیندانیشدا بوو. لەساڵی ۱۹۹۰دا و دوای ۲۷ ساڵ زیندانی، ئازاد کرا و سەرکردایەتی پارتی کۆنگرێسی نەتەوەیی گرتەئەستۆ، کە نوێنەرایەتی ڕەشپێستەکانی باشووری ئەفریقیای دەکرد. لە ساڵی ۱۹۹٤دا بووە یەکەم سەرۆکی ڕەشپێستی باشووری ئەفریقیا، تەحەددییەکانی بەردەمی لە ڕاددەبەدەر قورس بوون. خەڵکانی ڕەشپێستی باشووری ئەفریقیا هەستیان بە تاڵاو و توورەیی دەیان ساڵی سەرکوتکاری دەکرد کە ڕووبەڕووی ببوونەوە. سپیپێستەکان ترسیان لێ نیشتبوو، نیگەران بوون لە بارەی لەدەستدانی ئیمتیازاتەکانیان و لەوەی ڕووبەڕووی تۆڵەکردنەوەیەکی توندوتیژانە ببنەوە لەلایەن ڕەشپێیستەکانەوە کە دەسەڵاتیان گرتبۆوە دەست، بەڵام لە ماوەی پێنج ساڵی سەرۆکایەتییەکەیدا**

**دوژمن دەیویست بە سەرکەوتنی لە شەڕی خواکورک، جاڕی نەمانی کورد بدات، بەڵام بڕیارەکەی مسعود بارزانی دووبارە زیندووکردنەوەی دروشمی «کوردستان، یان نەمان» بووە هۆی ئەو وەرچەرخانە و سوودوەرگرتن لە زەمینەی پێکەوە کارکردن و پێکەوە خەبات کردن، بۆیە لە ماوەی ساڵانی ۱۹۸۸-۱۹۹٤، ئیرادەی کوردستانییەکانی بۆ ئاشتی و دیموکراتی و پێکەوەژیان وەک موعجیزەیەکی سیاسی پیشانی جیهان دا**

هێندە فەرماندەی هێزەکانی ۸۰ ی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرۆك بارزانی نزیك نین، ئەمەش لێداوانی راشکاوانەی فەرماندەی هێزەکانی ۷۰ یە کە لە هەموو میدیاکاندا بڵاویان کردۆتەوە. هەروەها وەزیری پێشمەرگەش کە راستەوخۆ پێوەندی لەگەڵ سەرۆك بارزانی هەیە وەك فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، خۆی لە دیمانەیەکدا بە گوڵانی راگەیاندووە، کە سەرۆك بارزانی ژوورێکی عەمەلیاتی دروستکردووە، ئەندامانی ئەو ژوورە فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و زێرەڤانی لە خۆی دەگرێت و بە راوێژ و کۆدەنگی ئیدارەی ئەم شەڕە گەورەیە دەدەن و وەزیری پێشمەرگە خۆی راستەوخۆ فەرمانی ناردنی چەك و تەقەمەنی و هێز بۆ بەرەکانی شەڕ دەدات و بە پێی پێویست بۆ بەرەکانی شەڕی دەنێرێت.

ئەم شەڕە لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتا ئەنفالێکی گەورە بوو دژی بوونی نەتەوەییمان بە هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستانەوە، لەگەڵ ئەوەی ویژدانی هەموو لایەکی زۆر ئازار دا، بەتایبەتی مامەڵەی دڕندانەی تیرۆریستانی داعش بەرامبەر برا و خوشکانی ئێزدی، لەگەڵ یاری بە شەرەف و کەرامەتی نەتەوەیمان کە پاکیزەکانمان وەك کۆیلەی سێکسی بازرگانییان پێوە کرا، لەگەڵ زیاتر لە ۱۵۰۰ پێشمەرگەی ئەم وڵاتە بوونە قوربانی و زیاتر لە ٦۰۰۰ پێشمەرگەمان بریندار بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی بەڵێنی نێوان حزبە سیاسییەکان لە پێکهێنانی کابینەی هەشتەم و دابەشکردنی پشکی کورد لە پۆستەکانی بەغدا، بۆ ئەوە بوو چوار ساڵی ئارامی بەڕێ بکەین، سەرۆك زۆر بە ئاسانی توانی بڕیاری قورس بدات و شێوازی گونجاو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو قەیرانەکان بە قەیرانی (ئابووری، ئاوارە و پەناهەندە کە نزیکەی دوو ملیۆن کەس دەبن) بدۆزێتەوە، بۆیە توانرا برینی کارەساتی ئێزدییەکانیش بە سەرکەوتن لە بەرەکانی شەڕ سارێژ بکرێ. هەروەها هەماهەنگی و هاوکاری نێوان حکومەت و پەرلەمان بەردەوام بێت، لەگەڵ ئەوەش یەکەی ۷۰ و ۸۰ بوونیان هەر هەیە، بەڵام بە کردەیی بوونە یەك هێز لە ژێر چەتری یەك سەرکردەدا. هەروەها ئیدارەدانی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و بەشداریی کورد لە کابینەکەی عەبادی، ئیدارەدانی بەرەکانی شەڕ لە کۆبانێوە تا جەلەولا، لەمەش زیاتر ئەوەی جێگەی سەربەرزی و



ماندێلا جڵەوی پرۆسەیەی وەرچەرخانی ئاشتییانەی گرتەدەست و وڵاتەکەی کە بە دەست ناکۆکی و دابەشبوونی ڕەگەزییەوە دەیناڵاند، پەڕاندەوە بەرەو دیموکراسیەتێک کە لەسەر بەها جیهانییەکان بنیادنرا بوو، هاوشان بە دەستوورێکی پێشکەوتوو و دەستەبەرکردنی مافەکان. لە میانەی ئەو پرۆسەیەدا توانی سۆز و ڕێزی سەرجەم پێکهاتەکانی وڵاتەکەی بەدەست بهێنێت. لە بەرامبەر هەموو ئاستەنگەکاندا توانی وڵاتەکە بەرەو کەناری ئارامی و سەقامگیری ببات. ڕەنگە ئەمە دەستکەوتێکی بێ پێشینە بێت لە مێژوودا.

- سەرچاوە: «ماندێلا چ وانەیەکی فێری جیهان کرد لە بارەی سەرکردایەتییەوە؟»
- لە نووسینی: «ویلی پیتەرسەن».

شانازی بووە بۆ هەر تاکێکی ئەم کوردستانە، بە هەموو نەتەوە و شوێنکەوتووانی گشت ئایینەکانیەوە، ئەوەیە کە سەرۆك مسعود بارزانی بەو شێوازە لۆژیکییەی کە ئیدارەی هەموو قەیرانەکان و بەرەکانی شەڕ دەدات، هەمان هەستی کوردبوون و کوردستانیبوونی ساڵی ١٩٦١ی زیندووکردووتەوە، بەوەی هەموو تاکێکی ئەم کوردستانە ئامادەبێت لە پێناوی پاراستنی خاکی کوردستان خۆی بە کوشت بدات. ئەم شێوازەی سەرۆك مسعود بارزانی جارێکی دیکە بە هاوشێوەی مستەفا بارزانی، تەواوی حزب و چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی لە چوارچێوەی کوردستانیبوون ڕێکدەخاتەوە. خەڵك خۆی بە خاوەنی پێشمەرگە دەزانێ و پێشمەرگە خۆی بە پارێزەری گەل و نیشتمانەکەی دەزانێ. لە ماوەی ئەم ساڵەدا شێوازی سەرکردایەتی سەرۆك بارزانی، بنەمای خۆشەویستی و ڕێزگرتن و سۆزی نەتەوەیی و نیشتمانی لە ناو تاك بە تاکی ئەم کوردستانە دروست کردەوە، هەموو خەڵکی کوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوە و بۆچوونی سیاسییەوە خۆیان بە برا و کەس و هاونیشتمانیی ئەم وڵاتە دەزانن. سەرۆك بارزانی بۆ ئەوەی ئەم یەکڕیزی و خۆشەویستی و ڕێزە بەردەوام بێت، پێش سەفەرەکانی لەگەڵ حزبە سیاسییەکان کۆدەبۆوە و راوێژی پێدەکردن بۆ ئەوەی لەو سەفەرە دیپلۆماسییانە بەرنامەی چی بێت. لە هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان داوای پشتگیری لێ دەکردن، ئەم هەنگاوانەی سەرۆك بارزانی زەمینە رەخساندن بوو بۆ وەرچەرخانی یەکجارەکی و سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام مخابن لە پڕ بەبێ ئەوەی هیچ پاساوێك هەبێت، بزووتنەوەی گۆڕان هەوڵیدا ئەم زەمینەیەی دروست ببوو، هەموو لەبەر یەك هەڵبوەشێنێت، هیچ پاساوێکیش نەبوو بۆ ئەوەی ئەم خۆشەویستی و ڕێز و سۆزە نەتەوەیی و نیشتمانییەی دروست ببوو، بیگۆڕێت بۆ رق و کینە و تۆڵەسەندنەوە! تۆڵەسەندنەوە لە چی؟ بێگومان لەوەی نابێت ئەم وڵاتە لە ژێر سایەی سەرۆك مسعود بارزانی ئارام و یەکڕیز و یەك هەڵوێست بێت! ئەو بڕیارەی نەوشیروان مستەفا بۆ ئەوەی ئەم وڵاتە بشێوێنێت، لە جۆرێك شێتی سیاسیی دەچێت، لەبەر ئەوەی کوردستان لە حوزەیرانی ٢٠١٤- حوزەیرانی ٢٠١٥، لە بارودۆخێکی تەنیا نائاسایی شەڕدا نەبوو، بەڵکو لە بارودۆخێکی پڕ قەیرانی هەمەلایەنەی دارایی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بووە، پەرلەمانی کوردستان لە


**لە مێژووی شۆڕشی ئەیلوولدا هەوڵ هەبووە بۆ ئەوەی جیاوازییەکان بەتایبەتی جیاوازی لە بیروبۆچوونی سیاسیدا بکرێتە رق و کینە و لێکترازان، بەڵام لەبەر ئەوەی بارزانی مستەفا وەک سەرۆکێکی مەزن مامەڵەی لەگەڵ هەستیاری ئەو قۆناخە دەکرد، توانی جارێکی دیکە لێکترازانی نێو ماڵی کورد بکاتەوە بە یەک ماڵ و یەک ئامانج و یەک سیاسەت**

# گاندی سەرکردەیەکی خزمەتکار و
# مەشخەڵی نەوەکانی داهاتوو

ڕۆبەرت گرینفیڵد دەستەواژەی سەرکردەی خزمەتکاری داهێنا و لە ساڵی ١٩٧٠دا وتارێکی نووسی بە ناوی خزمەتکار وەک سەرکردە، ئەو دوای خوێندنەوەی کورتە ڕۆمانەکەی هێرمان هێسێ، بە ناوی گەشتێک بۆ ڕۆژئاوا، گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە مانا بنەڕەتییەکەی ڕۆمانەکە ئەوەیە پێویستە سەرکردەی خزمەتکار سەرەتا و پێش هەر شتێک خزمەتکار بێت و ئەزموونی خزمەتکردن بەدەست بهێنێت، ئەمەش گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە بۆ ئەوەی ببێتە سەرکردەیەکی مەزن. گاندی –یش یەکێک بوو لە مەزنترین سەرکردەکانی بزووتنەوەی ناتوندوتیژی کە جیهان بە خۆیەوە بینیبێتی. ئەو وەک پێشەنگی ساتیاگراها، کە بە مانای بەرهەڵستی دێت لە ڕێی یاخیبوونی مەدەنی ناتوندوتیژییەوە بووە یەکێک لە مەزنترین سەرکردە سیاسییەکانی سەردەمی خۆی. زۆرێک لە سەرکردە مەزنەکانی دیکەی وەک مارت لۆسەر کینگ و نێلسۆن ماندێلا ئیلهامیان لە فەلسەفەی ناتوندوتیژیی گاندی وەرگرت. زۆرێک لە نووسەران گاندی بە سەرکردەیەکی خزمەتکار وەسف دەکەن و گاندی بە «مەشخەڵی نەوەکانی داهاتوو» لە قەڵەم دەدەن، ئەم خەسڵەتەش وادەکات سەرکردە خزمەتکارەکان سەرەتا خۆیان بە خزمەتکار و دواتر خۆیان بە سەرکردە بزانن. گاندی خزمەتکردنی خەڵکی بە شەرەف و بە بەختەوەری دەزانی. هەمیشە سەرکردە خزمەتکارەکان چاویان لە ئایدیای باڵا و بەها ئەخلاقییەکان و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی شوێنکەوتووانیانە. کار و کۆششی ئەوان بۆ ئەوەیە هەم ئامانجەکانیان و هەم ئامرازەکانی بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە ڕووی ئەخلاقییەوە شەرعییەتیان هەبێت و لە

**هەموو سەرۆکە مەزنەکان کە شێوازێک هەڵدەبژێرن بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن و چارەسەرکردنی تەنگژە و قەیرانەکان، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ڕەخنەی توندی نەیار، یان ئەوانە دەبنەوە، کە خۆیان وەک سیاسەتمەدار بە ڕکابەری سەرۆکە مەزنەکە دەزانن**

ماوەی یەك ساڵی رابردوودا خۆی لە بارێکی نائاساییدا بووە، بەشی زۆری پەرلەمانتارەکانیش -بەبێ جیاوازی سیاسی- هێندەی بەم بارودۆخەوە سەرقاڵ بوون، نەپەرژاونەتە سەر ئەوەی کاری پیشەیی پەرلەمانی خۆیان بکەن، سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی هێندەی بە کێشەی ئاوارەکان و کارەساتی ئێزدییەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی پێشمەرگە و نەبوونی مووچە و بودجە سەرقاڵ بوون، نەیانتوانیوە کاری حکومەتایەتی خۆیان بکەن، ئەمە بێجگە لەوەی بە درێژایی ساڵی ٢٠١٤ تا دەگاتە ئێستاش رۆژ نییە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێرشی تیرۆریستانی داعش تێکنەشکێنێت و بەردەوام و رۆژانە هاووڵاتیانی کوردستان پێشوازی لە تابووتی خوێناوی رۆڵە شەهیدەکانیان دەکەن و باوەش بە بریندارەکانیاندا دەکەن. لەم کاتە هەستیار و ناسکە، سەرکردەی حزبێك هەوڵبدات بۆ دروستکرنی ئاستەنگ و هەوڵدان بۆ شکست پێهێنانی سەرۆکەکەی و تێکدانی وڵاتەکەی، تەنیا لە بەر ئەوەی نایەوێت سەرکەوتنەکانی سەرۆك مسعود بارزانی ببینێت، ئەمە زەحمەتە لە پێناسەی سیاسەتدا جێگەی ببێتەوە! ئەگەر لێرەوە هەڵوەستەیەك لەسەر ئەو دوومانگە پڕ لە نائارامییە بکەین کە نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەی گۆڕان لە کوردستاندا دروستیان کرد، دەبینین چۆن هاوکێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەم وڵاتە پێچەوانە بۆتەوە، پێش ئەوەی نەوشیروان مستەفا ئەم ئاژاوەیە دروست بکات،



ڕووی عەقڵییەوە پشتڕاست کرابێتنەوە. شێوازی شەڕکردنی گاندی لەگەڵ بەریتانیادا بریتی بوو لە ساگیاهارتا، کە ئەگەر وەرگێڕانێکی حەرفی بۆ بکرێت، ئەوا دەبێتە پێداگری لەسەر ڕاستی. گاندی پاڵەوانی گرتنەبەری خۆشەویستی و ناتوندوتیژی و لێخۆشبوون و یاخیبوونی مەدەنی بوو لە بەرامبەر یاسا نادادپەروەرەکانی بەریتانیادا، سەرکەوتووانە سەرکردایەتی خەڵکی هیندستانی کرد بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێکی بێ خوێنڕێژی و لە کۆتاییدا بۆ سەربەخۆیی.

- سەرچاوە: مەهاتما گاندی: مۆدێلی هیندستان بۆ سەرکردایەتی خزمەتکار
- لە نووسینی: ئەنێتە بارناباس

خەڵك لە هەندەرانەوە دەهاتەوە و دەبوو بە پێشمەرگە و لە بەرەکانی شەڕدا شەهید دەبوو، بریندار دەبوو، خەڵك خۆبەخشانە دەبوون بە پێشمەرگە، بەڵام ئێستا لاوەکانمان بە لێشاو ڕوو لە هەندەران دەکەن و ڕێگەی مەرگ تاقی دەکەنەوە! پێش ئەم ئاژاوەیە هەموو گەلی کوردستان دوعای بۆ سەرکەوتنی پێشمەرگە دەکرد، کەچی ماوەی دوومانگە هەموو تاکێکی کوردستان دوعا دەکەن، خوا کوردستان لە شەڕ و بەڵای گۆڕان و نەوشیروان مستەفا دوور بخاتەوە.

لە ئێستادا کە بە پشتیوانی خوا و ئیرادەی خێری لایەنە سیاسییەکان خەریکە بارودۆخەکە بەرەو ئاراستە ڕاستەقینەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، کە دروستبوونەوەی ڕێز و خۆشەویستییە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و تەواوی گەلی کوردستان بە جیاوازی نەتەوە و ئایینەوە، کاتی ئەوەیە هەموو پێکەوە ڕەگ و ڕیشەی ڕق و کینە و بەخیلی پێبردن و چاوهەڵنەهاتن بە سەرکەوتنەکانی کوردستان هەڵکەنین و هەموو پێکەوە دەست بخەینە ناو دەست و هاوکاری سەرۆکی خۆمان بین، بۆ ئەوەی بڕیاری قورستر بۆ وەرچەرخانی یەکجارەکی و سەربەخۆیی کوردستان بدات و هەمووان هەنگاوی بۆ هەڵبگرین. لە پێناوی ئەم ڕۆژەدا زیاتر لە ١٠٠ ساڵە ئەم گەلە قوربانی دەدات، ئێستا وەك لی کوان یو دەڵێت سەربەخۆیی کوردستان بۆتە فەرز و گرنگە ئەم فەرزەش جێبەجێ بکەین.

**قەیران و تەنگژە و شەڕ، باشترین هەلسەنگاندن و تاقیکردنەوەن بۆ سەرۆکی نەتەوە. ئەو سەرۆکەی بتوانێت لە ناو گێژاوی قەیران و تەنگژە و شەڕدا بەهەر شێوازێک دەرگای ئومێد و ئایندەیەکی گەش بە رووی نەتەوەکەیدا بکاتەوە، ئەوا نەتەوە خۆی نازناوێکی شایستە دەخاتە پاڵ ناوی سەرۆکەکەی**





## ستۆران ستیڤنسۆن

سەرۆکی پێشووی شاندی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ عێراق لە دیمانەیەکی گوڵاندا:

# نووسینگەی یەکێتی ئەوروپا لە هەولێر نیشانەی بایەخی کوردستانە لە سیاسەتی یەکێتی ئەوروپادا



ستۆران ستیڤنسۆن كه ئێستا سەرۆكی ڕێكخراوی ئازادیی عێراقه، پێشتر هەتا ساڵی ٢٠١٤ سەرۆكی شاندی پەرلەمانی ئەوروپا بووه بۆ پێوەندییەكان لەگەڵ عێراقدا، لەو ماوەیەشدا چەندین جار سەردانی كوردستان و عێراقی كردووه و یەكێك لەو پەرلەمانتارانەی یەكێتی ئەوروپا بووه كه پێشنیاری كردووه نووسینگەی یەكێتی ئەوروپا له هەولێر بكرێتەوه، هەروەها به دەستپێشخەری ستۆران ستیڤنسۆن له مارتی ٢٠١٣ پەرلەمانی ئەوروپا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ پیشانگەیەكی بۆ قوربانییانی هەڵەبجه كردۆتەوه، ئەمەش وەك هەوڵێكی ئەو پەرلەمانتاره بۆ ناساندنی تاوانی كیمابارانكردنی هەڵەبجه به ژینۆساید لەلایەن پەرلەمانی یەكتی ئەوروپاوه بووه. جێگەی خۆشحاڵی بوو كه ڕۆژی ٢٣ی ئابی ٢٠١٥ به ئامادەبوونی نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان نووسینگەی یەكێتی ئەوروپا له هەولێر كرایەوه. سەبارەت به بایەخی ئەم نووسینگەیه بۆ كوردستان و پێوەندییەكانی لەگەڵ یەكێتی ئەوروپا، گوڵان ئەم دیمانه تایبەتەی لەگەڵ ستۆران ستیڤنسۆن ئەنجامدا و بەمجۆره وەڵامی پرسیارەكانی دایەوه.

* سەبارەت بە کردنەوەی نووسینگەی پەیوەندییەکانی یەکێتی ئەورووپا لە هەولێر، چۆن ئەم پێشکەوتنە دەبینی و ئەم هەنگاوە چۆن خزمەتی پەیوەندییە هاوبەشەکانی هەردوولا دەکات؟

- هەمیشە وتوومە کە کردنەوەی نووسینگەی یەکێتی ئەورووپا لە هەولێر زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی هەولێر بووەتە جێگەی بایەخ لە شەڕی دژی داعش و هەروەها بووەتە جێگەی سەرنجی پێشکەوتن و دیموکراسی لە هەموو عێراقدا. ئێستاش بەغداد بووەتە پایتەختی دەوڵەتێکی شکستخواردوو، بەشێوەیەك خراپ بووە کە خەڵك پێیوایە عێراق دابەش دەبێت بۆ سێ هەرێمی جیا، کوردستانی سەربەخۆ، هەروەها داعش دەستیگرتووە بەسەر ناوچەیەکیدا و بەشە چەماوەکەی عێراقیش بە بەغدادەوە لە ژێر دەستی حکومەتی شیعەکان بە سەرکردایەتی حەیدەر عەبادی ماوەتەوە. ئەگەر عەبادی خێرا چاکسازییەکانی جێبەجێ نەکات کە پێویستە هەڵوەشاندنەوەی ڕۆڵی جێگری سەرۆك کۆماری تێدا بێت. عەبادی دەبێت خێرا خۆی لە نوری مالیکی ڕزگار بکات و زیاتر لەوەش دەستگیری بکات و بە تۆمەتی گەندەڵی و تاوان دژی مرۆڤایەتی بیداتە دادگای نێودەوڵەتی لە لاهای. ئەمانە و چاکسازییەکانی تر کە حەیدەر عەبادی پێشکەشی کردووە، دەبێت زوو جێبەجێ بکرێن، لێرەشەوە لەگەڵ ئایەتوڵڵا سیستانی هاوڕام کە پاڵپشتی لە چاکسازییەکانی عەبادی کردووە.

* بەڵام هێشتا عێراق وڵاتێکی زۆر جەمسەرگیرە، کەواتە چۆن نووسینگەی پەیوەندییەکانی یەکێتی ئەورووپا لە هەولێر دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە دروستکردنی کەشێك بۆ ئاشتیی بەردەوام و چارەسەری درێژخایەن بۆ جیاوازی و ناکۆکییە سەرەکی و زۆرەکان لە عێراق؟

- بە زۆری بایەخی یەکێتی ئەورووپا دەبێت بۆ هەولێر بێت لە کوردستان. ئێستا سەرۆك بارزانی لە ڕۆژئاوا و بەتایبەتیش لە ئەورووپا، متمانەی زۆر زیاترە لە حەیدەر عەبادی، لەبەر ئەوەی زیانێکی زۆر بە متمانەی نێودەوڵەتی عێراق کەوتووە بە هۆی ڕەفتارەکانی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراقەوە، بۆیە دەبێت بایەخی زۆری ئەمریکا و ڕۆژئاوا و نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کوردستان و هەولێر بێت. ئێستا ئێمە تێگەیشتووین کە کوردستان و پێشمەرگە تەنها ئەگەری تێکشکانی داعشن لە ناوچەکەدا و دەبێت بە شێوەیەکی ڕێکوپێك دەست بکرێت بەپێدانی چەکی مۆدێرن بە پێشمەرگە بۆ ئەوەی سەرکەوتنی گەورە لە دژی داعش بەدەست بێنن. سوپای عێراق لە توانایدا نییە ئەوە بکات و چەکدارانی شیعەش کە لەلایەن قاسم سولەیمانییەوە سەرکردایەتی دەکرێن، دانیشتووانی سوننە لە عێراق لەوان زیاتر دەترسن وەك لە داعش. بۆیە ئێستا کردنەوەی ئۆفیسی یەکێتی ئەورووپا لە هەولێر زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ستافیان هەبێت و ڕاستەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا هەبێت، بۆ ئەوەی بەردەوام ئاگاداربن و یارمەتی پێویست بگەیەنن، وەك دابینکردنی یارمەتی سەربازی بۆ پێشمەرگە و دابینکردنی خواردن و کەلوپەل بۆ ئەوەی یارمەتی کوردەکان بدات، چارەسەری قەیرانی ئاوارەکان بکەن، کە بەردەوام لە هەڵکشاندایە لەبەر کێشەکانی عێراق و دەوڵەتی دراوسێی سووریا.

* بینیمان کە هێزەکانی ئاسایش و سوپای عێراق لەبەردەم داعشدا توانەوە، بەتایبەتی لە موسڵ، پاشان دەرکەوت کە گەڕانەوە بۆ باری ئەوسا مەحاڵە. کەواتە ئەگەر بمانەوێت ئارامی وڵات بپارێزرێت، شوێن چ تەرتیبێکی دەستووری بکەوین بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە فیدراڵیزم هیچ یەکێك لەو ئامانجانەی بەدینەهێناوە؟

- کەوتنی موسڵ مایەی شەرمەزاری بوو بۆ فەرماندەی هێزەکانی عێراق کە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەربازی عێراقی ڕایانکرد لە بەرانبەر هێرشی هێزێکی بچووکی وەك داعش. ئەو فەرماندەیە ڕاستەوخۆ لادرا و بە کەسێکی ترسنۆك وەسفکرا، کە هەمان ئەو فەرماندەیە بوو کە سەرکردایەتی چەندین بەتالیۆن لە سوپای عێراقی کرد لە هێرش و کۆمەڵکوژی لە کامپی ئەشرەف چەند ساڵێك لەمەو پێش، واتە فەرماندەی هێزەکانی عێراق لە موسڵ کەسێکی زۆر ئازا بوو کە دەهاتە سەر کوشتنی ژن و مندال و ئەوانەی کە هیچیان پێ نییە بەرگری لەخۆیان بکەن، بەڵام کەسێکی تەواو ترسنۆك بوو کاتێك لەلایەن ژمارەیەکی کەم لە چەکدارانی داعشەوە هێرشی کرایە سەر. ئەوە مایەی شەرمەزاری تەواو بوو بۆ ژەنەڕاڵێکی عێراقی، چونکە موسڵی بەو شێوەیە خست- کە دواتر لابرا-. کێشەکە ئێستا ئەوەیە کە دوو ملیون خەڵك هەیە لە موسڵ دەژین و زۆربەیان سوننەن و لەوە دەترسن کە ڕۆژئاوا هێرشە ئاسمانییەکانی بۆ یارمەتی چەکدارە شیعەکان بە سەرکردایەتی قاسم سولەیمانی بۆ لێدانی زەبری گەورە لە بارەگاکانی داعش دەست پێبکات، ئەمەش دەبێتە مایەی کوشتن و برینداری زۆری دانیشتووانی مەدەنی لە موسڵ، چەکدارە شیعەکانیش بەهەمان شێوە لە داعش دەترسن. بارودۆخەکە بە شێوەیەك خراپ بووە کە زۆربەمان

**بۆ یەکێتی ئەورووپا گرنگە کە ئەو دڵنیاییە بداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە تێدەگەن لە ڕۆڵی میحوەریی هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژی تیرۆریستان**

**ئێمە لە ڕۆژئاوا هەموو ڕۆژێك لە هەواڵەکاندا بە ترسەوە سەیری ئەو کارە دڕندانە دەکەین کە داعش ئەنجامی دەدات. سەیری ئازایەتی پێشمەرگە دەکەین وەک تەنها هێزی باوەڕپێکراو لە شەڕ لەدژی داعش**

**زۆر گرنگە کە یەکێتی ئەورووپا نووسینگەی پەیوەندییەکانی لە هەولێر هەبێت بۆ ئەوەی پاڵپشتی تەواوی سەرۆك بارزانی و حکومەتی هەرێم و پێشمەرگە بکات**

**گرنگە ئەورووپا ڕاستەوخۆ لە ڕێی ڕێکخراوی ئۆکسفام و مانگی سوور و خاچی سوور و هەموو ئەو ڕێکخراوە ناحکوومییانەی یارمەتی ئاوارەکان دەدەن، ڕاستەوخۆ لەڕێی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە یارمەتییەکان بە کامپەکانی ناو کوردستان بگەیەنن و نەیدەن بە حکومەتی بەغدا کە هەرگیز ناگات بە حکومەتی هەرێم**



**خۆم لە هەولێر و کوردستان قەیرانی پەنابەرانم بینیوە کە لە ناو وڵاتدا ئاوارە بوون، یان لە سووریاوە هاتوونەتە کوردستان و دەشزانم چۆن هەمیشە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە باشی پێشوازی لەو پەنابەرانە کردووە، بەڵام ناتوانن بەردەوام بن بە بێ یارمەتی زیاتر لە ئەوروپاوە**

**هەولێر بووەتە جێگەی بایەخ لە شەڕی دژی داعش، هەروەها بووەتە جێگەی سەرنجی پێشکەوتن و دیموکراسی لە هەموو عێراقدا. ئێستاش بەغداد بووەتە پایتەختی دەوڵەتێکی شکستخواردوو**

**لە ڕابردوودا، نوێنەرانی باڵای یەکێتی ئەوروپا و وەزیرانی دەرەوە تەنها یەک ئۆفیسیان لە بەغدا کردبووەوە، کە ئەویش بە کرێ لە سەفارەتی بەریتانیایان گرتبوو، زۆربەی ستافەکەیان لە پایتەختی ئوردن لە عەمان بوون نەک لە بەغدا**

**پێشتریش وتوومە پاڵپشتی سەربەخۆیی کوردستان دەکەم و پێموایە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە کوردستان بانگەشەی سەربەخۆیی خۆی بکات**

ئێستا لە ڕۆژئاوا لەوە دەترسین دابەشبوون لە عێراقدا رووبدات و وڵات دابەش بێت بۆ سێ دەوڵەتی جیا. من پێشتریش وتوومە پاڵپشتیی سەربەخۆیی کوردستان دەکەم و پێموایە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە کوردستان بانگەشەی سەربەخۆیی خۆی بکات.

*** چۆن ئەم نووسینگەی پێوەندییانەی یەکێتی ئەوروپا دەتوانێت یارمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بدات لە رووی یارمەتیی سەربازی بۆ پێشمەرگە، کە پێشمەرگە پێویستی بە چەکی پیشکەوتوو هەیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش و هەروەها یارمەتیی مرۆیی بۆ ئەو ئاوارانەی لە کوردستاندان، بەتایبەتی کە بودجەی کوردستان لە لایەن مەرکەزەوە ڕەوانە ناکریت؟**

- ئەوە تەواو روونە کە لە ڕابردوودا، نوێنەرانی باڵای یەکێتی ئەوروپا و وەزیرانی دەرەوە تەنها یەك ئۆفیسیان لە بەغدا کردبووەوە، کە ئەویش بە کرێ لە سەفارەتی بەریتانیایان گرتبوو، زۆربەی ستافەکەیان لە پایتەختی ئوردن لە عەمان بوون نەك لە بەغدا، بۆیە ستافێکی بچووك و یەك باڵیۆزیان هەبوو کە بەرپرسیاریەتییەکی زۆریان لە ئەستۆ گرتبوو، ئەویش لە بەر مەسەلەی ئەمنی کە نەیاندەتوانی بە ئاسانی لە عێراقدا هاتووچۆ بکەن. بۆیە بوونی نووسینگەی پێوەندییەکان لە هەولێر ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو ستافە ئەوروپییەی لەوێن دەتوانن پێوەندی باشتریان هەبێت و وێنەیەکی روونتر دەبینن لەوەی کە ڕوودەدات لە شەڕ لەگەڵ داعشدا، دەشتوانن راستەوخۆ پێوەندی بکەن بە یەکێتی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتە یەکگرتووەکانەوە و پێیان دەڵێن چی پێویستە بۆ یارمەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ دابینکردنی یارمەتیی بۆ ملیۆنان لە پەنابەران کە لەناو کوردستاندا کۆبوونەتەوە، هەروەها تا بە ڕۆژئاوا لە بارەی پێویستییەکانی پێشمەرگە لە چەکی قورس و کەلوپەلی سەربازی نوێ لە شەڕیاندا لە دژی داعش ڕاگەیەنن. بۆیە ئەمانە هەموو بایەخەکانی ئەم نووسینگەیەیە لە هەولێر و بووەتە بەشێکی سەرەکی و گرنگ لە تێکشکانی داعش کە کاردەکاتە سەر عێراق و ناوچەکە و جیهان.

*** وەزیری پێشووی بەریتانیا دەنیس هەیلی دەڵێت: بەرپەرچدانەوەی دوژمن هەمیشە ئاسانتر بووە لە دڵنیاکردنەوەی دۆستەکانت. پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتواندرێت کورد لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە دڵنیا بکرێتەوە کە بەردەوام دەبن لە پێدانی یارمەتی بۆ تێکشکانی تیرۆریستان کە دوژمنی هەردوو لان؟**

- بۆ یەکێتی ئەوروپا گرنگە کە ئەو دڵنیاییە بداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە تێدەگەن لە رۆڵی میحوەریی هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژی تیرۆریستان. ڕۆژئاوا پێویستە زۆر خێرا بگات بەو تێگەیشتنە و دەبێت خەڵکی کوردستان دڵنیا بکەنەوە کە تێدەگەن لەو ڕۆڵە کاریگەر وگرنگەی کە خەڵکی کوردستان و حکومەتەکەیان و پێشمەرگە بوێرەکانیان دەیگێڕن لەم درامایەدا. لەبەر ئەوەی هەتا ئەم وێنەیەمان تەواو بە ڕوونی دەست نەکەوێت و یارمەتی پێویست دابینی نەکەین بۆ پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوا لەوانەیە بەکارەسات کۆتایی بێت و داعش زیاتر پێداکوتێ لە عێراق و هەڕەشە لە هەموو ناوچەکە بکات بە شەڕی توند و خوێناوی تیرۆریزم کە لە تیرۆریستانی داعش چاوەڕوان دەکرێت.

*** سەرەڕای ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی ئەمنی و سەربازی، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەست بارێکی ئابووری خراپیشەوە دەناڵێنێت بە هۆی ناکۆکییەکانی بودجە لەگەڵ بەغدا، لەلایەکی تریشەوە فشارێکی زۆری ئاوارەکانی لەسەرە، بەڵام لەگەڵ**

**چەندین جار بە دیداری سەرۆک بارزانی گەیشتووم و سەرۆکێکی بەهێزە. کارێکی شێتانەیە سەرکردەیەکی ئاوا بەهێز و کاریگەر و ئازا لەم کاتی قەیرانەدا لەدەست بدەن. زۆر گرنگە سەرۆک بارزانی لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە، بەلانی کەمەوە تا ئەم قەیرانە چارەسەر دەبێت. ئومێدەکە ئەوەیە لە پێگەی خۆیدا بمێنێتەوە بۆ جاڕدانی سەربەخۆیی کوردستان.**

**فەرماندەی هێزەکانی عێراق لە موسڵ کەسێکی زۆر ئازا بوو کە دەهاتە سەر کوشتنی ژن و منداڵ و ئەوانەی کە هیچیان پێ نییە بەرگری لەخۆیان بکەن، بەڵام کەسێکی تەواو ترسنۆک بوو کاتێک لەلایەن ژمارەیەکی کەم لە چەکدارانی داعشەوە هێرشی کرایە سەر**

**ئەوەشدا هەرێم بەرانبەریان وەستاوەتەوە، ئایا پێتوانییە حکومەتی هەرێمی کوردستان شایەنی یارمەتیی زیاترە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بەشێوەیەکی گشتی و یەکێتی ئەورووپا بە شێوەیەکی تایبەتی؟**

- من خۆم لە هەولێر و کوردستان قەیرانی پەنابەرانم بینیوە کە لە ناو وڵاتدا ئاوارە بوون، یان لە سووریاوە هاتوونەتە کوردستان و دەشزانم چۆن هەمیشە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە باشی پێشوازی لەو پەنابەرانە کردووە، بەڵام ناتوانن بەردەوام بن بە بێ یارمەتی زیاتر لە ئەورووپاوە. ئەوکاتەی لە هەولێر بووم، لە کۆنفراسێکی ڕۆژنامەوانیدا وتم کە ئەوە گرنگە ئەورووپا ڕاستەوخۆ لە ڕێی ڕێکخراوی ئۆکسفام و مانگی سوور و خاچی سوور و هەموو ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانەی یارمەتی ئاوارەکان دەدەن، ڕاستەوخۆ لەڕێی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە یارمەتییەکان بە کامپەکانی ناو کوردستان بگەیەنن و نەیدەن بە حکومەتی بەغدا کە هەرگیز ناگات بە حکومەتی هەرێم. ئێستا لە هەمووی زیاتر گرنگتر ئەو قەیرانانەیە کە داعش هێناویەتی، بۆیە ئەورووپا پێویستی بە یارمەتیی دەستبەجێ هەیە بۆ سووککردنی ئەوەی لەسەر شانی حکومەتی هەرێمە بە یارمەتیدانی ملیۆنان پەنابەر و هەروەها هێزی پێشمەرگە لە شەڕیاندا لە دژی داعش. بۆیە ئەمە مەترسیدار بووە و پێموایە سەرۆك بارزانی کارێکی باشی کردووە کە ڕۆژئاوای ئاگادار کردۆتەوە بۆ ئەم قەیرانە، بەڵام دەبێت بە ڕۆژئاوا بڵێت کە بەڕاستی زۆر گرنگە هەر ئێستا یارمەتیمان بدەنێ بۆ ئەوەی ئاگامان لەو پەنابەرانە بێت و بە باشی و کاریگەرانە لەگەڵ داعشدا بجەنگین.

*** ئێستا پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەدان بۆ گفتوگۆی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وەك کەسێك کە ئاگاداری هەنگاوەکانی سەرۆك بارزانیت، پێتوایە تا چەند پێویستە خەڵکی کوردستان پاڵپشتی لە مانەوەی بارزانی بکەن؟**

- چەندین جار بە دیداری سەرۆك بارزانی گەیشتووم و سەرۆکێکی بەهێزە. کارێکی شێتانەیە سەرکردەیەکی ئاوا بەهێز و کاریگەر و ئازا لەم کاتی قەیرانەدا لەدەست بدەن. زۆر گرنگە سەرۆك بارزانی لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە، بەلانی کەمەوە تا ئەم قەیرانە چارەسەر دەبێت. ئومێدەکە ئەوەیە لە پێگەی خۆیدا بمێنێتەوە بۆ جاڕدانی سەربەخۆیی کوردستان.

**ئێستا ئێمە تێگەیشتووین کە کوردستان و پێشمەرگە تەنها ئەگەری تێکشکانی داعشن لە ناوچەکەدا و دەبێت بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دەست بکرێت بە پێدانی چەکی مۆدێرن بە پێشمەرگە بۆ ئەوەی سەرکەوتنی گەورە لە دژی داعش بەدەست بێنن**

*** پێتوایە یەکێتی ئەورووپا پاڵپشتی ئەم هەنگاوی سەربەخۆییە دەکات؟**

- ئەوە زۆر گرنگە کە یەکێتی ئەورووپا نووسینگەی پێوەندییەکانی لە هەولێر هەبێت بۆ ئەوەی پاڵپشتیی تەواوی سەرۆك بارزانی و حکومەتی هەرێم و پێشمەرگە بکات، ئەمەش بە تەواوی گرنگە کردنەوەی نووسینگەی پێوەندیەکانی یەکێتی ئەورووپا لە هەولێر بێت.

**عەبادی دەبێت خێرا خۆی لە نوری مالیکی ڕزگار بکات و زیاتر لەوەش دەستگیری بکات و بە تۆمەتی گەندەڵی و تاوان دژی مرۆڤایەتی بیداتە دادگای نێودەوڵەتی لە لاهای**

*** لە کۆتاییدا چ پەیامێکتان بۆ خەڵکی کوردستان هەیە؟**

دوایین پەیامی من ئەوەیە ئێمە لە ڕۆژئاوا هەموو ڕۆژێك لە هەواڵەکاندا بە ترسەوە سەیری ئەو کارە دڕندانە دەکەین کە داعش ئەنجامی دەدات. سەیری ئازایەتیی پێشمەرگە دەکەین وەك تەنها هێزی باوەڕپێکراو لە شەڕ لەدژی داعش. ئێمە لە ڕۆژئاوا پەیامی پیرۆزبایی و ڕێز دەنێرین بۆ ئازایەتی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان لەبەر ئەوەی بەبێ ئێوە داعش ئێستا هەموو عێراقی داگیر دەکرد، بۆیە سوپاس و ڕێزی بێپایان بۆتان دەنێرین و منیش بەش بەحاڵی خۆم گوزارشت لەوپەڕی خۆشەویستی خۆم دەکەم بۆ خەڵکی کوردستان.

**پەیامی پیرۆزبایی و ڕێز دەنێرین بۆ ئازایەتی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان لەبەر ئەوەی بەبێ ئێوە داعش ئێستا هەموو عێراقی داگیر دەکرد**



### کەرخی ئاڵتی بەرماخ سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتیی تورکمان بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی لە دەستووری عێراق و کوردستانیشدا داکۆکیکاری مافی تورکمان بووە

**لە ئێستادا کە پرۆژەی نووسینەوەی دەستوور کاری تێدا دەکات، نوێنەری پێکهاتەکانی کوردستان و بەتایبەتی تورکمان گلەییان لە رەفتاری ئەو لیژنەیە هەیە و وای دەبینین نایانەوێت مافەکانی پێکهاتەکان بە شایستەی خۆیان لە دەستووری کوردستاندا بچەسپێندرێت. هەروەها لەو بارودۆخە سیاسییەی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، نوێنەری پێکهاتەکانی کوردستان خاوەنی را و بۆچوونی خۆیانن و هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە ئارامی و سەقامگیری کوردستان نەشێوێندرێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە و مافی پێکهاتەکان، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ کەرخی نەجمەدین ئاڵتی بەرماخ سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتیی تورکمان سازکرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

***خوێندنەوەتان بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان و مەترسییەکانی چین و هەڵسەنگاندنتان بۆ دۆخی هەستیاری هەلومەرجەکە چییە؟**

-بێگومان کوردستان بە قۆناغێکی هەستیارەدا تێدەپەڕێت، ئەوەی دەگوزەرێت پێی دەوترێت ئێش و ئازاری لەدایکبوون کە لە عەرەبیدا پێی دەوترێت «مخاض»، لە ئێستادا کوردستان سەردەم و رۆژگارێکی تازەی لە پێشە و بە تێڕوانینی ئێمە ئەمە لەدایکبوونی دەوڵەتی کوردستانە. بەدڵنیاییەوە هەموو لە دایکبوونێکیش ئێش و ئازاری لەگەڵدایە. بەداخەوە لەم قۆناغە هەستیار و ناسکەشدا کوردستان دووچاری شەڕی نەگریس و چەپەڵی داعش بووە، کە ئامانج لێی رێگریکردنە لەو لەدایکبوونە و لەباربردنی هەنگاوەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، یان هەر هیچ نەبێت راگرتنێتی. ئەوەی مایەی نیگەرانی و نارەحەتیی ئێمەیە و بگرە ناشتوانین لێشی تێبگەین، ئەو ململانێ ناوخۆییە کە هێنراوەتەئاراوە، نەك هاتبێتەئاراوە، بەداخەوە دەیڵێم—کە هیوادارم بە هەڵەدا چووبم- پێدەچێت دەستێوەردانێکی دەرەکی لە پشت ئەو هەوڵەوە بێت بۆ پەکخستنی هەنگاوەکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەت و بەرگرتن بەو لەدایکبوونە. هەندێ کەس زوو لەم ڕاستییە تێدەگەن و دەکشێنەوە و دەست هەڵدەگرن و بەرەو سازان هەنگاو دەنێن و هەندێ کەسیش درکیان بە ڕاستی مەسەلەکە نەکردووە. ئەوەی مایەی دڵتەنگییە، ئەوەیە کەسانێك هەن تێگەیشتوون لەوەی چی دەگوزەرێت، بەڵام بە ئەنقەست دەیانەوێت ڕەوت و ڕەوڕەوەی ڕووداوەکان بە ئاقار و ئاڕاستەیەکی مەترسیداردا بەرن، بەڵام وا دیارە حیکمەت و هۆشیاری قووڵ و ئارامگرتنی گەورەی جەنابی سەرۆك بارزانی دۆخەکەی ڕاگرتبێت. سەرۆك بارزانی بانگهێشتی سەرجەم لایەن و پارتەکانی ناوەوە و دەرەوەی پەرلەمان و حکومەتی کردووە، لەم پێناوەشدا چەندین بەیاننامەی دەرکردووە و داوای لێکردوون کۆببنەوە و ڕێککەون و بڕیار لە چارەنووسی ئەو میللەتە ستەمدیدەیە بدەن کە نوێنەرایەتیان دەکەن. شیکردنەوەی من بۆ قۆناغەکە ئەوەیە کە ئێمە قۆناغی باشمان بڕیوە و هەنگاوی گەورەمان هەڵگرتووە بەرەو پێکانی ئامانجەکانمان. ئەوەی مایەی پەژارەیە پەرلەمان کرایە ئامرازی جێبەجێنەکردنی ئەم ئامانجە گەورەیە، لە کاتێکدا چاوەڕوان دەکرا پەرلەمان بەرگریکار و داکۆکیکاری خەمی خەڵك بێت، چونکە پەرلەمان بە دەنگی خەڵك پێکهاتووە. ئەوەی پەیوەست بێت بە پرسی سەرۆکایەتیشەوە، ئەوا پێمانوایە سەرۆکی ئێستای کوردستان خاوەن کەسایەتییەکی کاریزمایە، خاوەن مێژوییەکی شکۆدارە و سەر بە بنەماڵەیەکی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕە، مێژووی شۆڕشگێڕی لەسەر دەستی ئەوان تۆمار کراوە لە کوردستاندا. کەواتە لەسەر دەستی پێشمەرگە و سەرکردە و شۆرشگێڕێکی وەك سەرۆك بارزانی دەتوانین بەرەو کەناری ئارامی بپەڕینەوە. مەسەلەکە ئەوە نییە ئێمە بێین و بە شان و باڵیدا هەڵبلێین، چونکە ئەمەریکا و ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکانیش هاتوونەتە سەرخەت و دەڵێن ئەم قۆناغە پێویستی بە جەنابی سەرۆك بارزانی هەیە.

*** لە کوردستاندا باس لە پێکەوەژیانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان دەکرێت، کە تورکمانیش پێکهاتەیەکی سەرەکییە، بەڵام دەبینین هەوڵێکی زۆر لە ئارادایە بۆ بەشداری پێنەکردن و پەراوێزخستنیان، تەنانەت باس لەوە دەکرێت لەو دەستوورەی ئێستاشدا کە دادەڕێژرێت مافێکی زۆریان پێنەدراوە، ئایا رۆڵی سەرۆکی هەرێم لە پاراستنی پێکهاتەکان چییە ؟**

- من ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمان بووم و ئەندامی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان بووم، دەتوانم ئەوە بڵێم جەنابی سەرۆك گەورەترین داکۆکیکار بووە لە مافی پێکهاتەکەی ئێمە کە تورکمانە، هەم لە پڕۆژەی دەستووری کوردستان، هەروەها لە دەستووری هەمیشەیی عێراقیشدا، ئەمە بۆ مێژوو دەڵێم و هەمو ئەمانە تۆمار کراون و بە بەڵگە پشتڕاست کراوەنەتەوە و سەلمێندراون. ئەو کاتەی لە بەغدا بووین، من ئەندامی شاندی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق بووم، جەنابی سەرۆك بارزانی پێی ڕاگەیاندین کە هەرچیتان هەیە لە لائیحەیەکدا دایبڕێژن و بۆمی بهێنن. ئێمە ئەو لائیحەیەمان بە شێوەیەکی یاسایی داڕشت و پێشکەشی بەڕێزیمان کرد، ئەویش قەڵەمەکەی دەرهێنا و لەسەری نووسی بە هەمووی ڕازیم و لەسەر هیچی لاریم نییە، چونکە داواکاری خۆتانە. ئەو کاتە ئێمە وەك نەتەوەی تورکمان هەرچیمان بە پێویست زانی نووسیمان- ئەگەر ئێستا بوایە شتی دیکەشمان دەنووسی، چونکە ژیان لە گۆڕان و بەرەوپێش چووندایە. بەهەر حاڵ چەندین جار داواکارییەکانی ئێمە لە لایەن چەندین پارتی کاریگەری عێراقییەوە ڕەتکرانەوە، بەڵام بەڕێزیان هەر دەیگەڕاندەوە و پێداگیری دەکرد لەسەر جێگیرکردنیان تاوەکو لە کۆتاییدا لە دەستووری عێراقدا چەسپێندرا. لە ماوەی داڕشتنی دەستووری کوردستانیشدا چەندین جار ئێمە گفتوگۆی توند و بەهێزمان دەبوو لەسەر پرس و بابەتەکان و دانان و لابردنی وشەیەك، بەڵام کاتێك بۆ دوایین جار پڕۆژەدەستوورەکەمان برد بۆ لای جەنابی سەرۆك بارزانی پێی ڕاگەیاندین بەلای ئەوەوە

**ئێمە لەگەڵ سەرۆک و حزبەکەی جەنابی سەرۆکین. ئێمە دەبینین ئەو ڕابەڕایەتی ئەم شەڕە دەکات و لەو پێناوەشدا رۆژانە شەهید دەدەن و خوێنی خۆیان دەبەخشن لە پێناوی بەرگریکردن لە شەرەف و کەرامەتی خەڵکی کوردستان، کەواتە ناکرێت بەراوردی بکەین بە کەسانێک کە سووکایەتی بە پیرۆزییەکانی ئێمە بکات**

**جەنابی سەرۆک تێکۆشەرێکی ماندوونەناسە کە لە کاتی شەڕدا پێشمەرگەیە و لە کاتی ئاشتیدا وەک باوکێکی میهرەبان بە یەکسانی لە سەرجەم خەڵکی کوردستان دەروانێت و بە بێ جیاوازی داکۆکی لە مافەکانیان دەکات. ئێمە ئەوە بەرز دەنرخێنین و هەموو میللەتێک ئەوەندە خۆشبەخت نییە خوا سەرۆکێکی ئاوای پێببەخشێت**

**ئەگەر لایەنەکان نەیانتوانی بگەنە ڕێککەوتن ئەوا دەبێت ئەو پرسە بخرێتە دەنگدانەوە و ڕاپرسی لەسەر بکرێت و ڕای خەڵک وەربگیرێت و هەمووان ملکەچی ئیرادەی خەڵک و دەرئەنجامی ڕاپرسییەکە بن**

گەورەترین مەسەلە ئەوەیە کە بە باشترین شێوە مافی برا تورکمان و کلدوئاشوورییەکان لە ناو دەستووردا جێگیر بکرێن و بچەسپێندرێن. ئەمە مێژووە و تۆمارکراوە، بەڵام ئێستا لیژنەیەك پێکهاتووە بۆ نووسینەوەی دەستوور و ئەو لیژنەیە ڕازی نین بە مافێك بۆ ئێمە کە خوا وەك نەتەوەیەك پێی ڕەوا بینیوین. ئێمە هەست دەکەین بە گیانی تۆڵەسەندنەوە هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا دەکەن . لەبەر ئەوە ئێمە وەك پێکهاتەی تورکمان ڕامانگەیاند کە ئەگەر ئێوە ڕازی نابن بە مافەکانی ئێمە، ئەوا ئیتر مانەوەی ئێمە چ مانایەکی نییە، بۆیە بڕیاری کشانەوەمان دا.

*** تێڕوانینی ئێوە لەبارەی ئەو داواکارییانەی دەکرێن بۆ کەمکردنەوەی کورسیی کۆتاکان چییە؟**

- ئێمە شانازی بەوەوە دەکەین کە سەر بە نەتەوەی تورکمانین، لە هەمان کاتدا ئێمە مێژوویەکی قووڵ و دوور و درێژمان هەیە لەم وڵاتەدا و لە هەموو ئێش و ئازار و نەهامەتی و خۆشی و ناخۆشییەکاندا بەشدار بووین، واتە لە هەموو شتێکدا هاوبەش بووین، ئێستاش لە ڕووی داب و نەریت و کار و کەسابەت و بگرە هاوسەرگیریشەوە تێکەڵ بووین لەگەڵ کوردەکاندا، هەروەها خاوەنی ئایین و ئایینزای هاوبەشین. کاتێك باس دێتەسەر باسی کورسیی کۆتاکان ئەوا ئێمە وەك تورکمان زۆر ڕازیش نین بەو کورسییانەی کە بۆ ئێمە تەرخان کراون، بەڵام سەرەڕای ئەوەش کەسانێك هەن کە من پێیان دەڵێم فەریکە سیاسی، ئەم کەسانە بە مەزەندەی عەقڵی خۆیان پێیانوایە دەتوانن یاری بە چارەنووسی میللەتێکی شکۆداری وەك تورکمان بکەن، بەڵام ئەمە مومکین نییە و ئەمە وەك پرس و بابەتەکانی دیکە بە زۆرینە و کەمینە یەکلا ناکرێتەوە. چونکە ناکرێت تەنها کورسییەکی زیاترت هەبێت و بڕیار لە چارەنووسی میللەتێك بدەیت. نەتەوەی تورکمان نەتەوەیەکی زیندووە و کەسایەتی و کادیری بەتوانای هەیە و دەتوانێت خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، لە کوێی ئەم جیهانەدا شتی وا ڕوویداوە با پێمان بڵێن. ئەگەر پێیانوایە ئەوان دەتوانن ئەوە یەکلابکەنەوە کە تورکمان ٥ کورسی یان ٤ یان ٣ کورسی هەبێت، ئەوا بە هەڵەداچوون.

*** ڕاتان چییە لە بارەی بەشداری پێنەکردنی حزبەکانی دیکە لە کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکاندا، بە تایبەتی کە موعارەزەی پێشوو بانگەشەی ئەوەیان دەکرد دەبێت لە پرسە گرنگ و چارەنووسسازەکاندا هیچ لایەنێك پەراوێز نەخرێت؟**

- بەداخەوە موعارەزەی پێشوو کە ئێستا لە دەسەڵاتدان و چەندین جومگەی گرنگی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، پێشتر لافی دیموکراسییان لێدەدا و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە مەبەستیانە پایەی دیموکراسی و فرەیی بچەسپێنن، بەڵام ئێستا پاشگەزبوونەتەوە لە قسەکانی خۆیان و ئەوەش کارێکی نەشیاوە و کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەوتی خەباتکردنیان. ئەوان پێشتر شانۆ و مینبەریان دانابوو و قسەیان دەکرد و بەیاننامەیان بڵاو دەکردەوە، ئێستا کە شیرینی دەسەڵاتیان چەشتووە، بە پێچەوانەوەی قسەکانی خۆیانەوە ڕەفتار دەکەن و تەنانەت هیچ هەڵوێستێکی جیاوازیشیان پێ قبووڵ ناکرێ، هەر لایەنێکیش هاوڕا نەبێت لەگەڵ ئەواندا ڕاستەوخۆ تۆمەتباری دەکەن بە پاشکۆیەتی و چەندین ناو و ناتۆرەی دیکەی لێی دەنێن، بەڵام ئەگەر باس لە پاشکۆیەتی بکرێت، ئەوا ئاشکرایە کێ سەرقافڵەی فەرهەنگی پاشکۆیەتییە. ئێمە وەك تورکمان نە پاشکۆی کەس بووین و نە دەشبینە پاشکۆی کەس. ئێمە وەك نەتەوەیەکی ڕەسەنی ئەم کوردستانە پێمان گرنگە پێوەندی باشمان هەبێت لەگەڵ سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەدا، بەڵام ئەو کەسانەی مافەکانمان پێ ڕەوا نابینن و بە تێڕوانینی خۆیان دەبێت ئێمە خاوەنی ئەو مافانە نەبین و دەبێت ئەوان وەك خەڵاتێك بە ئێمەی ببەخشن، ئەوا بە هەڵەدا چوون، چونکە ئەمە مومارەسەیەکی نادیموکراتییە.

*** ئایا گلەییتان هەیە لەو پۆستە حکومییانەدا کە تەرخانکراوە بۆ تورکمانەکان و ئایا تا چەند پشکی تورکمانەکان ڕەچاوکراوە لەو ڕووەوە؟**

- تورکمان شایستەی زیاترە لەو پۆستە حکومییانەی لە ئێستادا پێی دراوە. حاڵی حازر تەنها وەزیرێکمان هەیە، ئەوەشمان پێ کەمە، ئێستا بارودۆخێکی ناهەموار لەئارادایە و ئێمەش ڕەچاوی هەل و مەرجەکە دەکەین، بەڵام ئەگەر دۆخەکە ئاسایی بێتەوە و پرۆسە دیموکراسییەکە بە ڕێکوپێکی بەڕێوەبچێت، ئەو کاتە بە شێوەیەکی یاسایی و بە ڕێکاری ئوسوولی داوای پۆستی زیاتر دەکەین بۆ ئەوەی خزمەتی زیاتر بکەن و بەشداری زیاتر بکەین، بۆ ئەوەی ڕۆحی برایەتی و هەماهەنگی قووڵتر بکەینەوە لە کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە وەك نەتەوەی تورکمان لە پێناوی پۆستدا لە کوردستان ناژین، ئێمە پۆستیشمان نەبێت هەر لە کوردستاندا دەژین.

*** ئەی لە حاڵەتی گەڕانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، چ گۆڕانکارییەك بەسەر پێگەی تورکماندا دێت؟**

- ئەگەر لە ئایندەدا کەرکوك و ناوچەکانی دیکە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان ئەوا تورکمان دەبێتە نەتەوەی دووەم لە کوردستان و بە هێزی دووەم

**ڕاستە پەرلەمان بە دەنگی خەڵک هەڵبژێردراوە، بەڵام تێکڕای خەڵک بەشدارییان لە دەنگداندا نەکردووە، بەڵکو نزیکەی لە سەدا ٧٠ی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبووە بەشدار بوون**

**تورکمان شایستەی زیاترە لەو پۆستە حکومییانەی لە ئێستادا پێی دراوە. حاڵی حازر تەنها وەزیرێکمان هەیە، ئەوەشمان پێ کەمە، ئێستا بارودۆخێکی ناهەموار لەئارادایە و ئێمەش ڕەچاوی هەل و مەرجەکە دەکەین، بەڵام ئەگەر دۆخەکە ئاسایی بێتەوە و پرۆسە دیموکراسییەکە بە ڕێکوپێکی بەڕێوەبچێت، ئەو کاتە بە شێوەیەکی یاسایی و بە ڕێکاری ئوسووڵی داوای پۆستی زیاتر دەکەین**

**موعارەزەی پێشوو کە ئێستا لە دەسەڵاتدان و چەندین جومگەی گرنگی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، پێشتر لافی دیموکراسییان لێدەدا و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە مەبەستیانە پایەی دیموکراسی و فرەیی بچەسپێنن، بەڵام ئێستا پاشگەزبوونەتەوە لە قسەکانی خۆیان و ئەوەش کارێکی نەشیاوە و کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەوتی خەباتکردنیان**

لە پەرلەماندا و ئەو کۆتاییەی ئێستا نامێنێت و ئێمە دەتوانین بە دەنگی خۆمان کورسی زیاتر بەدەست بهێنین. ئەو کۆتاییەی دانراوە ڕێوشوێنێکی کاتییە و ئەندام پەرلەمانەکانمان تەنیا نوێنەری تورکمانەکانی هەولێر و کفری دەکەن. ئەگەر هاتوو هەموو ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە سەر کوردستان- کە هەمیشە لێکدانەوەی سلبی بۆ ئەم قسەیەی من دەکرێت-، کە ئێمە داوامان کردووە بگەڕێنەوە، بۆ ئەوەی پێگەی ئێمە لە کوردستاندا، لە پەرلەمان و حکومەتدا باشتر بێت.

*** کەواتە ئێوە لەگەڵ ئەوەدان کە کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوەکانی دیکە بگەڕێنەوە بۆ سەر کوردستان؟**

- من لە کۆبونەوەیەکدا بەشدار بووم کە لە خزمەتی جەنابی سەرۆکدا بووین، باسی ئەوەم کرد ئەو لایەنەی ئامادە بێت مافەکانی ئێمە بسەلمێنێت و دانیان پێدا بنێت، ئەوا لەگەڵیداین، بەڵام ئەگەر نکۆڵی لە مافەکانمان بکات، ئەوا بێگومان لەگەڵیدا نابین. لە کەرکووك جیاوازی هەبووە و وەك هەولێر نەبووە، ئێمە بە حوکمی خزمایەتی و هاتوچۆ و ڕێکخستنی حزبایەتی ئاگاداری بارودۆخەکەین. لەوێ گلەیی زۆرە لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئیدارەی کەرکووك. ئەگەر بهاتایە وەك هەولێر مامەڵە بکرایە، ئەوا تورکمانەکانی ئەوێش هەڵوێستێکی زۆر جیاوازتریان دەبوو. لەوێ تورکمان یەکهەڵوێست نین، بەشێکیان پێیان باشترە بگەڕێنەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و بەشێکیشیان لەگەڵ ئەوەدا نین کەرکووك ببێتەوە بە بەشێك لە کوردستان. ئەوانیش بیروبۆچوونی خۆیان هەیە. ئیتر کەمتەرخەمییەکە لە هەردوولاوەیە. دەبێت لایەنە کوردستانییەکان میهرەبانتر ڕەفتار بکەن بۆ ئەوەی خەڵکەکە بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و ترس و نیگەرانییەکان بڕەوێننەوە کە لە حاڵەتی گەڕانەوەی بۆ سەر کوردستان مافیان ناخورێت و ستەمیان لێناکرێت. ئەگەر ئەم متمانەیە لە نێو دڵی خەڵکەکەدا و لە نێو تورکمانەکاندا دروست بکرێت، ئەوا بێگومان هەنگاوەکانی دیکە ئاسان دەبێت و دەتوانرێت هەنگاوی دیکەش هەڵبگیرێت.

*** ئێستا مشتومڕێکی زۆر دەکرێت لە بارەی چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆکەوە. ئایا ئێوە لەگەڵ چ میکانیزمێکدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، ئایا پێتان باشترە لەلایەن پەرلەمانەوە، یان خەڵکەوە هەڵبژێردرێت؟**

- من وەڵامێکی سەرپێی و سۆزدارانەتان نادەمەوە، بۆچوونەکانم بە بەڵگە پشتڕاست دەکەمەوە، لەبارەی ئەوەی بۆچی پێویستە لە ناو خەڵکەوە هەڵبژێردرێت. یەکەمیان، ڕاستە پەرلەمان بە دەنگی خەڵك هەڵبژێردراوە، بەڵام تێکڕای خەڵك بەشدارییان لە دەنگداندا نەکردووە، بەڵکو نزیکەی لە سەدا ٧٠ی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبووە بەشدار بوون. دووەم، ئەو پەرلەمانەی لە ئارادایە دوو ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، واتە نەوەی دیکە گەورە بوون کە ئێستا مافی دەنگدانیان هەیە و بەشدارییان لە هەڵبژاردنی ئەم پەرلەمانەدا نەکردووە، کەواتە ئایا چۆن دەنگی ئەو کەسانە وەردەگیرێت کە بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا نەکردووە و ئێستا ١٩ یان ٢٠ ساڵن؟ سێیەم ئایا لە حاڵەتی هەڵبژاردنی سەرۆك لە پەرلەمانەوە سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان بەشداری دەکەن، چونکە لەوانەیە نزیکەی لە سەدا ٤٠ بۆ ٥٠ی ئەندامانی پەرلەمان دەنگ بدەن. لەلایەکی دیکەوە کاری سەرەکی پەرلەمان لە دوو ئەرکدا کورت دەبێتەوە، داڕشتن و دانانی یاسا و دڵنیابوون و چاودێریکردنی چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەیە لەلایەن دامەزراوەکانی حکومەتەوە. دواتر ئێمە دەستوورمان نییە ئەم پرسە یەکلابکاتەوە، لایەنێك هەیە پێی باشترە سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت و لایەنی دیکەش بۆچوونی جیاوازیان هەیە، ئەمەش شتێکی سروشتی و ئاساییە، بەڵام ئەگەر لایەنەکان نەیانتوانی بگەنە ڕێککەوتن ئەوا دەبێت ئەو پرسە بخرێتە دەنگدانەوە و ڕاپرسی لەسەر بکرێت و ڕای خەڵك وەربگیرێت و هەمووان ملکەچی ئیرادەی خەڵك و دەرئەنجامی ڕاپرسییەکە بن. بەڵام ئەگەر لایەنێك پێداگیری بکات لەسەر ئەوەی هەر دەبێت بۆچوونی ئەو زاڵ بێت، ئەوا ئەمە دوورە لە دیموکراسییەتەوە و ئەمە خۆسەپاندنە و خۆسەپاندنیش لە فەرهەنگی دیموکراسیدا جێی نابێتەوە.

*** ئەی چۆن لەوە دەڕوانن کە سەرۆك کۆشکی سەرۆکایەتی جێدەهێڵێت و خۆی دەچێتە نێو پێشمەرگە و بەرەکانی شەڕ بەسەر دەکاتەوە؟**

- لە ڕاستیدا هەر لەبەر ئەوەیە دەیانەوێت ئەو سەرۆکە لابەرن، جەنابی سەرۆك تێکۆشەرێکی ماندوونەناسە کە لە کاتی شەڕدا پێشمەرگەیە و لە کاتی ئاشتیدا وەك باوکێکی میهرەبان بە یەکسانی لە سەرجەم خەڵکی کوردستان دەڕوانێت و بە بێ جیاوازی داکۆکی لە مافەکانیان دەکات. ئێمە ئەوە بەرز دەنرخێنن و هەموو میللەتێك ئەوەندە خۆشبەخت نییە خوا سەرۆکێکی ئاوای پێببەخشێت. هەر لەبەر ئەوەشە کە ئێمە لەگەڵ سەرۆك و حزبەکەی جەنابی سەرۆکین. ئێمە دەبینین ئەو ڕابەڕایەتی ئەم شەڕە دەکات و لەو پێناوەشدا ڕۆژانە شەهید دەدەن و خوێنی خۆیان دەبەخشن لە پێناوی بەرگریکردن لە شەرەف و کەرامەتی خەڵکی کوردستان، کەواتە ناکرێت بەراوردی بکەین بە کەسانێك کە سووکایەتی بە پیرۆزییەکانی ئێمە بکات.

**لەسەر دەستی پێشمەرگە و سەرکردە و شۆڕشگێڕێکی وەک سەرۆک بارزانی دەتوانین بەرەو کەناری ئارامی بپەڕینەوە. مەسەلەکە ئەوە نییە ئێمە بێین و بە شان و باڵیدا هەڵبڵێین، چونکە ئەمەریکا و ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکانیش هاتوونەتە سەرخەت و دەڵێن ئەم قۆناغە پێویستی بە جەنابی سەرۆک بارزانی هەیە**

**ئێمە قۆناغی باشمان بڕیوە و هەنگاوی گەورەمان هەڵگرتووە بەرەو پێکانی ئامانجەکانمان. ئەوەی مایەی پەژارەیە پەرلەمان کرایە ئامرازی جێبەجێنەکردنی ئەم ئامانجە گەورەیە، لە کاتێکدا چاوەڕوان دەکرا پەرلەمان بەرگریکار و داکۆکیکاری خەمی خەڵک بێت**

**ئەوەی مایەی دڵتەنگییە، ئەوەیە کەسانێک هەن تێگەیشتوون لەوەی چی دەگوزەرێت، بەڵام بە ئەنقەست دەیانەوێت ڕەوت و ڕەوڕەوەی ڕووداوەکان بە ئاقار و ئاراستەیەکی مەترسیداردا بەرن، بەڵام وا دیارە حیکمەت و هۆشیاری قووڵ و ئارامگرتنی گەورەی جەنابی سەرۆک بارزانی دۆخەکەی ڕاگرتبێت**





## دکتۆر بێوار خنسی*

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣وە تاکو ئێستا داهاتی نەوت نزیکەی ٩٥٪ی کۆی بودجەی عێراق پێکدەهێنێت، بە شێوەیەك کە داهاتی عێراق لە نەوت بەندە بە بڕی نەوتی بەرهەمهێنراو(هەناردەی نەوت) و بە نرخی نەوت کە ناوبەناو لە هەڵبەز و دابەزیندایە بە هۆی هەندێ هۆکاری مرۆیی و سروشتی، بۆیە لێرەدا بواری ئەوەمان نییە، باس لەو هۆکارانە بکەین کە کاریگەرییان بۆ سەر نرخەکانی نەوت هەیە.

**● ڕەوشی وزەی بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراقدا:**

تێکڕای بەرهەم و هەناردەکردنی ڕۆژانەی نەوت لە عێراق بە ٣ ملیۆن بەرمیل مەزەندە دەکرێت، بەم پێیە بڕی هەناردە لە ٢٠١٥ و ٢٠١٦ نزیکەی ١،٠٩٠ ملیار بەرمیلە لە ساڵێکدا، نرخی نەوتیش لەم ساڵدا لە نێوان (٤٠-٦٠) دۆلارە، لەبەر ئەوە بودجەی ساڵی ٢٠١٥ لەسەر بنەمای تێکڕای نرخی یەك بەرمیل بە ٥٦ دۆلارلە فرۆشتنی ٣,٣ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا

# کاریگەریی داهاتی نەوت بۆ سەر شێوە و سیستمی حوکمڕانی لە عێراقدا

بەپێی ڕێکەوتننامەی هەولێـــر- بەغدا دەخەملێنرێت، لەوانـــە ٥٥٠ هەزار بەرمیل لـــە ڕۆژێکدا لە هەرێمی کوردستانەوە و ٢،٧٥٠ بەرمیلیش لە ڕۆژێکدا لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵەوە.

ئەو بـــڕە نەوتـــە کـــە (٣،٣ ملیـــۆن بەرمیل)ـە چاوەڕوانکراوەی ڕۆژانە لە میانی سێ مانگی یەکەمی ئەم ساڵ هەناردە نەکرا و نرخی نەوتیش نەگەیشتە ٥٦ دۆلار بۆ هـــەر بەرمیلێك، بەڵکـــو بەکەمتر واتا هەر بەرمیلـــەی بە (٤٠-٥٥) دۆلار فرۆشـــرا، لەبەر ئەوە بڕی کورتهێنانی چاوەڕوانکراو لە فرۆشتنی نەوت لەم ســـاڵدا بە نزیکەی ١٢ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت، واتا مانگانە بە ١ ملیار دۆلار.

قەبارەی قورسایی لەسەر بودجەی عێراقی فیدڕاڵ

١. کورتهێنـــان لە ســـاڵی ٢٠١٥ بـــە نزیکەی ٢٣ ملیـــار دۆلار مەزەندە دەکرێت کـــە لە ئاکامی خراپ بەکارهێنانـــی ئیدارەو گەندەڵـــی و نەبوونی بودجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٤ هاتۆتە دی.

٢. قەبارەی کورتهێنان لە فرۆشتنی نەوت بۆ ساڵی ٢٠١٥ بـــە نزیکەی ١٢ ملیـــار دۆلار لە کۆتایی ئەم ساڵدا مەزەندەدەکرێت، ئەگەر فرۆشی نەوت بەم بڕە و بەم نرخە بەردەوام بێت.

٣. حکومەتی فیدڕاڵ لە ســـاڵێکدا پێویســـتی بە نزیکەی ١٠ ملیار دۆلار هەیە، واتا لە ساڵی ٢٠١٥، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕی داعش.

٤. حکومەتـــی فیـــدڕاڵ لـــە پارەدارکردنی هێزە میللییـــەکان پێویســـتی بە ١ ملیـــار دۆلار هەیە لە مانگێکـــدا، واتا بـــە نزیکەی ١٢ ملیـــار دۆلار لە ساڵێکدا.

٥. حکومەتی عێراق پێویستی بە نزیکەی ٣،٤ ملیار دۆلار هەیە لە مانگێکدا بۆ مووچەی فەرمانبەران(٥,٣ ملیۆن فەرمانبەر) جگە لـــە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان.

**نرخی نەوت لەم ساڵدا لە نێوان (٤٠-٦٠) دۆلارە، لەبەر ئەوە بودجەی ساڵی ٢٠١٥ لەسەر بنەمای تێکڕای نرخی یەک بەرمیل بە ٥٦ دۆلارلە فرۆشتنی ٣,٣ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەپێی ڕێککەوتننامەی هەولێر-بەغدا دەخەملێندرێت**

### ● عێراق لە ساڵی ٢٠١٦دا لە بەردەم ڕەوشێکی سەختدایە

١- لە شرۆڤەکردنی داهاتی نەوتدا دەردەکەوێت کە پێویستیی حکومەتی فیدراڵ جگە لە هەرێمی کوردستان، نزیکەی ٥,٣ ملیار دۆلارە لە یەك مانگدا لە میانی ساڵی ٢٠١٦دا، واتا نزیکەی ٦٣،٦ ملیار دۆلار لە ساڵێکدا بۆ مووچەی فەرمانبەران و لە شەڕی داعش و پارەدارکردنی هێزە میللییەکان (جگە لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان) ئەو خۆپیشاندانانەی ئەم دواییە کە سەرجەم پارێزگاکانی عێراقیان گرتەوە، بەڵگەیە لەسەر تووڕەیی هاووڵاتیان لە هەمبەر خراپ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و لە ئاست قەبارەی گەندەڵی و نەبوونی دادپەروەری.

٢- لە هەڵسەنگاندنی قەبارەی داهاتی عێراق لە نەوتی خاو لە ساڵی ٢٠١٦ بە فرۆشتنی ٣ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا و بە نرخی چاوەڕوانکراو(٤٠-٥٠)دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك لە ساڵی ٢٠١٦ دەردەکەوێت کە نزیکەی( ٤٨،٢٧٥-٤٣،٨ ) ملیار دۆلار دەبێت.

٣- قەبارەی کورتهێنانی چاوەڕوانکراو لە ساڵی ٢٠١٦ بە نزیکەی (١٥-١٩ ملیار دۆلار) مەزەندە دەکرێت، لەپاڵ کورتهێنانی دارایی بە نزیکەی ٢٣ ملیار دۆلار بۆ ساڵی ٢٠١٤ و کورتهێنانی چاوەڕوانکراو بۆ ساڵی ٢٠١٥ بە نزیکەی ١٢ ملیار دۆلار. لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق چاوەڕوان دەکات کە قەبارەی کورتهێنان لە سەرەتای ٢٠١٦ دوو ئەوەندە بێت، واتا قەبارەی کورتهێنان دەگاتە ٤٦ ملیار دۆلار، قەبارەی کورتهێنان لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ نزیك دەبێ لە داهاتی نەوت بۆ ساڵی ٢٠١٦، لەپاڵ ئەگەری هەڵکشانی قەبارەی کورتهێنان بە نزیکەی ١٥-١٩ ملیار دۆلار لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦دا.

### ● چارەسەرکردنی ڕەوشی ئێستا پێش ئاڵۆزبوونی لە عێراقدا:

١. ئەو ڕێکار و چاکسازییانەی حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیران بریتییە لە ڕەنگدانەوەی واقعی ڕەوشی هەرەسهێناوی ئێستا کە خۆی لە خراپ بەڕێوەبردن و قەبارەیی گەندەڵی دارایی و ئیداری و نەبوونی یاسا و دامەزراوەی پەیوەندیداری بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا دەبینێتەوە، هەروەها دەرئەنجامی ئەو خۆپیشاندانە فراوانەیە کە زۆربەی پارێزگاکانی عێراقی گرتۆتەوە.

٢. لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە هەرچەند ئاستی قەبارەی ئەو پارەیەی بۆ چارەسەرکردنی خزمەتگوزارە گشتییەکان تەرخانکراوە بەرزتر بێت، دیسان ناتوانێت چارەسەری بکات. بەڵکو قەبارەی گەندەڵی لە فەرمانگەکانی دەوڵەت زیاتر دەکات، بۆ ئەم بابەتە بڕی ١٤٧ ملیاردۆلار لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣وە تا ساڵی ٢٠١٥ بۆ دابینکردنی کارەبا (٢٠ هەزار میگاوات) کە عێراق پێویستیی پێیەتی تەرخانکراوە، چونکە دابینکردنی ١ میگاوات پێویستی بە ١ ملیۆن دۆلار هەیە، ئەمەش مانای وایە کە عێراق پێویستی بە ٢٠ ملیار دۆلار بووە لەجیاتی ١٤٧ ملیار دۆلار بۆ دابینکردنی ٢٠ هەزار میگاوات، لەکاتێکدا بڕی وزەی کارەبا کە لەئێستادا دابینکراوە بە ١١ هەزار میگاوات مەزەندەدەکرێت.

٣. دوا ژمارە



دەربارەی قەبارەی (گەندەڵی) و ژمارەی تۆمەتبارانی گەندەڵی و ژمارەی فەرمانبەرو پاسەوان لە هەر سێ سەرۆکایەتیدا (سەرۆکایەتیی کۆمار، سەرۆکایەتیی وەزیران، سەرۆکایەتیی پەرلەمان) کە بە دوای راگەیاندنی پرۆژەی چاکسازی لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە، ئاماژە بە قەبارەو فراوانبوونی بۆشایی دەکات لەنێوان حکومەت و هاووڵاتیان و نەبوونی دادپەروەری و لاوازیی رۆڵی دامەزراوەکانی یاسادانان و چاودێری و دادگاکان...تاد، ئەمانە هەموویان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زەحمەتە ئەم رەوشەی ئێستای عێراق بەردەوام بێت. بۆیە دەکرێ بڵێین کە (پرۆژەی چاکسازی) تەنیا دواهەوڵە بۆ رزگارکردنی سیستەم و حوکمڕانی و دەوڵەتی فیدراڵی لە هەرەسهێنان و دابەشبوون.

### ● رەوشی هەرێم بە بەراورد لەگەڵ حکومەتی بەغدا:

دوا رێککەوتننامەی نێوان بەغدا و هەولێر لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ بریتی بوو لە هەوڵێك بۆ رێکخستن و چەسپاندنی دادپەروەری و دەستەبەرکردنی چەسپاندنی بودجەی دەوڵەت بۆ ساڵی ٢٠١٥ دوای ئەوەی کە عێراق لە ساڵی ٢٠١٤ بێ بودجە بوو، دوای رێکەوتننامەکەش راگەیاندرا کە عێراق دووچاری کورتهێنان بۆتەوە بە نزیکەی ٢٣ ملیار دۆلار بەهۆی خراپ بەکارهێنانی دۆسێی نەوت و دارایی و فراوانبوونی قەبارەی گەندەڵی، وەزیری نەوتی عێراق بەم دواییە رایگەیاند کە نزیکەی ٢٥ ملیار دۆلار لە داهاتی نەوت لەلایەن هەندێ سەرکردەو بەرپرسانی عێراقەوە لەوەتەی ٢٠٠٣ تاکو ٢٠١٤ لە کۆی داهاتی نەوت کە بە نزیکەی ٦٢٤ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت، بەکارهێنرا بوو.

دوای بێ ئومێدبوون لە سەرکەوتنی رێککەوتننامەکەی هەولێر- بەغدا و بەردەوام هەناردەکردنی کەمتر لە نیوەی پشکی هەرێم لەلایەن بەغداوە بە پێی رێککەوتننامەکە، بەتایبەتیش لە سایەی بارودۆخی ئێستای هەرێم (بڕینی بودجەی هەرێم لە ساڵی ٢٩١٤ و ناردنی کەمتر لە ٥٠٪ی پشکی هەرێم لە شەش مانگی ئەم ساڵدا، هەروەها شەڕی داعش و زیادبوونی ژمارەی ئاوارەکان بۆ هەرێم کە گەیشتۆتە نزیکەی ١,٨ ملیۆن کەس، ئەمانە هەموویان بوونە هۆی قووڵترکردنەوەی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا.

حکومەتی هەرێم ناچار بوو (بڕیاری فرۆشتنی راستەوخۆی نەوتی هەرێم) رابگەیەنێت بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بەغدا تا ئەو کاتەی کە حکومەتی فیدراڵ پابەند دەبێت بە ناوەڕۆکی رێککەوتننامەی نێوان هەر دوو لا سەبارەت بە دابەشکردنی بودجەی عێراق و ناردنی ١٧٪ی پشکی هەرێم لەو بودجەیە.

ئاستی هەناردەی نەوت لە هەرێمەوە بۆ زیاتر لە ٥٥٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەرزبۆتەوە و لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠١٦ دەگاتە نزیکەی یەك ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بەپێی پلانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەپاڵ دابینکردنی پێکهاتەکانی نەوت، هەتا بە کەمترین ئاست و دابینکردنی وزەی کارەبا و خزمەتگوزارییەکانی دیکە وێڕای پاشەکشەی ئەو خزمەتگوزارییانە و پرۆژەکانی پەرەپێدان لە هەرێمدا لە ئاکامی رەوشی نائاسایی هەرێم لەوەتەی نزیکەی ساڵێکە (شەڕی داعش، بڕینی بودجەی هەرێم، قەبارەی ئاوارەکان کە روویان لە هەرێم کردووە).

بە دابینکردنی ٨٠٠-٨٥٠ ملیۆن دۆلار لە مانگێکدا لە فرۆشتنی نەوت لە هەرێمەوە، مووچەی مانگانەی فەرمانبەرانی هەرێم دابین دەکرێت کە پێویستی بە نزیکەی ٧٢٠ ملیۆن دۆلار دەبێت لە ساڵێکدا، هەروەها قەبارەی داهاتی نەوت لە کۆتایی ٢٠١٥ و سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ زیاددەکات و دەگاتە ١,٧ملیار دۆلار لە مانگێکدا ئەگەر مانگانە بە تێکڕای ٥٠ دۆلار بفرۆشرێت و ئاستیی بەرهەمیش لە رۆژێکدا بگاتە یەك ملیۆن بەرمیل.

### ● دەرفەتی حکومەتی هەرێم لە دەرفەتی حکومەی بەغدا لەبارترە

بەراوردکردنی رەوشی دارایی نێوان هەولێر و بەغدا و بەرەوڕووبوونەوەی قەیرانەکان و چارەسەرکردنیان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە رەوشی هەرێم لە رەوشی بەغدا باشتر و لەبارترە، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك لەوانە (سەقامگیریی ئاسایش، بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت و بەرزبوونەوەی داهاتی نەوت لە هەرێم بەپێی پێویست،کە ئومێدی زیاترهەیە بە بەرزبوونەوەی لە ساڵی ٢٠١٦دا)، ئەمە ئاماژەیەکی دڵخۆشکەرە بۆ هەرێم کە دەتوانێت رووبەڕووی زۆربەی تەحەددی و کێشەکان ببێتەوە، بەتایبەتیش ئەگەر هێزە کوردستانییەکان بتوانن چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکانی ئێستا بکەن (بە دیالۆگ و پەنابردن بۆ یاسا و دەنگی هاووڵاتیان) کە ئەمەش هاندەرە بۆ رێکخستنەوەو بەتینکردنی نێوماڵی کوردستانی و بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەو پیلانانەی کە هەرەشە لە کاروانی خەباتی گەلەکەمان دەکەن، ئەو گەلەی کە بۆ ئایندەو ئامانجە رەواکانی خۆی خەبات دەکات.

* راوێژکاری وزە لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان

**قەبارەی کورتهێنان لە فرۆشتنی نەوت بۆ ساڵی ٢٠١٥ بە نزیکەی ١٢ ملیار دۆلار لە کۆتایی ئەم ساڵدا مەزەندە دەکرێت، ئەگەر فرۆشی نەوت بەم بڕە و بەم نرخە بەردەوام بێت**

**حکومەتی هەرێم ناچار بوو (بڕیاری فرۆشتنی راستەوخۆی نەوتی هەرێم) رابگەیەنێت بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بەغدا تا ئەو کاتەی کە حکومەتی فیدراڵ پابەند دەبێت بە ناوەڕۆکی رێککەوتننامەی نێوان هەر دوو لا سەبارەت بە دابەشکردنی بودجەی عێراق و ناردنی ١٧٪ی پشکی هەرێم لەو بودجەیە**



مەلاعومەر سوێری پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی سەواف لە هەولێر بۆ گوڵان:

# ئەو ئاژاوەیەی پەرلەمان دروستی دەکات فیتنەیە و خەڵک لە ئامانجی نیشتمانی و نەتەوەیی سارد دەکاتەوە

**سەرەڕای شەڕی داسەپاوی داعش و بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە لایەن حکومەتی عێراق و گەیشتنی دوو ملیۆن ئاوارە و پەناهەندە بۆ شارەکانی هەرێم، چەند حزبێك لە ناو پەرلەمانی کوردستانەوە بە ئەنقەست ئاڵۆزی و قەیرانی سیاسییان خوڵقاندووە، بە شێوەیەك کە پەرلەمانیان کردۆتە مینبەرێك بۆ گەیاندنی پەیامی حزبایەتی و سەرچاوەیەك بۆ کێشە و ئاژاوەخوڵقێنی لە ناو کۆمەڵگە بەگشتی، بەمەش زیانێکی گەورەیان گەیاندووە بە یەکڕیزی و ئەگەری هاتنەئارای لێکترازانی نێوخۆییان هێناوەتە پێشەوە و هەڕەشەیان خستۆتە سەر ئارامی و سەقامگیریی کوردستان. لە تاوتوێیکردنی ئەو پرسەدا مەلا عومەر سوێری پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی سەواف لە هەولێر کە شارەزا و پسپۆڕە لە زانستی ئایینی ئیسلامی و خاوەنی کۆمەڵێك کتێبە، وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان دەداتەوە.**

**بۆ دەربازبوون لەم کێشەیە دەبێت سەرۆکایەتی هەرێم بە حیکمەت و دڵسۆزییەوە هەوڵی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە بدات. بەتایبەتی کە زۆربەی ئەندامانی حزبە نوێیەکانی کوردستان شارەزاییان لە سیاسەتدا نییە. ڕاستە قسەزانن و خاوەنی بڕوانامەی بەرزیان تێدایە، بەڵام لە حیکمەتی سیاسەت ناگەن و دووربین نین و بەداخەوە ئەزموونیان زۆر کەمە**

**لە عێراق سوننە یا شیعە حوکم بکات، ئەگەر لە دەستیان بێت، تۆزقاڵێک مافی نەتەوەی کورد نادەن، لەناو عێراقدا جگە لەوەی بە ناچاری نەبێت، دان بە هەرێمی کوردستان نەنراوە**

**کورد هەر دەستکەوتێکی بەدەست هێنابێت هەر لە ئازادی کوردستانەوە، تاکو دەرکەوتن و ناسینی هەرێمی کوردستان بە وڵاتانی دنیا، بە هۆی ئەوە بووە کە هەرێمێکی پڕ لە لێبووردەیی و سەقامگیر بووە، هەر ئەو پێکەوەژیان و ئاشتەواییە وایکردووە بە دەیان کونسوڵخانە و کۆمپانیای بیانی روو لەم هەرێمە بکەن**

*** پێشمەرگەکانی کوردستان شەڕ لە دژی تیرۆریستانی داعش دەکەن، کوردستانیش بە سەختترین دۆخی دارایی و ئابووری دژواردا تێدەپەڕێت، کەچی بەشێك لە پەرلەمانتاران و سەرۆکی پەرلەمان بوونەتە سەرچاوەی گرفت و ئاژاوەخوڵقێنی، ئایا وەك مامۆستایەکی ئایینی و شارەزا لە ئایینی ئیسلامەتیدا، چۆن لەم بارودۆخە ورووژێنراوە دەڕوانن؟**

ـ ڕای منیش هەر وەك ڕای سەرجەم خەڵکی کوردستانە. زۆربەمان لەو قەناعەتەداین بە هیچ شێوەیەك لە دۆخێکی وا دژواردا، ئێستا ڕۆژی ئەوە نەبوو نێوانی حزبەکانی کوردستان تێکبدرێت، چونکە کوردستان دەوڵەت نییە تا تێکدانی یەکڕیزیی ناوماڵەکەی کارەساتی گەورەی لێنەکەوێتەوە، زۆرم پێ سەیرە لە هەرێمێکدا باس لە یاسا دەکرێت کە ئەو هەموو دوژمنە یاساشکێنە ئەڵقاوئەڵق دەوریان داوە. یاسا بەردەباز و ئامرازێکە بۆ خزمەتی گەل و وڵات، موقەددەس نییە، کەچی ئێستا خەریکە یاسا دەکرێتە ئامانجێکی موقەددەس و بەرژەوەندی باڵای گەل و وڵات دەکرێتە ئامرازێکی لاوەکی، لێرەوە هەڵە گەورەکە دەستپێدەکات، ئەوانەی لە نانەوەی ئەم گێژاوەدا بەشدارن، کە دێنە سەر باسکردنی یاسا، پێیانوایە یاسا پیرۆزترە لە چارەنووسی گەل و وڵاتیش، لە هەموو وڵاتانی دنیادا یاسا کراوەتە پرد بۆ خزمەتی گەل و وڵات، کەچی لە هەرێمی کوردستان هەندێك نەزانانە، یاسایان بە حزبایەتییەوە گرێداوە و کردوویانەتە بتێك بۆ پەرستن، جێگەی داخیشە کە هەر لایەنێکی سیاسی و حزبێك کۆمەڵێك مامۆستای ئایینییان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە، تا ئەوانیش وەك ئەندام پەرلەمانەکان بێلایەنیی خۆیان لەدەست بدەن، لە کاتێکدا پێویستە ئەندامی پەرلەمان ترۆپکی بێلایەنیی زانستی و ڕۆشنبیرانەی وڵات بن، ئەو شەڕە قارەمانانەی پێشمەرگە لە دژی تیرۆردا دەیکەن، بە پێی هەرچی دەقە لە قورئانی پیرۆزدا، هەرچی فەرموودەی پیرۆزی پێغەمبەرە (د.خ)، هەمووی لایەنگیریی کورد وەك گەلێکی موسڵمان دەکەن کە بەرگریکارە لە خاك و گەل و نامووسی خۆی کە بە درێژایی مێژوو لە سەر خاکی خۆی ستەمی زۆری دەرهەق کراوە، لە بەرانبەردا کەسانێکی ناو داعش هەن، بە تەحریفکردنی ئایینەوە خەریکن و بە ناوی جیهادەوە پەلامارمان دەدەن، پێشمەرگەش بۆ پاراستنی گەل و خاك و نامووس دەجەنگێت ئەمەش جیهادە.

*** سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە شایەتحاڵی دۆست و دوژمن، توانیویەتی زۆر سەرکەوتووانە سەرپەرشتی هێزەکانی پێشمەرگە بکات و ڕووبەڕووی دڕندەترین دەوڵەتی تیرۆریستی بێتەوە، وەك پیاوانی ئایینی و مامۆستایان چۆن لە ڕۆڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڕوانن؟**

ـ بەرگریکردن لە وڵات و شەرەف و نامووسی خەڵك، ئەرکێکی پیرۆزی سەرکردەی هەر وڵاتێکە، ئەمەی پێشمەرگە بە سەرپەرشتی سەرۆکی هەرێم دەیکات، دەچێتە خانەی جیهادەوە، کار و کردەوەکانی داعش، بریتییە لە داگیرکاری و زوڵمکردن، ئێمە وەك کورد لەسەر خاکی کوردستانین، خاکێك کە ساڵەهایە لە لایەن دوژمنە سەرسەختەکانەوە بەسەرماندا کاول و وێران دەکرێت، ئەو گوندانەی کوردستان کە لە مێژوودا چەندین جار کاول کراون، ئەگەر تەنیا ١٠ ماڵیشی تێدا بووبن، مزگەوت و مامۆستای ئایینییان تێدا بووە، کەچی ئەو گوندانەی ژێردەستی داعش لەناو ٥٠ گونددا خاوەنی تاقە یەك زانا و مامۆستا و مەلای مزگەوت نین، لەناو کوردا هەر لە دێرین زەمانەوە سەدان زانای مەزنی ئایینی هەڵکەوتووە، ئەم ڕۆڵە مەزنەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکان کە خەڵك و خاکی کوردستان دەپارێزن، بە کۆ ڕای هەموو زانایەکی ئایینی پێی دەوترێت جیهاد.

*** لە حاڵ و دۆخێکی دژواردا تا چەند ڕەوایە و کەی کاتی ئەوەیە ململانێی حزبی بخرێتە ناو پەرلەمانی کوردستانەوە، ئەمە چ کاریگەرییەك لەسەر بەرەکانی**

**بوونی مسعود بارزانی لەم قۆناغەدا وەکو سەرۆکی وڵاتێک وایە کە ئەرکێکی قورسی دەکەوێتە سەرشان لە پاراستنی وڵات و سەروماڵی هاووڵاتیان، تەنانەت ئەرکی سەرشانێتی باروگوزەرانی خەڵکی بەرەو پێشەوە ببات و لە کاریگەرییەکانی چەوسانەوەی رابردوو رزگاریان بکات**

**مەسەلەی گۆڕانی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم و دانانی یاسای نوێ لەم قۆناغە هەستیار و پڕ لە کێشمەکێش و ناسەقامگیرییەی عێراق و ناوچەکە بەهیچ شێوەیەک گونجاو نییە، تەنانەت زنجیرە دەستکەوتەکانی نەتەوەکەمان هەر لەساڵی ١٩٩١ی راپەڕینەکەوە تاکو ئەمڕۆ هەڵدەتەکێنێت**

**هەموو فیتنە و دووبەرەکی نانەوەیەک لە ئاینی ئیسلامیدا دەرچوونە لە دین، دەقەکانی قورئانی پیرۆز پێمان دەڵێن ئەگەر دوو جەمسەر بوو بەشەڕیان، ئەو لایەنەی ڕاناوەستێت و نایەتە سەر خەت و بەقسەی کەس ناکات و عەقڵ ناکاتە دادوەر، پێویستە لەسەر هەموو خەڵکی لە دژی ئەو لایەنە بوەستنەوە**

**جەنگ چیدەهێڵێت؟**

ـ دەرئەنجام بـــۆ هەموو لایەك ڕوون دەبێتەوە كە ئەوانە كێن ئاســـتی نیشتمانپەروەری و نەتەوەییان نزمە، هەڵبەت ئەوانـــەی لەم دۆخە هەســـتەوەرەدا خەریكـــی ململانێ و دووبەرەكێ نانـــەوەن، كە ڕۆژانـــە ڕۆڵەكانی كورد لە بەرەكانی جەنگ شـــەهید دەكرێن و بارودۆخی ناوچەكە دژوارتر و نائارامتر دەبێت، ئامانجی هەموو كەســـێكیش لە كوردستان گەیشتنە بە سەربەخۆیی، كەچی كەسانێك فیتنەهەڵگیرســـێنن، خەڵكی لە بەدەستهێنانی ئامانجی نەتەوەیی و نیشـــتمانی ســـارد دەكەنەوە، ئەوە نەك تەنیا فیتنەیە بەڵكو خیانەتكارییشـــە، ڕۆژگار دەیســـەلمێنێ بـــۆ چ ئامانجێك ئەم فیتنەیە هەڵگیرســـێنراوە، جگە لە هۆكارە شاراوەكانی، گرێی دەروونی و ڕق و قینی كۆنی ڕابردووشی لە پاڵدایە، هەموو فیتنە و دووبەرەكی نانەوەیەك لە ئاینی ئیسلامیدا دەرچوونە لە دین، دەقەكانی قورئانی پیرۆز پێمان دەڵێن ئەگەر دوو جەمسەر بوو بەشەڕیان، ئەو لایەنەی ڕاناوەستێت و نایەتە سەر خەت و بەقسەی كەس ناكات و عەقڵ ناكاتە دادوەر، پێویســـتە لەســـەر هەموو خەڵكی لە دژی ئەو لایەنە بوەســـتنەوە (**وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِن بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَىٰ فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّىٰ تَفِيءَ إِلَىٰ أَمْرِ اللَّهِ**)، ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەرگیز لەگەڵ تەفرەقەدا نەبووە، بەپێی بنەما زانســـتییەكانی ئسووڵ و فیقهی ئیسلامی (درء المفاسد مقدم علی جلب المصالح)، واتا نەهێشتنی هەموو شـــتێك كە زیان لەســـەر گەل و وڵات دابنێت، لە پێشترەكە ئەوەیە كە باسی بەرژەوەندییەكان بكەیت، بە نموونە نەهێشـــتنی داعش و بەرەنگاربوونەوەی لەسەر موسڵمانان و بەتایبەتی لەسەر موسڵمانانی میللەتی خۆمان ئەركە و لە پێشتریشە لە قسەكردن لەسەر بەرژەوەندییەك كە هێشتا نەهاتۆتەدی. ئەمە پێویســـتە بە باشی هەموو دادوەرێك بیزانێت، چونكە دادوەرانیش ئسووڵی فیقهییان بە زانستانە خوێندووە، ئەگەر خوانەخواســـتە ئەم دۆخە ئاڵۆزتر بێت، هەموو لایەنەكان بەشـــدارن تێیـــدا، بەڵام ئەو لایەنەی بۆ خاتری پۆســـت و دەستكەوت و داهاتێك دەستپێشخەر بووە لە نانـــەوەی فیتنەكەدا، ئەوە بەرپرســـیارێتی گەورەتری دەكەوێتە سەرشان. ئەوەتا لەم ڕۆژانەدا كچێكی قوربانیانی كیمیابارانی هەڵەبجە پاش ٢٧ ساڵ لە ئاوارەیی و بزربوون دەدۆزرێتەوە و بە خێزانەكەی شاد دەكرێتەوە، ئەو كارەساتە جەرگبڕانەمان بەبیـــر دەهێنێتەوە كـــە میللەتەكەمان بە درێژایـــی مێژوو دووچاری بووەتەوە، كورد زەحمەتە چیتر بتوانێت بەرگەی كارەســـات و دۆخی ناخۆش و دژواری لەو شێوەیە بگرێ. ئێســـتا سەدان كچی كوردی ئێزیدی ڕفێندراون كە كڕین و فرۆشتنیان پێوە دەكرێت، با حزبەكان خەمـــی ئەم بابـــەت و نەهامەتییانە بخۆن، كار لەســـەر دۆزینەوەی ئەو كەســـانە بكەن، با باسی یاسایەك نەكەن كە خۆیان لە هیـــچ دۆخ و قۆناغێكدا پابەندی نەبوون و جێبەجێیان نەكردووە. دڵنیام لـــە ئایندەیەكی نزیكدا ڕوون دەبێتەوە ئەو لایەنانە كێن كە ســـەرقاڵی بەدەســـتهێنانی ئامانج و دەســـتكەوتی خۆیانن و بەرژەوەندیی گشتی و دۆخەكە و نەهامەتیی نەتەوەكەیان بەلاوە ناوە و سەرقاڵی ســـەفەقاتن، ئـــەو كات میللەت و مێژوو بـــە نەعلەتیان دەكات، هەر لایەنێك دەستبەرداری هەندێك لە مافەكانی خۆی بێت، لەهەڵبژاردنەكانی داهاتوودا سەرفراز دەبێت و لای خەڵكی دڵسۆزە.

*** لەناو كوردســـتان چەندین حزبی ئیســـلامی هەن، بەشـــێكیان لە هەوڵی ئەوەدان چارەســـەرێك بۆ كێشەكان بدۆزرێتـــەوە و بە دیالۆگی نیشـــتمانی ســـازان بكەن و نەتەوەكەمان تووشـــی كارەســـات نەكەنەوە، بەڵام حزبیش هەیە ئیسلامیشە و شەقام هان دەدات و پشێوی و نائارامی دەخاتەوە. ئایا دەكرێت پەیامی ئیســـلام بكرێتە مەرامی حزبێكی سیاســـی، یا حزبێكی ئیســـلامی پشـــتگیری لایەنێـــك بكات لە دژی لایەنێكی تر و ڕۆڵی ناوبژیوان و لێكنزیكبوونەوە و چارەسەری كێشەكان نەگێڕێت؟**

- لایەنە ئیســـلامییەكانی ناو پەرلەمانی كوردســـتان، حزبی و سیاسین، هەر هەڵوێست و كارێكیش كە ئەنجامی دەدەن، چەنـــد دەقێكی قورئانی پیرۆز یـــا فەرموودەی پێغەمبـــەری (د.خ) بـــۆ دەهێننەوە، وەكو ئـــەوەی دەڵێن ئەگـــەر فڵانە لایەن نەیەتە كۆبوونەوە، لە ڕۆژی قیامەت گوناهبار دەبێـــت. قورئانی پیرۆز و فەرموودەكان هەموو كەس دەتوانێت بیخوێنێتەوە و پشـــتی پێ ببەستێت، بەڵام مەرجی ئەوەیە پشتبەســـتنەكە شەرعی بێت و ڕاست بێت. ئەوەی حزبە ئیســـلامییەكان و حزبەكانی تریش دەیكەن و بیانەوێت ڕاســـت بێت، دەبێت لە بەرژەوەندی ئەو وڵاتە و خەڵكەكەی بێت، نەك لـــە بەرژەوەندی حزبی، ئێمە وەكو مامۆستایانی ئایینی و شارەزا لە بواری شەریعەتدا ئەگەر هەر هەڵوێســـتێك لە بەرژەوەندی ئەم وڵاتە و میللەتەكەدا بێت، پشـــتگیری دەكەین. لەگەڵ ئەمەشـــدا بە دروستی نازانیـــن، هێنانەوەی دەقی قورئانی پیرۆز و فەرموودەكان و مەزهەبی ئیسلامیی بۆ مەبەستی حزبایەتی و ئارەزووە حزبییەكان بەكاربهێندرێت. كەسێك ئەگەر ئاڵای ئیسلامی بەرزكردەوە، ئەرك و هەڵوێســـتی زیاتر و هەســـتیارترە و كەموكورتـــی زیاتر پێوەدیار دەبێـــت، هەربۆیە دەبێت زۆر لەســـەرخۆ بێت و دەمارگیر و توندڕەو نەبێت. ناكرێت لە هەموو حزبایەتی و سیاســـەتكردن و ململانێیەكدا ئایەتی قورئانی پیرۆز و فەرمـــوودەكان بەكاربهێنێت و جوانی و پیرۆزیی دەقەكانی قورئان و فەرموودەكانی پێغەمبەر(د.خ)

بۆ مەرامی شەخسـی و حزبەکەی بەکاربهێنێت، ئەمەیان گوناهێکی گەورەیە، چونکە دەقەکانی قورئانی پیرۆزی ئیسلام و فەرموودەکان تەنیا دەبێت بۆ بەرژەوەندی خەڵکی و نەتەوەکە و سەرجەم مرۆڤایەتی بەکاربهێندرێت.

*** مسـعود بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم قۆناغە زەڕوورەتێکی مێژووییە تاوەکو نەتەوەکەمان دوچاری کارەسات نەبێتەوە، چونکە بە بەردەوامی داوا لە حزبە کوردستانییەکان دەکات لە ڕێی دیالۆگەوە کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن، ئەی ئەرکی حزبە کوردستانییەکان لەم قۆناغەدا چییە؟**

- بوونی مسـعود بارزانی لەم قۆناغەدا وەکو سەرۆکی وڵاتێك وایە کە ئەرکێکی قورسـی دەکەوێتە سەرشان لە پاراستنی وڵات و سەروماڵی هاووڵاتیان، تەنانەت ئەرکی سەرشـانێتی باروگوزەرانی خەڵکی بەرەو پێشەوە ببات و لە کاریگەرییەکانی چەوسانەوەی رابردوو رزگاریان بکات و بەتونـدی رووبەڕووی دوژمنانی کوردسـتان ببێتەوەو گـەل بەهێز بکات، لە لایەن خەڵکـەوە چاوەڕوانی ئەمە لە سـەرۆك مسعود بارزانی دەکرێت. مەسەلەی گۆڕانی پۆسـتی سـەرۆکایەتی هەرێم و دانانی یاسای نوێ لەم قۆناغە هەستیار و پڕ لە کێشمەکێش و ناسەقامگیرییەی عێراق و ناوچەکە بەهیچ شێوەیەك گونجاو نییە، تەنانەت زنجیرە دەستکەوتەکانی نەتەوەکەمان هەر لەساڵی ١٩٩١ی راپەڕینەکەوە تاکو ئەمڕۆ هەڵدەتەکێنێت، پێویسـتە حزبە کوردسـتانییەکان بیر لە بەرژەوەندی خەڵك و نەتەوەکەمان بکەنەوە، لە بەرژەوەندی لاوەکی و شەخسی و حزبی دوور بکەونەوەو گرنگی بە گرنگتر بدەن. کورد هەر دەستکەوتێکی بەدەست هێنابێت هەر لە ئازادی کوردستانەوە، تاکو دەرکەوتن و ناسـینی هەرێمی کوردستان بە وڵاتانی دنیا، بە هۆی ئەوە بووە کە هەرێمێکی پڕ لە لێبووردەیی و سـەقامگیر بووە، هەر ئەو پێکەوەژیان و ئاشتەواییە وایکردووە بە دەیان کونسـوڵخانە و کۆمپانیای بیانی روو لەم هەرێمە بکەن، تەنانـەت بووەتە مەنزڵگەیەك بۆ لێقەومـاوان و ئاوارە و پەناهەندەکان، نەك تەنیا عێراق، وڵاتانی دەوروبەریشـمان هەمووی بەرژەوەندی گەورە و هاوبەشـی هەموو حزب و لایەن و ئایین و ئایینزاکانی کوردسـتانە، دەبێت هاوکاری سەرۆکی کوردسـتان بین بۆ ئەوەی بیپارێزین، چونکە تا ئێسـتا داهاتوومان دیار نییە و سـەدان دوژمنمان هەیە، ئەوەتا لە عێراق سـوننە یا شـیعە حوکـم بکات، ئەگەر لە دەسـتیان بێت، تۆزقاڵێك مافی نەتەوەی کورد نادەن، لەناو عێراقـدا جگە لەوەی بە ناچـاری نەبێت، دان بە هەرێمی کوردستان نەنراوە. ئەم ژاوەژاوە و کێشەیەی ئێستا لە پەرلەمان دروسـتکراوە بۆ سـومعە و ناوبانگی کورد لـە هەموو دنیا خراپە، وڵاتانی بیانی دەزانن کوردسـتان لە بارودۆخێکی هەستیاردایە، کەچی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردسـتانیان بە ئاقارێکی خراپدا بردووە، هیچ نەبێـت، با بخرایەتە دوای کۆتاییهاتنی شـەڕی داعش، ئەمڕۆش بۆ دەربازبوون لەم کێشـەیە دەبێت سەرۆکایەتی هەرێم بە حیکمەت و دڵسـۆزییەوە هەوڵی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە بدات. بەتایبەتی کە زۆربەی ئەندامانی حزبە نوێیەکانی کوردستان شارەزاییان لە سیاسەتدا نییە. راستە قسـەزانن و خاوەنی بڕوانامەی بەرزیان تێدایە، بەڵام لە حیکمەتی سیاسـەت ناگەن و دووربیـن نین و بەداخەوە ئەزموونیان زۆر کەمە.

*** وەکو مامۆستایەکی ئاینی و شارەزایەك لەشەریعەتی ئیسلامی چۆن دەڕوانیتە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی کوردستان؟**

ـ حـەز دەکەم بـێ لایەنگیری هیچ حـزب و لایەنێك وەڵامی ئەم پرسـیارەتان بدەمەوە، سـەرەتا پێویستە پێوەر بۆ ئەو کەسەی خۆی هەڵدەبژێرێت بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردسـتان، رابردوو باش و بەهێز بێـت، چونکە لەهیچ وڵاتێکی دنیا یاسـا بە کەسایەتی لاواز جێبەجێ ناکرێت، هەروەها سـەبارەت بە چۆنیەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سـەرۆکیش لەم قۆناغە هەسـتیارەدا، ئەگەر بمانەوێت سـەرۆکی کوردسـتان بە بێ جیاوازی سەرۆکی هەموو تاکێکی ئـەم نەتەوەیەمـان بێت، دەبێـت لەناو خەڵکی هەڵببژێردرێت، دەڵێن پەرلەمانتاران خەڵکی هەڵیانبژاردوون، بەڵام راسـتیەکەی حزب هەڵیبژاردون و پەرلەمان دەنگی جەمـاوەر نییە لە کوردسـتان، ئەگـەر وا نییە با ئەندام پەرلەمانێکی ئەو لایەنە سیاسـی و حزبانە بە پێچەوانەی رای حزبەکەی دەنگ بدات، پەرلەمان بە تەواوەتی کەوتۆتە ژێر هەژموون و کاریگەری حزبایەتییەوە نەك جەماوەر لە لایەکی ترەوە دەنگی جەماوەر لەگۆڕانکاری بەردەوامدایە ئەمڕۆ ٧٠٪ی خەڵك بەهۆی ئەو پشێویی و نائارامییەی دروستیان کردووە لەسەر سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان راوبۆچوونیان گـۆڕاوە، تەنانەت زۆر لە پەرلەمانتاران لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی گەورەیان دەدا ئێستا وا دەرنەچـوو. ئەگەر لەپێناو بەرژەوەندی چەند لایەنێك و فراکسیۆنێك دەبنە یەك، لە دژی لایەنەکانی تر هاوسەنگی پەرلەمـان تێك دەدەن، دەنگی جەماوەر وا نییە، دەبێت ئەو راسـتیەش بزانین کە زیاتر لـە ٣٠٪ی جەماوەر دەنگی نـەداوە، هەیە دەنگی بە حزبێـك داوە یا تەمەنی بچووك بووەو بۆی نەبووە بەشداری پرۆسەکە بکات، بەڵام ئەمجارە هەڵبژاردن بکرێت، دەبێتە هەڵبژاردنێکی چارەنووسساز بۆ هەموو حزبەکان و کەسایەتییە سیاسییەکان، روون دەبێتەوە کێ دڵسـۆزی نەتەوەو خاك و نیشتمانەو کێش ململانێ و مەبەست و مەرامی تری هەیە.

**ئێستا سەدان کچی کوردی ئێزیدی رفێندراون کە کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت، با حزبەکان خەمی ئەم بابەت و نەهامەتییانە بخۆن، کار لەسەر دۆزینەوەی ئەو کەسانە بکەن، با باسی یاسایەک نەکەن کە خۆیان لە هیچ دۆخ و قۆناغێکدا پابەندی نەبوون و جێبەجێیان نەکردووە**

**ئەگەر خوانەخواستە ئەم دۆخە ئاڵۆزتر بێت، هەموو لایەنەکان بەشدارن تێیدا، بەڵام ئەو لایەنەی بۆ خاتری پۆست و دەستکەوت و داهاتێک دەستپێشخەر بووە لە نانەوەی فیتنەکەدا، ئەوە بەرپرسیارێتی گەورەتری دەکەوێتە سەرشان**

**ئێمە وەکو مامۆستایانی ئایینی و شارەزا لە بواری شەریعەتدا ئەگەر هەر هەڵوێستێک لە بەرژەوەندی ئەم وڵاتە و میللەتەکەدا بێت، پشتگیری دەکەین. لەگەڵ ئەمەشدا بە دروستی نازانین، هێنانەوەی دەقی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکان و مەزهەبی ئیسلامیی بۆ مەبەستی حزبایەتی و ئارەزووە حزبییەکان بەکاربهێندرێت**